دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٢٥، دووشەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، ٢١ی مەیی ٢٠١٨

www.kurdistanmedia.com

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕوو لە مانگرتووانی شاری بانە پەیامێکی بڵاو کردەوە ٢

ڕێژیم لە کوردستاندا لە ئاوی لێڵ ماسی دەگرێت ٣

دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات هۆشدارییەکی بڵاو کردەوە ٣


بەرجام لە «کۆما» دایە، بەرەو مردن دەچێ؟ ٤


بەڵگەیەکی نوێ لە سەر تێرۆری دوکتور قاسملوو ئاشکرا کرا ٥


دەسبەسەرداگرتنی کۆمەڵگای کوردستان.. ٦


هەڵاواردن و کۆلۆنیالیزم لە ئێراندا ٩

# ناوچەی پێ چۆڵ دەکەن



سەرەڕای تەرخان کردنی تێچوویەکی زۆر و زەوەندیماڵی و ئینسانی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ پەلهاویشتنی بەردەوام لە ناوچە و هەوڵدان بۆ تێکدانی سەقامگیری و تەناهی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین کە ڕەنگە مەزندە کردنی زۆر ئەستەم بێت، تا دێت ئەم ڕێژیمە زیاتر تامی تاڵی شکست دەچێژێ.

لە ساڵانی ڕابردوودا و بەتایبەت پاش ڕووخانی ڕێژیمی سەدام حسەین لە عێراق، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەر کاتێک دەستی ئاوەڵا بوو بۆئەوەیکە دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەدا بکات، بەڵام لە ڕۆژانی ڕابردوودا و بەتایبەت پاش کشانەوەی تاکلایەنەی ئامریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام، هەست بەوە دەکرێت کە بەرەبەرە دەستی تاران لە وڵاتانی ناوچە کورت دەکریت و ئەمەش بەڕای کارناسان بەشێکە لە پلانی زلهێزان و لەسەرووی هەمووان ئامریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناڤین.

ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، "جان ڕیچاردسۆن" فەرماندەی مەیدانیی هێزی دەریایی ئامریکا، لە پرێسکۆنفرانسێکدا ڕایگەیاند: "ئێمە خەریکین پێ دەنێینە قۆناغێکی نوێی مێژوویی، کە دەبێ هەر ساتێک چاوەڕوانی خولقانی ئەگەر و ڕووداوێکمان هەبێت، کە بەرانبەر ئەو ڕووداوە تازانە، هێزە جیهانییەکان چۆن مامەڵە دەکەن، بەڵام ئێمە پێویستە تا هۆشیاری خۆمان زیاتر بکەین و بەتەواوەتی خۆمان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە بکەین".

ڕیچاردسۆن لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کردووە، کە ئەگەرچی پاش کشانەوەی ئامریکا لە بەرجام تا ئێستا هیچ جۆرە هەڵسوکەوتێکی نامۆ و دنەدەرانەیان لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە لە ئاوەکانی کەنداو نەبینیوە، بەڵام بە شێوەیەکی ورد لە نزیکەوە چاوەدێرییان بەسەردا دەکەن.

شکستی ئاماژە بۆکراوی تاران ئەو کاتە زیاتر دەرکەوت کە هاوپەیمانیەتی "السائرون"، بە ڕێبەریی "موقتەدا سەدر" کە حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و بەشێک لە هێزە سێکۆلارەکانیش تێیدا بەشدارن، دوای ئەوەی کە لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا سەرکەوتنیان بە دەست هێنا دروشمی " ئێران بڕۆ دەرەوە"یان بەرز کردەوە؛ موقتەدا سەدر، کە خۆی یەکێک لە ڕێبەرانی بەهێزی شیعەیە لە عێراق، دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانە و هەتا ئێستا چەندین جار هێرشی کردووەتە سەر ڕێبەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و هۆشداری پێ داون.

لەلایەکی دیکەشەوە یەک ڕۆژ دوای ئەوەی کە "ڤێلادیمێر پوتین" سەرکۆماری ڕووسیە داوای کرد هێزە بیانییەکان سووریە بەجێ بهێڵن، نوێنەری ناوبراویش داوای کردووە کە هێزە بیانییەکان لە سووریە بکشێنەوە؛ "ئەلکساندێر لاوڕۆنتیڤ"، کە نوێنەری تایبەتیی پوتین بۆ کاروباری سووریەیە جەختی کردووەتە کە ئەو بڕیارە هێزەکانی ڕێژیمی ئێران و حیزبوڵڵاش لە خۆ دەگرێت.

ئەم لێدوانەش دوای ئەوە دێتە ئاراوە کە کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی بەردەوام بوون لە دەستێوەردانەکانی لە ناوچە گەلێک ئیمتیاز و پووانی سیاسی و ئابووریی بە ڕووسیە دابوو.

ئەگەرچی دەیان میلیارد دۆلار لە پارە و سامانی ئێران لە ڕێگەی گرووپگەلی وەک حیزبوڵڵاوە سەرفی بشێوی‌نانەوە لە ناوچە کراوە، دەوڵەتی ئیسرائیل لە چوارچێوەی پاراستنی سنوورەکانی خۆی و کورتکردنەوەی دەستی تاران و لقوپۆپەکانی لە چەندین ئۆپەراسیۆنی کوشندەدا هێزە میلیشیاکانی سەر بە ڕێژیمی تێرۆریستی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنانی لە سووریە تۆپباران کردووە و بەم چەشنە تەنیا سامانی خەڵکی ئێران بەفیڕۆ دراوە.

ئەم هەواڵانە لە کاتێکدا بڵاو دەبنەوە کە دەوڵەتی ئامریکا زۆر شێلگیرانە بۆ بەچۆکداهێنانی تاران لە هەوڵدایە و لەم ڕاستایەشدا وەزیری نوێی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، مایک پۆمپیێۆ ڕایگەیاندووە کە بەرەنگاربوونەوە و پووچەڵکردنەوەی هەر جۆرە هەڕەشە و مەترسییەک، کە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بەرەوڕووی کۆمەڵگای جیهانی دەبێتەوە سەرەکیترین ئەرکی پێئەسپێردراوییەتی.

بۆ ئەو مەبەستەش ناوبراو سەردانی بروکسێل، عەرەبستانی سعوودی و ئیسرائیلی کردووە و لەگەڵ سەران و بەرپرسانی ئەو وڵاتانە، لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشە و ئاژاوەگێڕییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تێروتەسەلی باسی کردووە.

پۆمپیێۆ لە سەردانی بۆ عەرەبستان ڕایگەیاندبوو: "ئەمنییەت و تەناهی عەرەبستان بۆ ئێمە زۆر گرینگە و بە هەموو شێوەیەک هاوکاری دەکەین، لە ڕاستای بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی ئێران کە هۆکاری سەرەکیی هەموو کێشە و ناکۆکییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە و هەروەها هاوکاری و پاڵپشتی تێرۆریستان دەکات".

وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا لە ئیسرائیل وتبووی: "ئێمە بە تەواوەتی نیگەرانی زۆربوونی ئەو هەڕەشانەین، کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەکرێنە سەر وڵاتی ئیسرائیل، ڕێژیمی ئێران دەیەوێت باڵ بەسەر هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بکێشێت".

هاوکات بەپێی ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکان، "هیدر نائۆرت"، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا باسی لەوە کردووە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە جیددی هەوڵ دەدات کە هاوپەیمانەتییەک بۆ بەرەنگاربوونەوە دژی هەڕەشەکانی ڕێژیمی ئێران پێک بێنێت؛ ئەو بەرپرسەی ئامریکا باسی لەوەش کردووە، ئامریکا نە تەنیا لە بواری ناوکیەوە چاودێری بە سەر چالاکییەکانی ڕێژیمی ئێراندا دەکات بەڵکوو چالاکییە تێکدەرانەکانی ئەو ڕێژیمەش وەک مەترسییەک بۆ سەر جیهان ئەژمار دەکات.

کۆی ئەم باس و بابەتانە ترس و دڵەڕاوکێی خستۆتە نێو سەرانی ڕێژیم بەچەشنێک کە عەلی‌ئەکبەر ناتق نووری، ئەندامی شۆرای دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم، لە کۆبونەوە لەگەڵ بەرپرسان و هەواڵنێرانی هەواڵدەریی ئیرنادا باسی لەوە کردووە، کە لە ئەمڕۆ بەدواوە سەرەکیترین کێشە و قەیرانی بەردەم ڕێژیمی ئێران، پرسی ڕووخانە نەک بەرجام.

ناوبراو هەروەها وتوویەتی: "دەوڵەتی ئامریکا بە ئاشکرا باسی لەوە کردووە، کە کار بۆ گۆڕینی ڕێژیمی ئێران دەکات، لە لایەکیتریشەوە دوو وڵاتی ئیسرائیل و عەرەبستانیش بەردەوام لە هەوڵدان هەتا ئامریکا ناچار بکەن کە هێرش بکاتە سەر ئێمە".

ئەم ترسەش لەو ڕووەوە زیاتر جێگەی تێڕامانە کە زۆربەی وڵاتانی و کۆمپانیا شوێندانەرەکانی جیهان لەوانەش دەوڵەتی فەڕانسە و کۆمپانیاکانی وەک تۆتاڵ و کۆمپانیای مێرسک و بانکە ئۆرووپاییەکان یان هاوکاری کردنی خۆیان لەگەڵ ئێران ڕاگرتووە یان بەرەبەرە سەرقاڵی کشانەوە لە ڕێژیمن.

## پەیڤ

### بازرگانانی خوێن و سەرەڕۆیی

کەریم پەرویزی

سیستمی دیپلۆماتیک و حقووقیی جیهانی ئەمڕۆ بە جۆرێک داڕێژراوە کە دەوڵەتان، تێیدا بکەر و کاریگەری سەرەکین و هەر دەوڵەتێک لەو سیستمەدا بە نۆرماڵ، هەڵسوکەوت بکا، دەتوانێ بەرژەوەندییەکانی حکومەت و بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی تا ئاستی مومکین دابین بکا.

هەڵسوکەوتی نۆرماڵیش بریتییە لە پێبەندبوون بە یاسا و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان کە بۆ ئاشتی و سەقامگیری پێویستن و ڕێگای بازرگانیی ئازاد دەکەنەوە و بە کراوەیی دەیهێڵنەوە. جا ئەوەیکە لەو بازرگانییە ئازادەدا ئابوورییە زۆرگەورەکان قازانجی زیاتری تێدا دەکەن، شتێکی ڕوونە بەڵام وڵاتانی دیکەش دەتوانن تا ڕادەیەک بەختەوەرییەکی نیسبی بۆ خەڵکەکەیان دابین بکەن.

بەڵام گەر هاتوو دەوڵەتێک هەڵسوکەوتی نۆرماڵ نەبوو؟ لە وەها حاڵەتێکدا چی ڕوودەدا؟ ئایا ئەو دەوڵەتە بە تێکدانی یاسا و پەیماننامە قبووڵکراوەکان دەتوانێ ببێ بە تاقە ملهۆڕی ناوچە و جیهان و دەست بەسەر هەموو شتدا بگرێ؟ بێگومان وەڵامەکەی «نا»یە و چارەنووسی سەدام حسەین و قەزافی و هیتلێر و زۆری دیکەشمان لەبەرچاوە.

ئەی وەها دەوڵەتێک چ دەکا ؟ سیستمی جیهانی چیی لەگەڵ دەکا؟

بۆ وڵامی ئەم پرسیارە بە ڕوونی سووریە و بەتایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانمان لەبەرچاوە. دەوڵەتی سووریە کە بە دەیان هەزار کەسی کوشتووە و بۆمبی شیمیاییشی دژی خەڵکی خۆی بەکار بردووە، بۆ پاراستنی تاقە یەک کەس واتە بەشار ئەسەد، چۆتە باوەشی ڕووسیە و پووتین بۆیان دیاری دەکا چی بکەن و چی نەکەن.

لە ئێراندا، گەر ڕێژیمێکی دێموکراتیک و نۆرماڵ لەسەر کار بوایە کە جێی ڕەزامەندیی هەموو نەتەوەکانی ئێران بوایە، ئەوکات بە وەها وڵاتێکەوە کە ڕەنگە لە ماوەی ٥٠ ساڵی داهاتوودا حەشیمەتەکەی لە ٢٠٠ میلیۆنیش تێپەڕێنێ و دنیایەک سامانی ژێرزەویی هەیە، دەکرێ ببێ بە وڵاتێکی زۆر کاریگەر لانیکەم لە ئاستی ئۆرووپا و ڕۆژئاوای ئاسیادا.

بەڵام ئێستە بە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی کە دژی هەموو پرەنسیپێکی جیهانی و دژی ئاشتی و دژی پێوەندیی دۆستانەیە، ڕێژیمی دەسەڵاتدار بۆ مانەوەی خۆی ناچارە هەموو سامانی وڵات بە نرخی هەرزان بە بازرگانانی ئۆرووپایی و چینی، بفرۆشێ و شتومەکی پێویستیش بە نرخی چەندین بەرابەری خۆی، لە هەمان بازرگانانی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# حیزبی دێموکرات: خەڵکی کوردستان مانگرتنی گشتی بەڕێوە ببەن

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە سەرجەم خەڵکی کوردستان کرد، مانگرتنی گشتی بەڕێوە ببەن.
دەقی ڕاگەیەندراوەکە:
خەڵکی بەهەڵوێستی کوردستان،
مانگرتنی کاسبکاران و خەڵکی بانە و جوانڕۆ دژ بە داخستنی سنوورەکان کە دواتر شارەکانی مەریوان، پیرانشار و سەقزیشی گرتەوە و هەر لەو پێوەندییەشدا نارەزایەتی لە چەند شار و شوێنی دیکەی وەک ورمێ و بازرگانیش بە دوادا هات، لە بەشێکی ئەو شارانەدا مانگرتووان وێڕای داخستنی دووکان و شوێنی کاریان سفرەی بەتاڵیان ڕاخست و شێوەیەکی نوێیان لە نارەزایەتیدەربڕین هێنایە ئاراوە.
ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ کۆتاییهێنان بەم مانگرتنە بەتایبەت لە بانە نوێنەری خامنەیی ڕەوانەی ئەو شارە خۆڕاگرە کرد، بەڵام خەڵک نەک باوەڕیان بە هێندێ بەڵێنی سەرزارەکی ناوبراو نەکرد، بەڵکوو قسەی دڵی خۆیان کرد و تووڕەیی و بێزاریی خۆیان لە سیاسەتی هەژاری و بێکاری کە دەستکردی ڕێژیم و دەزگا سەرکووتکەرەکانییەتی دەربڕی. بە دوای ئەوەدا هێزەکانی ڕێژیم گەمارۆی بانەیان دا و ئەوجار بە هەڕەشە، گرتن و دەسبەسەرکردنی ژمارەیەک لە مانگرتووان ویستی ئەو حەرەکەتە ئارام و بەرحەقە کۆتایی پێ بێنێ، کە ئەوەش مەبەستی ڕێژیمی نەپێکا و خەڵکی بانە بەسووربوون لەسەر مانگرتن، ئیرادە و بەردەوامییان لەسەر هەڵوێستی خۆیان نیشان دا.
بە کورتی نە بەڵێنی بێکردەوە و نە هەڕەشە و گوشار نەیانتوانی ئەو ئیرادە بەهێزەی خەڵکی بانەی خۆڕاگر لاواز بکەن.
هەتا ئێستا لە ڕەوتی ئەو گوشار و گرتن و بێسەروشوێنکردنەدا دەیان کەس لە شارەکانی کوردستان دەسبەسەر و ڕەوانەی زیندان کراون. ئێستا مانگرتنی خەڵکی بانەی بەهەڵوێست و خۆڕاگر لە ۳ حەوتوو تێپەڕ دەبێ و مانگرتن هەروا بەردەوامە.
لەم هەلومەرجەدا و لە درێژەی ئەو مانگرتنەدا پێویستە ڕوو لە هاونیشتمانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، کە بەرانبەر بەم ڕەفتارە دژەی ئینسانییە کە دەرحەق بە مانگرتووانی شارەکانی بانە و گیراوانی شارەکانی دیکەی کوردستان دەکرێ بێدەنگ و بێهەڵوێست نەبن. چوونکە ئەم حەرەکەتە تەنیا لە چوارچێوەی شارێک و دوو شار و تەنانەت ناوچە سنوورییەکاندا قەتیس نەبووەتەوە و بە چارەنووسی ژیانی بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بەستراوەتەوە. ڕێژیم لە جیاتی دابینکردنی کار و سەرچاوەی داهات بۆ خەڵکی کوردستان دەیەوێ ئەو دەرەتانە کەمەش کە لە ڕێگای کۆڵبەری و کاسبی سەر سنوورەوە دابین دەبوو لێیان بستێنێتەوە و لەو ڕێگایەوە ملکەچی ویست و سیاسەتەکانی خۆیان بکات.
لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی ئەو ڕەفتارە نامرۆڤانەیەی ڕێژیم، پشتیوانی لە داخوازە ڕەواکانی مانگرتووانی شاری بانە و هەموو شارەکانی کوردستان دەکا و لەو باوەڕەدایە کە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەتوانێ پاشەکشە بە ڕێژیم بکا و لە نانبڕی و برسی کردنی خەڵکی کوردستان وەک ڕەفتارێکی نامرۆڤانە بیگێڕێتەوە.
هیوادار و چاوەڕوانین شاهیدی دەنگهەڵبڕینێکی گشتی و جەماوەری بین و بەم هەڵویستە تێکڕاییە چاوەڕوانی خەڵکی خۆڕاگری بانە لە پشتگیری لە خۆیان وەدی بێنین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**۱۸ی بانەمەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی**

# شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو



لە شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریدا کۆمەڵێک پرس و بابەتی گرینگی پێوەندیدار بە کوردستان و ئێران و خودی ناوەند تاوتوێ کران.
پێشنیوەڕۆی پێنج شەممە ڕێکەوتی ۱۰ی مانگی مای(۲۰ی بانەمەڕی ۱۳۹۷) لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.
لەم کۆبوونەوەیەدا، دوای پەسندی دەستووری کار، ئاوڕ لە تێکۆشان و چالاکیی یەک مانگی ڕابردووی ناوەند درایەوە و بەرپرسی دەورەیی ناوەند، قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وێڕای ئاماژە بە هەڵوێستەکان و تێکۆشان و هەنگاوەکانی ئەم دەورەیە، ڕا و سەرنجی لایەنەکانی لە پێوەندی لەگەڵ مانگرتنی ئێعترازیی شارەکانی بانە، مەریوان، پاوە، جوانڕۆ و هتد، بە تایبەتی مانگرتنی درێژماوە و خۆڕاگرانەی خەڵکی بانە وەرگرت.
لەم بەشەدا تێکڕای بەشداران وێڕای پێداگرتنەوە لە سەر هەڵوێستی ناوەند بریتی لە پشتیوانی لە مانگرتنەکان و داخوازە ڕەواکانیان، ئەم حەرەکەتە مەدەنییەیان هەم لە ڕووی ئیرادەی مافخوازانە و پشوودرێژیی خۆڕاگرانەی خەڵک، هەم لە باری ڕەوایی داخوازەکان، هەروەها لە ڕوانگەی پشتیوانی و هاوپێوەندیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لەو مانگرتنە بەرز نرخاند؛ ناوەندی هاوکاری دووپاتیشی کردەوە کە پشتیوانی ئەم حەرەکەتەیە چ لە شکڵ و شێوەی ئێستایدا، چ لە ڕێگای کەڵکوەرگرتن لە شێوازەکانی دیکەی گوشارهێنان بۆ دامودەزگاکانی دەسەڵات بە مەبەستی قبووڵکردنی داوا ڕەواکانیان.
لە بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، لایەنەکانی ناوەندی هاوکاری بە ئامانجی پەلهاویشتنی هاوکاریی نێوان حیزبەکان بۆ دەرەوەی وڵات، میکانیزمەکانی هاوکاریی نوێنەرایەتی و کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵاتی خۆیان هێنایە بەر باس و پاش ڕاوێژی بە سوود، لە سەر میکانیزمی هاوکارییەکان و بەدواداچوونی هەوڵە هاوبەشەکان، بڕیار و ڕاسپاردەی پێویستیان پەسند کرد.
لە بەشێکی دیکەی شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریدا، قسە لە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی چەند لۆگۆیەک کرا کە وەکوو لۆگۆی ئەم ناوەندە پێشنیار کرابوون. بەشدارانی کۆبوونەوە، وێڕای دەربڕینی سپاس و پێزانینی خۆیان بۆ ئەو هونەرمەند و گرافیستانەی بە ناردنی لۆگۆ پێشنیارییەکان، یان بە بەشداری لە هەڵسەنگاندنیاندا هاوکاریی ناوەندیان کردبوو، ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی پێویستیان بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەم کارە، دایە بەرپرسی دەورەی داهاتووی ناوەندی هاوکاری. لەم بەشەدا، هەروەها کۆمەڵە خاڵێک لەبارەی کاروباری میدیایی ناوەند و بە مەبەستی بوارڕەخساندن بۆ پێوەندیی پشتیوانان و هۆگرانی ناوەند بەم ئۆرگانیزاسیۆنە، پەسند کران.
کۆبوونەوەی ئەمجارە کاتێکی گونجاویشی بۆ باس لە دوو بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە ئامانجەکان و پێڕەوی نێوخۆی ناوەند تەرخان کرد. ناوەندی هاوکاری لە کۆبوونەوەکەیدا، دوای دەوڵەمەندکردنی بەڵگەنامەی پێڕەوی نێوخۆ بە پێشنیار و سەرنج و تێبینیی ئامادەبووان، ئەم بەڵگەنامەیەی پەسند کرد. پەسند کردنی بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە ئامانجە گشتییەکانیشی بەستەوە بە دیالۆگ و بیروڕاگۆڕینەوەی زیاتر لە سەر ئامانج و پرەنسیپە هاوبەشەکان و شێوازی فۆرمولەکردنیان.
دوایین بڕگە لە دەستووری کاری شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەند، باس لە نێوەرۆکی کۆبەندی سیمیناری ئەو ناوەندە لەبارەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا بوو کە ڕۆژی ۳۰ ئاوریلی ڕابردوو بەڕێوەچوو؛ لەم بەشەشدا، دوای پۆلێنکردنی خاڵ و ئەرکە هاوبەشەکان بەپێی ئەولەوییەت کە لە سمینارێدا تەئکیدیان لە سەر کرابوو، هەر کام لە حیزبەکانی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری، بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنیان ئەرکدار کران. کۆبوونەوە لە نێو پێداگریی هەموو لایەنەکان لە سەر یەکگرتوویی و هاوخەباتی و ئامادەیی نواندنیان بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر لە جێبەجیکردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی هاوبەشدا، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

# ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ڕوو لە مانگرتووانی شاری بانە پەیامێکی بڵاو کردەوە



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، داوای لە خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش کرد، لە هاودەنگی و پشتگیریی خەڵکی خۆڕاگری بانە و شارە سنوورییەکان بەردەوام بن.
دەقی پەیامەکە:
بە یەکگرتوییتان شکۆی مانگرتنە پڕ شانازییەکەی بانە بپارێزن
کاسبکاران و بازاڕیانی بانە ماوەی زیاتر لە سێ حەوتوویە لە مانگرتنی گشتیدان. ئەوان وەک نارەزایەتی لە بەرامبەر گوشار و بەربەستەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، لە پێوەندی لەگەڵ کار و کاسبی سەر سنوور مانیان گرتووە و دووکان و بازاڕیان داخستووە.
کاربەدەستان و دەزگا حکوومەتی و دەوڵەتییەکان، جگە لەوەی ئەوپەڕی بێ‌مەسئولییەتییان بەرامبەر داوا ڕەواکانی خەڵکی ئەو شارە نیشان داوە، لە هیچ هەوڵ و تاکتیکێک بۆ کەلێن و تەفرەقە دروستکردن لە ڕیزی یەکگرتووانەی خەڵکی بانەی خۆڕاگر درێغیان نەکردووە. بەڵام خەڵکی مافویست و کۆڵنەدەری بانە، یەکگرتوویی خۆیان پاراستووە و بە بەردەوامبوون لە سەر مانگرتن و پێداگری لە سەرداواکانیان لاپەڕەیەکی پڕشنگدار و کەم وێنەیان لە خەباتی مەدەنی و جەماوەری خستووەتە سەر مێژووی خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
مانگرتنەکە لە حاڵێکدا پێی ناوەتە چوارەمین حەوتوودا، کە دەسەڵاتدارانی دژەی گەلیی کۆماری ئیسلامی هەروا لە سەر گوێ نەگرتن لە داخوازەکانی خەڵک سوورن. لە لایەکی دیکەشەوە شار و ناوچەکە بە بۆنەی بەردەوامیی مانگرتنەکە لە دۆخیکی نائاساییدان و ئەم دۆخە لەسەر ژیان و بەڕێچوونی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵک، کاریگەری بەرچاوی داناوە.
بڕیار لە بارەی چارەنووس و داهاتووی ئەو مانگرتنە، لە دەست ڕێکخەران و بەڕێوەبەرانی ئەو حەرەکەتەیە، کە نوێنەر و هەڵقوڵاوی جەماوەری نارازیی بانەن. ئێمە هەر وەک لە سەرەتاوە ڕامانگەیاندووە، داواکانی کاسبکاران و بازاڕیانی بانە و شارە سنوورییەکانی دیکە بە ڕەوا دەزانین و پشتیوانیمان لە مانگرتن و حەرەکەتی نارەزایی دەربڕینی ئەوان کردووە و دەیکەین .
لەمەودواش پشتیوانی لە هەر حەرەکەتێک دەکەین، کە پارێزەری یەکگرتوویی خەڵک و هەر لەو کاتەدا زامن و هەڵگری بەردەوامیی نارەزایی و پێداگری لەسەر داواکان بێ. گرینگ ئەوەیە ئەم مانگرتنە شکۆمەندانەیە لە ئێستەدا، پێویستی بە ئیرادەیەکی بەهێزی یەکگرتوویی خەڵکی بانە و هەروەها هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دانیشتووانی ئەو شارە هەیە. هەر بۆیە لە خەڵکی بانە داواکارین یەکگرتوویی خۆیان بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو بپارێزن و بە ڕاگرتن و نیشاندانی ئەو یەکگرتووییە درێژماوەترین مانگرتن و حەرەکەتی ئیعترازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەننە چڵەپۆپە. لە خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش داواکارین لەسەر هاودەنگی و پشتگیریی خەڵکی خۆڕاگری بانە و شارە سنوورییەکان بەردەوام بن.
دڵنیاین خەڵکی بانە و شارە سنوورییەکانی دیکە (مەریوان، پاوە، جوانڕۆ، سەقز، سەردەشت، پیرانشار، شنۆ و ... ) ئەزموون و دەسکەوتەکانی نارەزایەتی دەربڕینەکانی ئەم چەند حەوتووەی دوایی خۆیان دەپارێزن و دەیانکەن بە هەوێنی بەردەوامبوون لەسەر داخوازە ڕەواکانیان لە داهاتوودا.

**سڵاو لە یەکگرتوویی و خۆڕاگریی خەڵکی بانە**
**سەرکەوتن بۆ داواکانی جەماوەری نارازیی شارە سنوورییەکان**
**بۆ پێشەوە بۆ دووبارە کردنەوەی حەماسەی یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان.**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**۱۸ی بانەمەڕی ۱۳۹۷**
**۸ی مانگی مای ۲۰۱۸**

# سەردانی پارتی وڵاتپارێزی دێموکرات لە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەولێر



پارتی وڵاتپارێزی دێموکرات(PWD) سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە شاری هەولێریان کرد.
ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ۲۷ی بانەمەڕێ ۱۳۹۷ی هەتاوی، هەیئەتێکی پارتی وڵاتپارێزی دێموکرات بە سەرپەرەستیی "نیزامەدین تاج" (بۆتان) سەردانی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی "محەممەدساڵح قادری" بەرپرسی نوێنەرایەتی حیزبەوە پێشوازی کران.
لەو دیدارەدا دوو لایەن وێڕای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نوێی ناوچە و بەرەوپێشچوونی خەباتی کورد لە هەر کام لە بەشە داگیرکراوەکانی کوردستاندا، سیاسەتی نوێی ئامریکا دژ بە ڕێژیمی ئێرانیان بە ئەرێنی زانی و کاریگەریەکانی ئەم سیاسەتە نوێیەی ئامریکای لە سەر ڕاگرتنی هاوسەنگیی هێز لە ناوچەدا و بە تایبەت بەرتەسککردنی زێدەڕۆییەکانی ڕێژیمی ئێران لە دەستێوەردانەکانی وڵاتان و پشتیوانی لە گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچەدا، بەجێ زانی.
لەو سەردانەدا هەیئەتی میوان باسیان لەوەش کرد، لەم هەلومەرجەدا بە بەراورد لەگەڵ پێشوو، وێڕای ئەوەی کە ئاسۆی خەبات لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ڕوونترە، بەڵام زەروورەت و پێداگری لە کاری هاوبەشی لایەنە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەموو کات زیاتر پێویستە و هەروەها زەمینەی کاری هاوبەش و یەکڕیزیی هێز و لایەنەکانیش لە هەموو کات لەبارترە.

# هەڵۆکانی زاگرۆس هێرشیان کردە سەر مۆڵگەیەکی ڕێژیمی ئێران




تیمێک لە هەڵۆکانی زاگرۆس لە شاری بانە مۆڵگەیەکی تاوانبارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان وێران کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، مۆڵگەیەکی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران لە لایەن پۆلێک لە هەڵۆکانی زاگرۆسەوە بە چەکی قورسی ئار.پی.جی هێرشی کرایە سەر.

هەڵۆکانی زاگرۆس ئەو عەمەلیاتەیان لە ئاربابای سەربەرز ئەنجام داوە بەڵام تا ئێستا لە ڕێژەی تەلەفاتی گیانی و ماددی هێزەکانی ڕێژیمی ئێران هیچ ئامارێک لەبەر دەستدا نییە.

لە ڕاگەیەندراوی هەڵۆکانی زاگرۆسدا هاتووە:" پۆلی ئاربابا شەوی ڕابردوو لەگەڵ یەکەم چرکەکانی پێنجشەممە٢٠ی بانەمەڕ زراوی مۆڵگەی جاشە ئاڵقەلەگوێیەکانی سپای سەرکوتی کۆماری ئیسلامییان لە ناوچەی ئاربابای شاری بانە تەقاند . مۆڵگەی زەرواوی دوژمنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان لە زەرواوی سەرێ ماوەیەکی دوور و درێژە لە لایەن سپای پارێزەری دەوڵەتی تارانەوە لەو ناوچەیە وەک دمەڵی بۆگەنیو بە جەستەی جوان و ڕازاوەی ناوچەی بانەوە چاوی خەڵکی ناوچەکە ئازار دەدا .بەکرێگیراوانی ئەو مۆڵگەیە بوونەتە داردەستی هێزە سەکوتکەرەکانی سپا و بەردەوام بە تاڵان و بڕینی خەڵکی خەباتکار و هەژار و کاسبکاری ناوچەکە بە نرخی کاسەلێسی و بەرماوخۆری شکۆی خەڵکی ناوچەکە دەژاکێنن."

هەڵۆکانی زاگرۆس لەم ڕاگەیەندراوەدا ئاماژەی بەوە کردووە کە دواتر ئاماری زیانەکانی دوژمن لەو مۆڵگەیە ئاشکرا دەکات.

هەڵۆکانی زاگرۆس هێزی چەکداری چالاکی خۆیان بە پاڵپشتیی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان دەزانن و پشتیوانی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی کاسبکار دەکەن و ڕایانگەیاندووە: ناهێڵین تاوانی سەرکوت و تاڵان و ڕاوەڕوت لە کوردستان لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان بێ وڵام بمێنێتەوە.

# دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات هۆشدارییەکی بڵاو کردەوە

دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕوو لە خەڵکی کوردستان ئاگادارییەکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئاگادارییەکە:

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە بەردەستدان، ژمارەیەک چەتە و ڕێگر لە دەوروبەری مەهاباد و بەتایبەت "گوگ تەپە"، لەگەڵ پاسگای ڕێژیم بوونەتە هاوکار و خەریکی ڕاوڕووت و تاڵانی ماڵی خەڵکن.

ناوی سەرجەم ئەو باندە لە لای دەزگای ڕێکخستن هەیە، ئاگاداریان دەکەینەوە واز لە هەڵسوکەوت و کردەوەی دژە خەڵکیی خۆیان بێنن، لە ئەگەری بەردەوامبوونیان، لێی بەرپرسیارن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**
**٢٦ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی**

# سپاسنامەی دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران




دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی دەسبەکاربوونی ماڵپەڕی نوێی "کوردستان میدیا" سپاسنامەیەکی بڵاو کردەوە.

دەقی ئەم سپاسنامە بەم چەشنەیە:

ماڵپەڕی نوێ و سپاسێک

بینەران و خوێنەرانی ماڵپەڕی کوردستان میدیا،

هەر وەک ئەم چەند ساڵە لەگەڵمان بوون و بە ئەمەگەوە بەدواداچوونتان بۆ هەواڵ و بابەت و کارەکانی ماڵپەڕی کوردستان میدیا کردووە و لەگەڵ کارە، باش و هەروەها کەموکوڕییەکانی ئاشنا بوون، وێڕای سپاس لە بەدواداچوون و ئۆگریتان بۆ ماڵپەڕکە و بابەتەکانی، پێویستە ئەوەتان پێ ڕابگەیەنین کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا وێڕای کار و زەحمەتی بەشی ئایتی و تێکنیکی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات، کەسانێکی دڵسۆزی نیشتمان و خۆبەش کاریان لەگەڵ کردوین کە بەداخەوە پسپۆڕی بەشی تێکنیک، لاوی بلیمەت کاک ئاسۆ نادری کە چەند ساڵێک زەحمەتی دەکێشا بەداخەوە بە شێوەیەکی پڕ ژان، کۆچی دوایی کرد.

پێتان ڕادەگەیەنین کە چ پێش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و چ دوایەش لە هەوڵی گۆڕینی دیزاین و نێوەڕۆکی تێکنیکیی ماڵپەڕی کوردستان میدیادا بووین و ئەو گرفت و کۆن بوونی کارەکانی و لاوازیی دیکەی کە هەبوو لە هەوڵی چارەسەر کردنیاندا بووین.

بەخۆشیەوە دوای چەند مانگ کار و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە دەهاتنە پێش، ماڵپەری کوردستان میدیا بە نەخشە و دیزاینی نوێ و تێکنیکی پێشکەوتووترەوە لە خزمەتی خوێنەران و بینەران و ئۆگرانی بەرێزیدایە.

لەو ماوەیەدا وێڕای کاری بەشی ئایتی و تێکنیکیی حیزب چەند کەسێک وەکوو دڵسۆزیی و کاری خۆبەخشانە لەگەڵمان بوون و سەرکەوتنەکانمان هەم بۆ پێشمەرگەکانی بەشی ئایتی و تێکنیک و هەم بۆ ئەو هاوڕێ دڵسۆزانەمان دەگەڕێتەوە. وێڕای ماندوونەبوونی لە کارەکانی تێکنیک و ئایتیمان، پێویستە سپاس و ڕێزێکی تایبەت بۆ ئەو هاوڕێیانەمان کە دڵسۆزانە و خۆبەخشانە یارمەتیدەرمان بوون بکەین؛ سپاس کردن، نیشانەی وەفادارییە بۆ هەموو زەحمەتەکان، چ گەورە و چ بچووک.

ئەو کەسانەی کە لێرەدا پێویستە ناویان بهێنین بریتین لە ڕێزداران، "ش. سا" کە کاری نەخشەدانان و دیزاینی کردووە و هیواداریـن کە دۆخی نیشتمان وەهای لێ بێ کە بتوانین ڕۆژێک بە ڕاشکاوی ناوی بهێنین و سپاسی تێکۆشان و زەحمەتەکانی بکەین؛ هەروەها "کاک شەریف بێهروز" کە چ لە ساڵانی ڕابردوو و چ ئەم ماوەیەش ئەوپەڕی هاوکاریی کردووین و هەروەها " هێرۆ هاشمی" کە لەم ماوەیەدا بێ ماندووبون هاوکاریی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی ئایتی و تێکنیکی کردووە.

وێڕای سپاس لە تێکۆشانی ئەو ئازیزانە، هیواداریـن کە هەم لە ژیاندا سەرکەوتوو بن و هەم نموونەیەک بن بۆ دڵسۆزانی نیشتمانەکەمان، چوونکە بە هەزاران کەسی وەهامان هەیە و وەسەریەکخستنی وزەکانیان خەباتەکەمان وەپێش دەخا.

ئۆگرانی بەڕێزی کوردستان میدیا، دیزاین و نەخشەی نوێی کوردستان میدیا لە خزمەتتاندایە و هیواداریـن کە وەکوو ڕابردوو لەگەڵمان بن و کەموکووڕییەکانیشمان پێ ڕابگەیەنن تاکوو بتوانین بە چاک کردنی گرفت و لاوازییەکان، خزمەتێکی زیاتر بە دۆخی ڕەوای نەتەوەکەمان بکەین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی**
**٢٩ی بانەمەڕی ١٣٩٧**

# ڕێژیم لە کوردستاندا لە ئاوی لێڵ ماسی دەگرێت

لە بەرەبەری چوونی مەڕداران بۆ کوێستانەکان، ڕێژیم لە نێوان مەڕدارانی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ کێشە و بشێوی ساز دەکات.

لە بەرەبەری وەرزی هەوار و بردنی مەڕ و ماڵات بۆ کوێستانەکانی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، کۆمەڵێک کەسی هەلپەرەست کە خۆیان بە کوێخا و دەمڕاستی خەڵک دەزانن، گوشار دەخەنە سەر خەڵک و داوای پارەیان لێ دەکەن و خۆیان بە خاوەنی ئەو کوێستان و لەوەڕگانە دەزانن و دەیانەوێت ئەو شوێنە گشتییانە داگیر بکەن.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، بە ماڵپەڕی کوردستان میدیای ڕاگەیاند، هەڵسوکەوتی ئەو کەسە بەرژەوەندیخوازانە لە حاڵێکدایە، کە ئەو لەوەڕگانە موڵکی گشتیی خەڵکن و کەس بۆی نییە خۆی بە خاوەنیان بزانێت، بەڵکوو هەموو مەڕدارەکان خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو موڵک و شوێنە گشتییانەن.

ئەو سەرچاوەیە هەروەها باسی لەوە کرد، لەو نێوانەدا ڕێژیم لە جیاتی ئەوەی کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوان خەڵک چارەسەر بکات، هەوڵ دەدات کێشەکان قووڵتر بکاتەوە و تەنانەت خەڵک بە ئاستێکی تەنگەژەیی بگەیەنێت، هەتا بە پیلانە نگریسەکانی خۆی بگات و هەر دوو لایەن لە بەرانبەر یەکتردا چەکدار بکات، هەتا لە کاتی خۆیدا بە دژی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بەکاریان بێنێت.

ئەم لەوەڕگانە لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاویدا، لە لایەن حیزبەوە لە نێوان مەڕدارانی ناوچەی مەرگەوەڕ دابەش کرابوون و هیچ کێشەیەک لەو بارەوە ڕووی نەدابوو، هەتا ئەوەی کە لەم ساڵانەی دواییدا بە دەستێوەردانی ڕێژیم هێندێ کەسی نەفس نزم و بەرژەوەندیخواز لەسەر هەوارەکانی کانی شینکان و دەوروبەری، دەستیان داوەتە دووبەرەکی ساز کردن لە نێوان گوندەکانی "کانی قایر، گردوان، ژاراوێ، کانی دەستار و فلکان" سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ.

بە پێی دوایین زانیارییەکان لە لایەن ئەم کەسە بەرژەوەندیخوازانەوە کە شوناسیان بۆ حیزب ڕوونە، هەوڵ دەدرێت ئەم کێشە و دووبەرەکییانە قووڵتر بکرێتەوە.

بەم بۆنەوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، داوا لەو گوندانە دەکات، کە نەکەونە دوای هەلپەرەستان و بەرژەوەندیی تاکەکەسی و هەوڵ بدەن هەر وەک ساڵانی ڕابردوو برایانە پێکەوە لەو هەوارانە کەڵک وەربگرن و هەموو ناکۆکییەک وەلا بنێن.

هەروەها داوا لە ڕیش سپییەکان، مامۆستایانی ئایینی و ڕووناکبیران دەکات، کە چارەسەری کێشە و ئاڵۆزییەکانی نێوان خەڵک بکەن و ڕێگا مەدەن ڕێژیم بە ئاواتەکانی خۆی واتە کوشتنی ڕۆڵەکانی کورد بە دەستی یەکتر بگات، لە هەمان کات لەو کەسانەی کە تەنیا لە بیری بەرژەوەندی خۆیانن، داوا دەکەین نەبنە دارەدەستی دوژمنان و هۆکاری کوشتنی ڕۆڵەکانی کورد بە دەستی یەکتر.

لە وەها کاتێکدا حیزب ناتوانێ بێلایەن بێت و بە شێوازی خۆی هۆکار و کەسە پێوەندیدارەکان بەو کێشە و ئاڵۆزییانە بە خەڵک دەناسێنێ.

# باوکی شەهیدێکی سوورخەڵات ماڵاوایی لە ژیان کرد

باوکی شەهید "ناسر سۆفی"، شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شاری سەقز ماڵاوایی لە ژیان کرد.

حاجی "محەممەد سۆفی" باوکی شەهید "ناسر سۆفی" شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا بە هۆی پیری کۆچی دوایی کرد.

حاجی محەممەد، کەسێکی نیشتمانپەروەر و جێگای ڕێز بوو و تەرمی ناوبرا لە نێو ئاپۆرای خەڵکی سەقزدا بە خاک ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بەشەریکی خەمیان دەزانێت.

# ئەندامێکی حیزبی دێموکرات لە شاری ورمێ کۆچی دوایی کرد

کوڕی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کە خۆیشی ئەندامی حیزبی دێموکرات بوو لە شاری ورمێ ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، کاک "عومەر ڕۆحانی" کوڕی مەلا "مستەفا ڕۆحانی" پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دانیشتووی گەڕەکی "ئیسلام ئاباد"ی ورمێ، بە هۆی ڕاوەستانی دڵ کۆچی دوایی کرد.

کاک عومەر ڕۆحانی کەسێکی خۆشناو و دۆستی نزیکی حیزب بوو و ئەرک و کارەکانی حیزبی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە جێبەجێ دەکرد.

تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا بە خاک ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# باوکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢١ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، کاک "عەبدوڵڵا ئەبرەن" کوڕی "محەممەد"، خەڵکی گوندی "بێکۆس" سەر بە شاری پیرانشار، دوای ماوەیەک بەربەرەکانی لەگەڵ نەخۆشی تۆمۆری مێشک، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری تاران کۆچی دوایی کرد.

کوڕێکی کاک عەبدوڵڵا بە ناوی "کەیوان ئەبرەن"، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و لە ڕیزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ئازادی خەبات دەکات.

کاک عەبدوڵڵا کەسێکی خۆشناو، نیشتمانپەروەر و خۆشەویستی خەڵکی ناوچە بوو و تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکدا بە خاک ئەسپێردار.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# هاوسەری شەهیدێکی حیزبی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

دایە "بەیانە دینی گردیک" هاسەری شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، دایە "بەیانە دینی گردیک" هاوسەری شەهید "محەممەد باپیری" لە گوندی سینگان سەر بە شاری شنۆ کۆچی دوایی کرد.

دایە بەیانە یەکێک بوو لەو ژنە شەهیدانەی کە هەموو تەمەنی بە شانازییەوە تێپەڕ کرد و هیچ کات سەری بەرزی بۆ دوژمن دانەنواند.

ساڵی ڕابردووش یەکێک لە جگەرگۆشەکانی دایە بەیانە بە ناوی "نوورەدین باپیری" بە دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کوژرا.

تەرمی ناوبراو لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبرا دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# دایکی شەهیدێکی سوورخەڵات لە بانە کۆچی دوایی کرد

دایە حاجیە "شەمسی ئەحمەدی" دایکی شەهیدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بانە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ڕێکەوتی ٢٥ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، دایە "حاجیە شەمسی ئەحمەدی" کچی حاجی "ڕەشید بلەکێ" وخێزانی حاجی "ئەنوەربەگی ئەحمەدی" و دایکی شەهید "موزەفەر ئەحمەدی" کۆچی دوایی کرد.

شەهید "موزەفەر ئەحمەدی" خەڵکی گوندی "کەندەسوورە"ی بانە وئەندامی یەکیەتیی لاوانی حیزبی دێموکرات بوو کە ڕێکەوتی ٨ی ڕەزبەری ١٣٦١ی هەتاوی، لە لایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئیرانەوە ئێعدام کرا.

تەرمی دایە شەمسی لە نێو ئاپۆرای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپیردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لەبنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بەشەریکی خەمیان دەزانێت.

## درێژەی پەیف

ئورووپایی بکرێتەوە و شتومەکی بێبایەخ و وێرانی چینیش بکڕێ و بۆی بکا بە دۆلار!

لەم بازرگانییە خوێناوییەدا، ئورووپا سامانی هەرزانی دەست دەکەوێ و بازاڕی باشی لەدەستە کە بە ناوی گەمارۆی ئامریکا و گوێنەدان بە هەڕەشە و سزاکانی ئامریکا، شتومەکەکانی بە نرخی زۆر بە ڕێژیمی ئێران بفرۆشێ و ڕێژیمی تارانیش هەم درێژە بە دروشمە دژی ئامریکاییەکانی دەدا و هەم دەسەڵاتەکەی بە یارمەتیی بازرگانانی ئورووپایی بەردەوام دەکا.

ئەوەی لەو بەینەدا لەبەین دەچێ سامان و جوغرافیای وڵاتێک بەناوی ئێران و دەریایەک خوێنی ڕژاوی نەتەوەکانی نیشتەجێی ئەم جوغرافیایە.

ئایا بازرگانیی کۆمپانیاکانی ئورووپا، لەژێر ناوی بریقەداری گوێنەدان بە ئامریکادا و لە بنەمادا بۆ تاڵانی ئێران و دادۆشینی ئەو وڵاتە، دەتوانێ سیمای لەلای خەڵک بشارێتەوە و نەتەوەکانی ئێرانیش ناکەونە بیری زەربەدان لە بەرژەوەندیی بازرگانانی خوێن و سەرەڕۆیی؟

# بەرجام لە « کۆما» دایە، بەرەو مردن دەچێ؟



**مستەفا هیجری**

ڕێژیمی مەلاکان جارێکی دیکەش پیاڵەی ژەهر دەنۆشێ، یان "قارەمانانە نەرمی دەنوێنێ"؟

کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە سەرەتاکانی دەیەی ٨٠ی هەتاوییەوە بە مەبەستی رازیکردنی ئێران بۆ دەستهەڵگرتنی لە پیتاندنی یۆرانیۆم دەورێکی چالاکیان لە وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم دەستپێکرد. هەرچەند ئاکامی ئەم وتووێژە ڕێککەوتنێکی لێکەوتەوە، بەڵام دوایی دەرکەوت کە ئێران درۆی لەگەڵ کردوون و ئەمجارە بە نهێنی چالاکییەکانی خۆی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم درێژە داوە.

بۆیە جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامی کەوتە ژێر زەختی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ ئەوەی ناچار بکرێ پیتاندنی یۆرانیۆم لە ئاستێکی نزمی دیاریکراودا رابگرێ، بەڵام ئێران رازی بە مەرجەکانی گرووپی ١+٥ پێکهاتوو لە ئامریکا، بریتانیا، فەرانسە، روسیە، چین و ئاڵمان و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان نەبوو، بۆیە ئەو لایەنانە بە مەبەستی ملکەچ کردنی کۆماری ئیسلامی بە مەرجەکانیان، یەکگرتوویەکی کەم وێنەیان لە ئاستی جیهاندا پێکهێنا بۆ گەمارۆ خستنە سەر ئێران.

دەوری ئامریکا لەو گەمارۆیانە دەورێکی سەرەکی بوو، ئەو یەکگرتووییە رۆژ لە دوای رۆژ گەمارۆکانی چڕتر و زیاتر کرد و بەم چەشنە ئابووریی ئێرانیان خستە گیانەڵڵا و تا کۆماری ئیسلامی بەچۆکدا هات، بۆیە خامنەیی بە ناچار و بەناوی "نەرمی نواندنی قارەمانانە" ( نرمش قهرمانانه) ئیزنی ئیمزا کردنی ڕێککەوتنی لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ ( ئەمریکا، رووسیە، چین، فەڕانسە، بریتانیا و ئاڵمان) لەگەڵ ئێران دا. ئەو ڕێککەوتننامەیە لە ڕێکەوتی ٢٧ی بەفرانباری ١٣٩٤ لە وییەن لەلایەن هەر دووک لاوە ئیمزا کرا و لە ئێران بە بەرجام " کورتکراوەی بەرنامەی جامعی ئێقدامی هاوبەش (برنامه جامع اقدام مشترک) " ناسرا.

بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی رۆژئاوا و ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی ئێران کە پێیان وابوو لە ڕێککەوتنی بەرجام کە دەبێتە هۆی لاچوونی گەمارۆکان بەسەر ئێراندا و برێکی زۆر لە داراییەکانی ئەو وڵاتە کە بەهۆی گەمارۆوە لە بانکەکانی ئەمریکا و ئەورووپا دەستی بەسەردا گیرابوو ئازاد دەکرێ و لە ئاکامدا:

. لە نێوخۆی ئێران ئابووری دەبووژێتەوە، خەڵکی بێکار بە تایبەت لاوەکان کاریان دەست دەکەوێ و ژیانیان خۆشتر دەبێ، کۆماری ئیسلامی بە هۆی تێکڵاوبوونی بە ئابووری رۆژئاوا لە ڕێگەی کۆمپانیا گەورەکان کە سەرمایەکانیان لە ئێران وەگەڕ دەخەن، بەرووی خەڵکی ئێرانیشدا دەکرێتەوە و، لەو ڕێگەوە ژینگەی پڕ لە سەرکوت و زەبروزەنگی دژی ئازادی ئاڵووگۆڕی بە سەردادێ و بە شێوەی ڕێژەیی خەڵک دەتوانێ بە ئازادی هەناسەیەک هەڵکێشێ.

. لە دەرەوەی وڵات کۆماری ئیسلامی دەست لە دەستێوەردانەکان لە کاروباری وڵاتانی ناوچە هەڵدەگرێ یان کەمتر دەکاتەوە، پاڵپشتی کردن لە تیرۆریزم کەم دەکاتەوە و، لە جیاتی پەرەپێدان بە شەڕ و ئاژاوە لە ناوچە، دەبێتە هەوێنی ئاشتی و سەقامگیری.

ئەوە بوو کە تیمی وتووێژکاری بەرجام دوای ئیمزای ڕێککەوتننامەکە و گەڕانەوەیان، لە تاران لەگەڵ پێشوازی هەزاران کەس بەتایبەت لە لاوەکان رووبەروو بوونەوە و وەکوو قارەمان پێشوازییان لێکرا.

لەو کاتانەدا بوو کە ئێمە نووسیمان و لە چاوپێکەوتنەکانماندا لەگەڵ رۆژئاواییەکان بۆمان شیکردنەوە کە بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانە، لە دەرەوەی وڵات ڕێژیم لەو دەسکەوتانەی کە بەهۆی لاچوونی گەمارۆکان دەستی دەکەوێ، بۆ پەرەپێدانی سیاسەتەکانی هەمیشەیی خۆی کە باوەڕی پێیەتی وەک پاڵپشتی زیاتری گرووپ و لایەنە تیرۆریستییەکان، پلانرێژی بۆ شەڕ و ئاژاوەی تایفی زیاتر لە ناوچە و، پەرەپێدانی چەک و جبەخانەکانی بە کاردێنێ، نەک سەرفی ئاوەدانکردنەوەی وڵات و دابینکردنی کار و داهات بۆ خەڵکی بێکار بکا، بۆیە لە نێوخۆی ئێراندا بێکاری، گرانی و سەختی گوزەران و بژیوی خەڵک زیاتر دەبێ و ناڕەزایەتی خەڵکیش لەگەڵ سەرکوت، ئێعدام و زەبروزەنگی زیاتر بەرەوڕوو دەبێ و مافی مرۆڤ زیاتر پێشێل دەکا.

لەو کاتەدا هەبوون هێندێک کەس و لایەن کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری هەڵوێستەکانی ئێمەیان دەکرد و لەو باوەڕەدا بوون کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوازیاری سەختتربوونی ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێرانە، بۆیە لە لاچوونی گەمارۆکان پێشوازی ناکا. ئێستاش بە چاوخشاندنەوەیەکی سەرەتایی بەسەر گوزەرانی خەڵک لە نێوخۆی ئێران و کار و پلانە تێکدەرانە و شەڕخوازانەکانی ڕێژیم لە دەرەوە بە قیمەتی بەتاڵبوونی سفرەی خەڵک و بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایەتییان لە دۆخی ئێستا، کە بووەتە سەردێڕی خەبەرەکانی رۆژانەی دنیا، هەموو ئەو راستییانە بە ڕوونی و ئاشکرا لە بەرچاوی دنیا بەتایبەت دەیان میلیۆن لە خەڵکی ئێرانە کە رۆژانە لەگەڵی بەرەوڕوون.

ئێمە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هۆکاری سەرەکی هەموو ناتەباییەکانی وەک برسیەتی، پێشێلکردنی مافەکانی گەلانی ئێران، سەرکوتی ئازادییەکان و هەموو نەهامەتییەکانیان لە ئێران و، پەرەگرتنی شەڕ، وێرانی و ناسەقامگیری و ئاوارەیی خەڵکی ناوچە دەزانین.

ئەزموونەکانی رابردوو و ئیدئولۆژی و بیروڕا دواکەوتووەکانی ئەو ڕێژیمە پێمان دەڵێن کە چەندی داهات و خێروبێرەکانی ئێران زیاتر بێ دەچێتە گیرفانی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە گەندەڵە و، باقییەکەی بۆ پەرەپێدانی پلانە زێدەخوازانە و ئاژاوەگێرییەکانی لە دەرەوەی وڵات خەرج دەکرێ. لەو نێوانەدا خەڵکی ئێران وەک رابردوو لە بێبەشی و برسیەتیدا رادەگیرێن و ئەوەی بۆ ئەوان زیاتر دەبێ سەرکوت و بێ عەدالەتی و رۆژرەشی دەبێ.

کەوابوو گەڕانەوەی دووبارەی گەمارۆکان، گەمارۆیە لەسەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بۆیە کشانەوەی ئامریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام بە هەنگاوێکی هەڵسەنگێندراو لە راستای "مهارکردن"ی ڕێژیم لە ئاژاوەگێری، پاڵپشتی کردنی تیرۆریزم، کوشتار و ماڵوێرانی زیاتری خەڵکی ناوچە دەزانین و، هیواداریـن دنیا بە تایبەت ئەورووپا لە نیهایەتدا لەو هەنگاوەدا پاڵپشت و یارمەتیدەری ئامریکا بێ و بەم چەشنە بە یارمەتی هەموو لایەک، دەستی ئێران لە دەستێوەردانەکانی وڵاتانی ناوچە و بە قیمەتی نانبڕینی خەڵک بۆ مەبەستەکانی خۆی کورت بکرێتەوە.

سەبارەت بە بەرجامیش، ئەگەر بە بەشداری ئامریکا لە وتووێژەکان، بەرجام گەیشتە ئاکام، ئێستاش بە کشانەوەی ئامریکا ئەو ڕێککەوتنە کەوتووەتە حاڵەتی "کۆما"وە و بەرەو نەمان دەچێ. تۆ بڵێی شەریکە ئەورووپاییەکان لە کۆتاییدا بتوانن بەرجام لە "کۆما" رزگار بکەن و گیانێکی تازەی پێ ببەخشنەوە؟ یان دەبنەوە پاڵپشتی ئامریکا لە گەمارۆ خستنە سەر ئێران بەمەبەستی ئامادەبوونی بۆ وتووێژ و سازان لەسەر ئەو خاڵانەی ئامریکا داوای لێدەکا و ئەورووپاییەکانیش لەگەڵی هاوڕان؟

ئەزموونەکانی رابردوو نیشانی داوە، کۆماری ئیسلامی کاتێک ڕێژیمەکەی لەژێر زەختدا دەکەوێتە مەترسی داڕووخان، ئامادە دەبێ پیاڵەی ژەهری شکست بخواتەوە. زۆر وێدەچێ ئەم جارەش ئەو ئەزموونە دووپات ببێتەوە، ئەوەش بەستراوەتەوە بە کاریگەری زەختی گەمارۆکان.

# کاتی شیاو بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین کەیە؟

**زانیار سابڵاخی**

لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا بەشێکی بەرچاو لە توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران بە هۆی گرینگی‌نەدانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ژیان و گوزەرانیان چەندین کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دەربڕینیان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و لەبەردەم دامودەزگا پێوەندیدارەکانی ڕێژیم بەڕێوە بردووە کە هەرکام بە جۆرێک بە نەبوونی ئیزن، نایاسایی بوون و لە کاتی نەگونجاودا بەڕێوەچوون تۆمەتیان لێدراوە و سەرئەنجامیش بێ وەڵام ماونەتەوە.

کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکانی ماڵ لەدەستچووەکان و گرفتی پەسەندەکانیان لە بانکەکان، کۆبوونەوەی کرێکاران بە هۆی نەدان و دواکەوتنی مووچەکانیان و گرفتی نەبوونی بیمە و لەسەر کاردەرکران و کۆبوونەوەی مامۆستایان و فەرهەنگیان لە ژمارەیەک لە شارەکانی وەک ئیسفەهان، شیراز، تاران، کرماشان و... بە هۆی خراپی باری ژیان و کەمی مووچە و دژ بە خسووسی کردنی فێرکردن کە وەرگرتنی مانگانە لە قوتابیان دەگرێتەوە کە ئەوەش دژ بە یاسای خوێندنی خۆڕاییە، بەڕێوەچوون؛ هەروەها داخرانی بەشێک لە بازاڕی تارانیش بەشێک لەو حەرەکاتانە بوون.

ئەوە کە هیچ کام لەو کۆبوونەوانە وڵامی ئەرێنی و دڵخۆشکەریان لە لایەن ڕێژیم و دامودەزگا پێوەندیدارەکانییەوە پێ نەدراوەتەوە لە کۆماری ئیسلامیدا شتێکی باو و ڕەوتێکی ئاساییە، چوونکە ئەوەی بە جۆرێک پێوەندی بە ژیان و گوزەران و ئاسایشی خەڵکەوە هەبێ لە روانگە و باوەڕی ڕێژیمەوە بێبایەخن و جێگای خۆپێوەماندووکردن و وڵامدانەوە و پێراگەیشتنی نین نەک هەر ئەوە، بەڵکوو گرتن و زیندانی کردن و لێدان و بێحوورمەتی کردن بە خۆپیشاندەران بە ئەرکی ڕێژیم و دامودەزگا سەرکوتکەر و ئەمنیەتییەکانی دەزانێ و لەو بارەوە لە هیچ زەخت و زۆر و کەرامەت شکێنییەک دەست ناگێڕنەوە.



هەر لەو چوارچێوەیەدا تەنیا لەیەک دوو مانگی رابردوودا دەیان و بگرە سەدان کەس لە بەشدارانی کۆبوونەوە ناڕەزایەتییەکان چ لە ماڵدەستچووەکان، چ لە کرێکاران، فەرهەنگیان و چ کۆڵبەران و کاسبکارانی سەر سنوور دەسبەسەر کراون و لەگەڵ چارەنووسی نادیار بەرەوڕوو کراون؛ ئەو ڕەوتە لە ڕەفتاری دژە مرۆڤانە و ئەو توندوتیژییە زاڵمانەیەی ڕێژیم هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەرانبەر بە ناڕەزایەتی دەربڕینەکان هەر هەبووە و بەردەوام بەڕێوەچووە، بەڵام لە هەر بڕگەیەکی وەزعی ئاڵۆزی ڕێژیمدا رادەی گرتن و توندوتیژی نواندنەکە بە بیانووی جۆراجۆری ناڕەوا زیاتر و بەرینتر بوونەتەوە.

لە هەلومەرجی ئێستادا کە ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات و لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوەشانەوەی بەرجامدا خۆی لەژێر گوشاردا دەبینێ و مەترسی دووپاتبوونەوەی گەمارۆکانی پێشوو بەرەوڕووی خۆی هەست پێدەکا، لە نێوخۆی وڵاتدا سەرەڕای نواندنی هەموو جۆرە گوشار و توندوتیژییەک بەرانبەر بە خەڵکی ناڕازی ئەم ناڕەزایەتی دەربڕینانە هەروا درێژەیان هەیە و هەر جارەو لەلایەن توێژێک و لە شار و شوێنێک سەر هەڵدەدەنەوە، کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ ئەو هەلومەرجە زیاتر و بەرینتر بقۆزێتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش تۆمەتی دژ بە ئاسایشی نەتەوەیی بخاتە پاڵ هەر حەرەکەتێکی ئێعترازی و هەر کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی دەربڕین.

سەرەتای ڕەوتێکی نوێ لەو تۆمەت وەپاڵدانانە لە قسەکانی وەزیری پەروەردە و فێرکرنی ڕێژیم بە روونی دەردەکەوێ کە بە دوای کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی مامۆستایان و فەرهەنگیان رایگەیاند کە ئەم حەرەکەتانە لە هەلومەرجێکی سیاسی و تایبەتی ئێستای ڕێژیمدا نە ژیرانەیە و نە جێگەی قبووڵ.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستییە کە ڕێژیم لە دەرەوە ئاژاوەگێڕ و لە نێوخۆیشدا قەیران خوڵقێنە، پرسیار ئەوەیە ئەرێ کاتی شیاو لە روانگەی ڕێژیمەوە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین و داوای ماف و مووچەی شایستە کردن، ئەویش بە شێوەی هێمنانە، کەیە؟!

ئەوەی جێگای لێوردبوونەوە و بەرپەرچدانەوەیە ئەو پیلانەی ڕێژیم و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانیەتی کە بە ترس خستنە ناو خەڵک و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا شوێن لەسەر ناڕەزایەتی دەربڕینەکان و پێداگرییان لەسەر داواکانیان و سووربوونیان لە درێژەدان بە ناڕەزایەتی دەربڕینەکان دانەنێ و بەردەوام بن لە داوای مافەکانیان، خۆ ئەگەر بە قسەی ڕێژیم کاتی ناڕەزایەتی دەربڕین ئەوە بێ کە کۆماری ئیسلامی ئێران بێ گیروگرفت بێ، هەرگیز کاتی ئەوتۆ نایەتە ئاراوە، چوونکە نێوەڕۆکی ڕێژیم و سیاسەت و کردەوەکانی خۆی گرفتخوڵقێنن و ئاکامی ئەو سیاسەت و کردەوانەش بە زیانی خەڵک و دابین بوونی مافەکانیانە.

# بەڵگەیەکی نوێ لە سەر تیرۆری دوکتور قاسملوو ئاشکرا کرا

**پەڕوولە**

ئەگەرچی بەهۆی ساتوسەودای نێودەوڵەتییەوە، لە دادگایەکی عادڵانەدا بەدواداچوون بۆ تیرۆری بەدناوی ڤییەن نەکرا کە بەهۆیەوە ڕێبەری ناوازەی کورد، پێغەمبەری ئاشتی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، شەهید کرا، تاکوو بڕیاردەران و بکەرانی ئەم جینایەتە بخرێنە بەردەم دادگا و بە سزای کردەوەکانیان بگەن، بەڵام هەر وەک بەڵگە و شاهێدەکان دەریدەخەن، ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە لەبیرنەکراوە هیچ کەس و لایەنێک نییە جگە لە کۆماری ئیسلامی ئێران و دەستوپێوەندییەکانی.

تا ئێستا چەندین جار بەڵگەی "محکمەپسند" لە پێوەندی لەگەڵ تیرۆری ڤییەن ئاشکرا کراون بەڵام هیچ کات دەوڵەتی ئۆتریش ئامادە نەبووە لەسەر ئەم کەیسە ڕوونکردنەوەی پێویست بدات یان دادگایەک وەڕێ بخات تاکوو لە وردەکارییەکانی بکۆڵێتەوە.

لە ڕۆژانی ڕابردوودا جارێکی دیکە بەڵگەیەکی نهێنی لەپێوەندی لەگەڵ تیرۆری دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی ئاشکرا بوو کە لەلایەن چالاکی سیاسی و مامۆستای زانکۆ، "شەریف هەژاری" ڕادەستی ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" کرا تاکوو بەمشێوەیە جارێکی دیکەش ڕواڵەتی ڕاستەقینە و قێزەونی ڕێژیمی تاران بۆ هەمووان ئاشکرا بکرێت.

لێرەدا دەقی ئەو بەڵگەنامە و هەروەها ڕوونکردنەوە و شیکاریی بەڕێز شەریف هەژاری کە لە ماڵپەڕی کوردستان میدیا بڵاو کراوەتەوە دەخەینە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست.

مامۆستایەکی زانکۆ لە پارێزگای سلێمانی بەڵگەیەکی نوێی لە سەر تیرۆری دوکتور قاسملوو بڵاو کردەوە.

شەریف هەژاری، مامۆستای زانکۆ لە پارێزگای سلێمانی بۆ یەکەم جار لە ڕێگەی ماڵپەڕی "کوردستان میدیا"وە بەڵگەیەکی نوێ لەبارەی کەیسی تیرۆری دوکتور قاسملوو بڵاو دەکاتەوە.

ئەم بەڵگەیە هەڵوێستی فەرمی دەوڵەتی ئەوکاتی ئامریکا بە نیسبەت تیرۆری دوکتور قاسملوو نیشان دەدات کە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بۆ دەوڵەتی ئۆتریش نێردراوە.

وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا لەو بەڵگەنامەیەدا بە دەوڵەتی ئۆتریشی ڕاگەیاندووە: "بەڵگەی یەکلاکەرەوە و باوەڕپێکراو لە بەردەستدان کە دەیسەلمێنێ حکومەتی ئێران و، باڵوێزخانەی ئێران لە ئۆتریش، بەو تیرۆرکارییە ناپەسەندە تێوە گلاون و گومان لێکراوەکانیش هەڵگری پاسپۆرتی دیپلۆماسیی ئێرانن."

بەڵگەنامەکەی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا، لە ٢٢ی ئاگۆستی ساڵی ١٩٨٩ لە وەزارەتی دەرەوەی ئۆتریشەوە، بۆ وەزارەتی دادی ئۆتریش، نێردراوە.

شەریف هەژاری کە نوسخەیەک لەم بەڵگەنامەیە لە ئەرشیفی خۆی بۆ "کوردستان میدیا" ناردووە، دەڵێت: " ئەم بەڵگەنامەیە و چەندینی تر، لە مانگی دەی ساڵی ١٩٩٧ لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی نەمسا، تایبەت بە کەیسی (تیرۆری د.قاسملو)، لە لایەن کوردناسێکی ئەورووپاییەوە کۆپی کراون و هەڵگیراون. پاشان (من: شەریف هەژاری) داوای بەڵگەنامەکانم لێ کردووە و، بەو پێیەی کوردناسەکە لێکۆڵینەوەی لەسەر کورد کردووە و منیش چەندین بەڵگەنامەی نهێنیی بریتانیام لەسەر کورد و دەسنوسی سەرکردەکانی کورد (بەتایبەت هی ئەوانەی خۆرهەڵات) بەو کوردناسە داوە، هەر بۆیە توانیومە ئەم بەڵگەنامەیە و چەندان بەڵگەنامەی تر لە کوردناسە ئەورووپییەکە، وەرگرم."

ناوبراو لەبارەی گرینگی ئەو بەڵگەنامەیە بە هەواڵنێری کوردستان میدیای ڕاگەیاند: "ئەو بەڵگەیە دەیسەلمێنێت کە ئامریکا بە وردی ئاگاداری تیرۆرکردنی ڕێبەرێکی هێندە گەورە بووە و بە وردیش زانیویەتی چ کەسانێک بەو تیرۆرکارییە هەستاون و چ کەسانێکیش لە پشتی ئەم تێرۆرەوە بوون."

ئەو مامۆستایەی زانکۆ لەبارەی هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەی ئامریکا دەڵێ: " ١-وەک لە بەڵگەنامەکەدا دیارە و وەزارەتی دەرەوەی ئامریکاش دانی پێدا ناوە کە: (هەرچەندە د.قاسملو لەو سەردەمەدا ڕێبەری جووڵانەوەیەکی پارتیزانیی-شۆڕشگێڕانە بووە، بەڵام ئەمریکا دان بەوەدا دەنێت کە د.قاسملو ڕێبەرێکی خاوەن ڕێزی نێودەوڵەتیی و جیهانیی بووە) بۆیە لەبەر ئەو هۆکارە (لەبەر پێگەو سەنگی قاسملو لە ئاستی جیهاندا) ئامریکا ئەم هەڵوێستەی (سەر کاغەز)ی هەبووە.

٢-لەم بەڵگەنامەیەدا دەسەلمێت کە ئامریکا گرنگی بە تیرۆری نێودەوڵەتی دەدات، هەربۆیە بە تیرۆرێکی دەوڵەتیی ڕێکخراوەیی ئێرانی ئەزانێت، لە پێناو ڕێگری کردن لە تیرۆریی نێودەوڵەتیی دەوڵەتی ئێران، ئەوا ئامریکا ئەو داوایە لە دەوڵەتی نەمسا (ئۆتریش) دەکات، وەک هەنگاوێک بۆ ڕێگری کردن لە تیرۆری نێودەوڵەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران.

٣-ئامریکا لەو ڕوانگەیەشەوە کە هەم لەو کاتەدا و (تا ئێستاش) خۆی بە ڕێبەری لیبرالیزمی جیهانیی زانیوە و دەزانێت، ناچار بووە هەڵوێستێکی (سەر کاغەز) ی ئاوهای هەبێت؛ لەو کاتەشدا کێبڕکێی هەبووە لەگەل بزاوتە کۆمۆنیستییەکان، بۆیە وا ئەزانم بە هەڵوێستێکی (سەر کاغەزی ئاوهاش) ویستوویەتی خۆی لە بەرپرسیارێتی مێژوویی نەبوونی هەڵوێستی ئاشکرا و ڕوون لە کەیسی تیرۆرکردنی ڕێبەرێکی هێندە ئازادیخوازی کاریگەردا، خۆی لا بدات!

هەرچەند من (وەک شەریف هەژاری) تا ئێستاش بیر لەوە دەکەمەوە: ئاخۆ وڵامی وەزارەتی دەرەوەی نەمسا بۆ ئەم نامەیەی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا چی بووە!؟ کە تا ئێستا ئەوەش بە نادیاری ماوەتەوە.

٤-لە ڕوی سیاسیشەوە، ئەم بەڵگەنامەیە پەیامێکی ئامریکا بووە بۆ دەوڵەتی نەمسا کە: (ئامریکا ئاگاداری ئازوبازەکانی (تاوانەکانی) دەوڵەتی نەمسایە لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا)، ئەم پەیامەش دەلالەتی تر لە خۆ دەگرێت، کە ڕوونە دەکرێ دەوڵەتی نەمسا لێی تێگەشتبێ، کە نەمسا لە هەوڵدا بووە پەیوەندییەکی ئابووری بەهێز لەگەڵ ئێرانێکی دژ بە ئامریکا دابمەزرێنێت، ئامریکاش بەم نامەیە ڕاستەوخۆ ئەو پەیامە بە نەمسا دەگەیەنێت کە وەک ئامریکا ئاگاداری ئازوبازەکانتم لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا، بەمەش هەر خوێنی بیرمەند و ڕێبەری مەدرەسەی (شۆڕشگێڕی هاوچەرخ) کراوەتە قوربانی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان."

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێبەرێکی هەڵکەوتووی پڕ لە شانازیی گەلی کوردە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە قۆناخێکی مێژوویی زۆر هەستیاردا، بە بیر و ئەندێشەی گەشەخوازانەی خۆی ڕێبەری کرد.

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە کاتێکدا کە بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لەگەڵ ژمارەیەک لە نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ڤییەن وتووێژی دەکرد، لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر کاک عەبدوڵڵای قادریئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، بەدەستی بەناو نوێنەرانی ڕێژیمی ئیسلامی شەهید کرا. لەم تیرۆرە ناجوامێرانەیەدا دوکتور فازڵ ڕەسووڵ کوردی عێراقی و مامۆستای زانکۆ لە ڤییەن، بە دەستی تیرۆریستەکان شەهید کرا.


ئەرشیفی شەریف هەژاری

US-AIDE MEMOIRE

passed on to the Ministry of Justice by the head of department II.4 in the Ministry of Foreign affairs on 22 August 1989

The United States Government wishes to express its deep concern with the unresolved murder on July 13 of Abdul-Rahman Quassemlou, internationally respected leader of the Iranian Kurdish Democratic Party, and two of his colleagues, Abdullah Ghaderi-Azar and Fadel Mala Mahmoud Rasoul.

Credible evidence exists that the Iranian Government and the local Iranian Ebassy were involved in this heinous act of terrorism. Among other things, the suspects reportedly held Iranian diplomatic passports. Two of the suspects sought the refuge and protection of the local Iranian Embassy.

We urge the Government of Austria to pursue prompt, official and concrete action to identify, arrest and prosecute those responsible for the attack. We believe such actions should include steps:

(A) To indict those suspected of responsibility;

(B) To arrest and prosecute any non-official, non-accredited suspects remaining inside Austria;

(C) To initiate Interpol red notices for all suspects and to use all available avenues o international cooperation to obtain any necessary evidence located abroad;

(D) If suspects are located abroad, to initiate and effect extradition;

(E) To declare persona non grata any foreign official accredited to the Government of Austria through his local embassy woh may be shown to have played a role in the assassination or its aftermath, to refuse a replacement, and to announce the intention to prosecute any PNG'd official if he or she were to return to Austria in the future.

We share your outrage at the repeated misuse of diplomatic status for the purpose of carrying out state-sponsored terrorist attacks on Austrian soil. In May 1987 the Libyan People's Bureau was implicated in an assassination attempt against a former Libyan ambassador turned dissident, Ezzedin al Ghadamsi.

The U.S. fully supports all firm and decisive action by the Government of Austria in order to make clear that it will not condone the use of its territory as a venue to organize and carry out state-sponsored terrorist attacks, including political assassinations.

All civilized states must stand together in our refusal to capitulate to state-sponsored terrorism. To do otherwise would place the whole world at greater risk to increased attacks by state sponsors of terrorism.

(copied from the Austrian Foreign Ministry's documentation on the Ghassemlou murder; October 1997; Sissy)

SHAREEF HAZHARIY'S ARCHIVE
SHAREEF HAZHARIY'S ARCHIVE

دەقی وەرگێڕدراوی بەڵگەنامەکە:

حکوومەتی ئامریکا خوازیاری ئەوەیە کە سەبارەت بە دۆسیەی ناتەواوی تێرۆری دوکتر عەبدولڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری زانا و بلیمەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەو ڕێبەرەی کە لە دنیای دەرەوە ڕێزی زۆری لێ ئەگیرا و هەروەها هاوڕێیانی عەبدووڵلا قادری ئازەر و فازڵ مەلا مەحمود ڕەسووڵ، نیگەرانی خۆی دەربڕێت. بە پێی ئەو بەڵگە باوەڕ پێکراوانەی کە لە بەردەستدان، حکوومەتی ئەو کاتی ئێران و سەفارەتی ئێران لە ئوتریش لەو تێرۆرە دژەمرۆییەدا دەستیان هەبووە. گومانلێکراوەکان پاسپۆرتی دیپلۆماتکارانی ئێرانیان پێ بووە و دوو کەسیشیان خۆیان لە سەفارەتی ئێراندا حەشار دابوو. ئێمە داوا لە حکومەتی ئۆتریش دەکەین کە بە شێوەیەکی فەرمی و شیاو تاوانباران دەستنیشان بکات و ڕادەستی دادگایان بکات. ئێمە لە سەر ئەو بڕوایەین کە ئەم خاڵانەی خوارەوە دەبێ لە بەر چاو بگیردرێن:

١. دەسبەسەر کردنی تاوانباران

٢. دەسبەسەرکردن و دادگایی کردنی هەموو ئەو تاوانبارانەی کە بە شێوەی نافەرمی و نایاسایی لە ئوتریشدا بوونیان هەیە

٣. داوا لە ئینترپۆڵ بکا کە بە زووترین کات تاوانباران دەسنیشان بکات و بەڵگەکان سەبارت بەو کەیسە کۆبکاتەوە.

٤. ئەگەر تاوانباران لە دەرەوەن، دەسبەسەریان بکات و بە شێوەی شیاو سزایان بدات

٥. هەموو ئەو بەرپرسانەی کە لە سەفارەتی ئۆتریش بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاگاداری ئەنجامی ئەو تێرۆرە بوون، یان ڕۆڵیان لەو تێرۆرەدا گێڕاوە لە کارەکەیان دوور بخرێنەوە و حکومەتی ئۆتریش لە ئەگەری گەڕانەوەیان بۆ ئەم وڵاتە ئامادەی دادگایی کردنیان بێ

ئێمە زۆر نیگەرانین لەوەی کە دیسان خاکی ئۆتریش بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تێرۆریستی و هەروەها دیپلۆماسی بۆ تێرۆری نێودەوڵەتی بە کار ببردرێت.

حکوومەتی ئامریکا پاڵپشتی لە حکومەتی ئۆتریش دەکات بۆ ئەوەیکە ڕێگە بە بەکارهێنانی خاکی خۆی نەدات کە کاری تێرۆری حکومەتی و تێرۆری سیاسی تێدا بکرێت.

هەموو نەتەوە شارستانییەکان دەبێ شانبەشانی یەکتر دژ بە تێرۆری حکوومەتی بوەستنەوە، کە ئەگەر ئەم کارە نەکەن، ئەوا ئێمە لە دونیایەکی مەترسیداردا دەژین، دونیایەک کە حکوومەتەکان خۆیان پاڵپشتی تێرۆریزمن.

# دەسبەسەر داگرتنی گوتاریی کۆمەڵگای کوردستان لە لایەن گەلی سەردەست، تەسلیم بوونی دڵخوازانەی نەتەوەیەکی چەوسێندراو

ئارەش سالح



بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵات لەگەڵ خەباتی رزگاریخوازی گەلی کورد بێجگە لە رەهەندی سەربازی خاوەنی رەهەندی گوتاریش بووە و هەیە. بۆ ئەم مەبەستە دەسەڵات لە رێگەی بەکارهێنانی هەندێ جومگەی نوێوە کە وەکوو داربەست و چوارچێوەی گوتاری دەسەڵات لە کوردستاندا ئیش دەکات، ئەو چەمکانە کە خەباتی کورد کەڵکیان لێوەردەگرێت، سەرلە نوێ دایان دەڕێژێتەوە و بێ واتایان دەکات. بۆیە هیچ کات لە کوردستانی ئێراندا نەتەنیا ناوی کورد قەدەخە نەبووە بەڵکوو زۆریش بەکار هێنراوە. هەروەها هەندێ چەمک کە بۆ گەلی کورد خاوەن گرینگی و پیرۆزین و لە چوارچێوەی ئەدەبیاتی شۆڕش و بەرگری دەگونجێن، وەکوو پێشمەرگە، لە ئێراندا بەکار هاتوون بۆ وێنە تەنانەت دامەزراوەی پێشمەرگەی موسوڵمان لە ئێراندا دامەزراوە.

دامەزراوەی پێشمەرگەی موسوڵمان کە لەلایەن گەلی کوردەوە بە "جاش" دەناسرێن لە دوو ئاستدا کارکردی تایبەتی هەیە. لە ئاستێکی سەربازیدا لە کوردستان جوغرافیایەکی دژوار بۆ دەسەڵات کۆنترۆڵ دەکەن کە بە بێ ئەوان، دەسەڵات ئەو ئیمکانەی بۆ نەبوو یان بۆی زۆر دژوار بوو کە کۆنترۆڵی بکات؛ بەڵام زۆر لەوە گرینگتر، لە ئاستێکی گوتاریدا، گوتاری چەوسێنەر چەمکی پێشمەرگە کە یەکێک لە بنەڕەتی ترین چەمکەکانی گوتاری خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کوردە بە شێوەیەک لە نێو جومگەبەندی یان مەفسەلبەندی خۆیدا بەکاری دێنێت کە دەلالەتی شۆڕشگێرانە و واتای بەرەنگاریخوازانەی خۆی لە کیس دەدات. لەم ئاستە گوتارییەدا، دەسەڵات دەیهەوێت بە بەکارهێنانەوەیەکی نوێ لە چەمکە گرنگەکانی گوتاری بەرگری و شۆڕش، ئەو نیزامە دەلالەتییە تێک بدات کە بەهۆیەوە ئاگاییەکی رزگاریخوازانە لە نێو گەلی کورددا پێک هاتووە. ئامانجی گەلی سەردەست بە هەموو دەزگا کەلتووری و رۆشنبیرییەکانیەوە ئەوەیە کە لە ئاکامدا جۆرە ئاگاییەک پێک بێنێت کە کێشەی کورد وەک کێشەیەکی کەلتووری و لە چوارچێوەی کێشەی شار و دێ یان ناوەند و پەراوێز واتا بکات. دەسەڵاتی ئێران بەجێگەی قەدەخەکردنی ناوی کورد و چەمکە گرینگەکانی گوتاری کوردایەتی، هەوڵی داوە لە رێگەی جۆمگەدانان یان مەفسەلبەندییەکی نوێوە، واتە لە رێگەی ئەو داربەست و چوارچێوە نوێیەوە کە گوتاری دەسەڵات بۆ ئەو چەمکانە دادەڕێژێت، بە گشتی ماهیەت و چیەتی کێشەی کورد بگۆڕێت و بەرگری و شۆڕش لە نێو کورددا بخەسێنێت.

بەڵام لە نزیک بە دوو دەیەی رابردوودا، کە لەبەر چەند هۆکاری جیاواز ئاڵۆزییە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر بوونەتەوە، ئەم هەوڵەی گەلی سەردەست بۆ دەس بەسەرداگرتنی کۆمەڵگای کوردستان - دەس بەسەرداگرتنێکی گوتاری- دامەزراوە مەدەنییەکان و تەنانەت ئۆپۆزسیۆنیشی گرتۆتەوە. گەلی سەردەست لە ئێراندا بەپێچەوانەی تورکیە نەتەنیا حاشا لە هەبوونی کورد ناکات بەڵکوو هەوڵ دەدات هەموو کوردیش ناچار بکات کە لە چوارچێوەی گوتاری ئەودا خۆیان واتا بکەن و خۆیان پێناسە بکەنەوە؛ بۆیە ئەمڕۆ لە کوردستانی رۆژهەڵات هەندێک بوونەوەر لە پانتایی سیاسی هاتوونەتە ئاراوە کە لە لیبەراڵەوە تا کۆمۆنیست دەتوانن لە نێو چوارچێوە گوتارییەکەی گەلی سەردەستدا کوردایەتی بکەن بەڵام رووبەڕووبوونە سەرەکییەکە و کێشە بنەڕەتییەکەیان لە ئەوپەڕی سنوورەکانی ئێراندا ببیننەوە. لە چوارچێوەی ئەو کوردایەتییەی کە گوتاری دەسەڵات بەسەر کۆمەڵگای ئێمەدا دەیسەپێنێت چەند مێکانیزمی شاراوە، کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران دەکەن بە کێشەیەکی ناسیاسی کە زەرەرێکیان بۆ پێوەندییە چەوسێنەرەکان، واتە سەردەستیی گەلێک و بندەستیی گەلێکی تر نابێت. ناسیاسی بەو واتایە کە کێشەی کورد نێوەڕۆک و کانتێنتێک بە خۆیەوە دەگرێت کە ئیتر ئامانجەکەی شێواندنی ئەو پێوەندییانە نییە کە لە سەر ئەساسی چەوسانەوە دامەزراون، واتە دەزگا کەلتوورییەکانی گەلی سەردەست و پاشماوە سیاسی و کەلتوورییەکانی لە کوردستاندا هەوڵ دەدەن کە رزگاری سەرەکی گەلی بندەست وەکوو ئاڵتێرناتیڤێک لە نێو بەرن و ئاڵتێرناتیڤێکی نوێ بە ناوی دێموکراسی و گەشەوە بێننە ئاراوە کە ئەساسەکەی لە سەر بنەمای بەردەوام بوونی سەردەستی و بندەستییە و بە فۆڕمێکی لیبراڵترەوە کە بە ناوی "همزیستی مسالمت آمیز" یان "مشارکت سیاسی" فۆرمولە دەکرێت.

ئەو چەمکانە وەکوو "همزیستی مسالمت آمیز" یان "مشارکت سیاسی" لە کانتێکستی ئێراندا هیچ واتایەکیان نییە بیجگە لە لەنێوبردنی نێوەڕۆک و کانتێنتی رزگاریخوازانەی خەباتی گەلی کورد و لە ئاکامدا بەردەوام کردنی "Relations of Domination" یان پێوەندییە چەوسێنەرەکان بە شیوازێکی نەرمتر و لە سیمایەکی دێموکراتیکدا. ئەزموونی ئەو چەمکانە لە دنیای رۆژئاوادا -کە ماڵی یەکەمی دێموکراسییە- بە نیسبەت چەوسانەوەی گەلانی بندەست، ئەزموونێکی شکستخواردوویە. بۆوێنە ئەگەرچی لە ئامریکا رەش پێستێک دەتوانێت تەنانەت ببێت بە سەرکۆمار و رەشەکان دەتوانن ببن بە نوێنەری سێنا و کۆنگرە و لە دوو حیزبە سەرەکییەکەدا دەسەڵاتی زۆریان هەبێت، بەڵام هیچکات "مشارکت سیاسی" یان بەشداری لە پرۆسەی سیاسەتدا نەیتوانیوە کۆتایی بە چەوساندنەوەی سیستماتیک و بە دامەزراوەکراوی رەشەکان لە ئامریکادا بێنێت، بەڵکوو رۆژ لە دوای رۆژ قووڵتری دەکاتەوە.

لە ئێراندا گوتاری سەردەست لەم چەند ساڵی رابردووەدا و بە هۆی نەمانی بەرگری چەکدارانە، بەو توانایە گەیشتووە کە تەنانەت لە رێگەی قەبووڵ کردنی چەمکی کوردایەتی و جێخستنی لە نێو جومگەکان و چوارچێوەکەی خۆی، کێشەکان، شوناسی سیاسی و تەنانەت کوردایەتیش بە شێوازێک واتا بکاتەوە کە لە ئاکامدا ئامانجەکەی گۆڕانی سەردەستیی ئەوان و ژێردەستیی ئێمە نەبێت بەڵکوو نیگا و ئامانجی ئەو کوردایەتییە بەرەو هەندێک بابەتی نابونیادین دەبات و کوردایەتییەکە بەو ئامانجە نابونیادییانە و ناسەرەکییانە سەرقاڵ دەکات، واتە بە کەڵک وەرگرتن لە ئەدەبیاتێک و چەمکگەلێکی تایبەت، کوردایەتی، کێشەی کورد و چارەسەرییەکەی بە شێوازێک تیۆریزە دەکەن و لە قاڵبی فیکریدا دەرخواردی کۆمەڵگای سیاسی رۆژهەڵاتی دەدەن کە لە ئاکامدا مونتەج بێت بە مونفەعێل بوونی خەبات و بێ واتاکردنی بەرگری لە نێو کوردستاندا؛ واتە ئەگەرچی پێشتر دەسەڵات لە رێگەی داهێنانی پێشمەرگە موسوڵمانەوە و لە رێگەی جاشەوە بە کەڵک وەرگرتن لە چەک دەیهەویست کورد سەرکوت بکات بەڵام ئەمڕۆ دەیهەوێت بە پەرە پێدانی گوتارێکی تایبەت و ئەدەبیاتێکی ئامانجدار بە تەواوەتی ماهیەت و چیەتی کێشەی کورد بگۆڕێت.

بۆیە وەکوو چۆن سەردەست یان سەرکوتکەر جاش ساز دەکات و بە جلی کوردی و بە ناوی کوردی و بە زمانی کوردی و بە ناوی پێشمەرگەوە لە بەرامبەر هێزی بەرگریکاری نەتەوەوە دایدەنێت کە هەمان زمانی کوردی و ناوی کوردی و هەمان ناوی پێشمەرگەی هەیە، لەژێر هەمان بابەتی کوردایەتی و خەباتیش هەندێک چەمک و گوتارێک پەرە پێدەدات کە کێشەی کوردیان بە شێوەی ریشەیی بۆ چارەسەر بکات؛ چارەسەری ریشەیی کێشەی کورد بۆ ئەوان واتە تەسلیم بوونی دڵخوازانەی گەلی کورد. بۆیە ئەگەر لێرە بمانهەوێ بگەڕێینەوە بە مێکانیزمە شاراوەکانی گەلی سەردەست بۆ بەردەوام کردنی موناسباتی سوڵتە یان پێوەندییە چەوسێنەرەکان پێویستە هەندێک لە گرینگترینەکانیان بەم شێوەیە باس بکرێن.

گەل یان چینی سەردەست هەوڵ دەدات سیستمی بەهاکانی کۆمەڵگای کوردستان کونترۆڵ بکات، واتە بۆ گەلی کورد دابین بکات کە چی بەهایە و چی بەها نییە. کۆنترۆڵی بەهاکان ئەو ئیمکانە بۆ گەلی سەردەست دەرەخسێنێت کە خواستەکانی گەلی ژێردەست بە شێوەی ناڕاستەوخۆ کۆنترۆڵ بکات. ئەو کۆنترۆڵکردنە لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای گەلی سەردەست لەبەر سەردەست بوونیان لە کۆمەڵگای گەلی ژێردەست لە بواری رۆشنبیرییەوە پێشکەوتووترە ئاسانە. هەروەها نەبوونی متمانەبەخۆ و باوەڕبەخۆبوونی چینی رۆشنبیر و رۆژنامەنووس و مێژوونووسی کۆمەڵگای ژێردەست وادەکات کە ئەو لایەنانە پاشکەوتووی کۆمەڵگای سەردەست بن. گەلی سەردەست بە کۆنترۆڵی بەهاکان هەندێک داخوازی لە گەلی ژێردەست وەکوو داخوازی ناگرینگ و دژبەها دەستێنێتەوە کە پێگەی سەردەستیی ئەو دەخەنە مەترسییەوە و بەپێچەوانە هەندێک داخواز وەکوو داخوازی گرینگ، مودێڕن و تەنانەت هەندێک جار شیک و باکلاس بە گەلی ژێردەست دەدات کە بەئاکام گەیشتنیان بەهیچ شێوە ناتوانێت پێگەی دەسەڵاتی ئەوان بخاتە مەترسییەوە. دەزگای فیکری و رۆشنبیری گەلی سەردەست هەوڵ دەدات بەم شێوە خەبات و بەرگری وەکوو دژە بەها لە ناو کۆمەڵگادا بخاتە بەرچاو، بۆ وێنە بەکەڵکاژۆوەرگرتن لە هەندێک چەمک وەکوو گەشە و بەکارهێنانی نابەجێی ئەو چەمکانە هەوڵ دەدات ئەو باوەڕە لە نێو چالاکان و خەڵک بڵاوە پێ بکات کە کورد باشترە بە بیری گەشەدا بێت و هەبوونی شەڕ و بەرگری چەکدارانە ئەو گەشەیە دەخاتە دواوە.

هەڵگری ئەو بەیانە لە راستیدا چینێکی تازە بە پارە گەیشتوون کە هاوکات لەگەڵ ئەوەیکە خوازیاری پاراستنی سامانەکەیانن، کە زۆربەی کات بە هۆی ئابووری ناسالمەوە بە دەستیان هێناوە، خوازیاری بەدەستهێنانی پێگەی کۆمەڵایەتین؛ بۆ وێنە چینێک کە خۆی دەخاتە خانەی رۆشنبیرییەوە و هاوکات لە رێگەی قاچاخەوە سەروەت و سامانێکی بەدەست هێناوە و لەهەمان کاتیشدا بەدوای مەنزەڵەتی کۆمەڵایەتیشدایە. ئیستدلالی لە رواڵەت لۆژیکی و مەنتقی بەڵام لە ئەساسدا بێبنەرەتی ئەو چینە بۆوێنە لەم رستەیە زیاتر دەردەکەوێت کە: "بۆ ئێمەی کورد باشتر لەوەیکە دەنگی چەک بێت ئەوەیە کە رێگە بدەین بە دەوڵەت کە قوتابخانەیەک بکاتەوە". بێ ئەوەی باس لەسەر ئەوە بکەین کە قاچاخ خۆی یەکێک لە گەورەترین بەربەستەکانی گەشەیە، دەسەڵات دەیهەوێ لە رێگەی کۆنترۆڵی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەو چینەوە، فەزای کۆمەڵایەتی بە شێوازێک کۆنترۆڵ بکات کە خەبات و بەرگری بکات بە دژەبەها. هەروەها کە پێشتر باسی لێوە کرا یەکێک لە مێکانیزمەکانی پێوەندییە چەوسێنەرەکان و گەل و چینی چەوسێنەر بۆ بەردەوام کردنی ئەو پێوەندییانە بریتییە لە کۆنترۆڵ کردنی ئەو شێوازەی کە گەل و چینی چەوسێنراو کێشەکانی واتا دەکاتەوە؛ واتە بینینی خۆی لە ئاوێنەیەک کە دەسەڵات بۆی دابینی کردووە. ناوەندیی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی ناوخۆ "مرکز مطالعات راهبردی و آموزشی وزارت کشور" لە راپۆرتێکدا کە لە بلاڤۆکی "راهبورد" لە ساڵی ۱۳۹۳ بڵاوی کردۆتەوە باس لە شێوازی بەرنگاربوونەوە لەگەڵ گرووپە جیاوازەکان بە تایبەت هێزە سەلەفییەکان لە کوردستان دەکات. ئەم راپۆرتە لە ئاکامدا دەڵێت کە رێگەی سەرەکی بەرنگاربوونەوە لەگەڵ هەر جەرەیانێک رێگەدانە بە هەندێک جەرەیانی مەدەنی کە بتوانن کێشەکان بە شێوازێکیتر واتا بکەنەوە. هەروەها لە درێژەدا دەڵێت کە پێویستە لە هەر ناوچەیەکی کوردستان، بەپێی پۆتانسییەلی ئەو ناوچەیە، رێگە بۆ هەندێک دامەزراوە و جەرەیان خۆش بکرێت کە سەرنجی کۆمەڵگا لە کێشە سەرەکییەکە بۆ لای کێشە بێمەترسیەکان راکێشێت. بۆوێنە لە هەندێک شوێندا ئەحزابی مەوازی وەڵامدەرن و لە هەندێک شوێندا جەرەیانی ژینگەپارێزی و "زیست محیطی". ئەمە نەتەنیا پۆتانسییەلی کۆمەڵایەتی لە دەوری کێشە سەرەکییەکە لادەبات بەڵکوو هەندێک پۆتانسییەل بۆ دژایەتی ئەو لایەنانە کە لە دەوری کێشە سەرەکییەکە کۆ بوونەتەوە پێک دێنێت. بەم شێوە دەسەڵات دەتوانێت ئەو پۆتانسییەلە نارەزایەتییەی کە دەتوانێت ببێتە هۆی گۆڕان لە پێوەندییە چەوسێنەرەکان بخەسێنێت و خونسا بکاتەوە.

مێکانیزمێکیتر کە هەمان ئامانجی هەیە و دەتوانێت لەم پێوەندییەدا زۆر کاریگەر بێت هاندانی خەڵکە بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان. لە راستیدا تەنانەت لە دێموکراتیکترین وڵاتەکاندا هەڵبژاردن مێکانیزمێکە بۆ ئازادکردنی وزەی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان. لە رێگەی هەڵبژاردنەوە لە ئێران و لە رۆژهەڵات وزەی بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو دەچێت و هاوکاتیش رێگە بۆ کرانەوەی ئاڵتێرناتیڤێکی راستەقینە لە ناو کۆمەڵگادا لەنێو دەچێت و سیاسەت بە خراپترین شێوە قەتیس دەبێتەوە.

بێموحتەواکردنی هونەر و ئەدەبیات مێکانیزمێکی ترە کە پێوەندییە چەوسێنەرەکان لە رێگەی ئەوانەوە خۆیان بەردەوام دەکەن و گەل یان چینی سەردەست رووبەرووی بەرگری لە نێو کۆمەڵگا دەبێتەوە. سەرهەڵدانی هەندێک جووڵەی هونەری و ئەدەبی کە لەسەر ئەساسی ئاراستەی ماوە بەسەرچووی "هونەر لە پێناو هونەردا" بنیات نراون، لە راستیدا هەوڵێکە کە هونەر و ئەدەبیات بە لەحازی سیاسی بێموحتەوا بکەن و لە ئاکامدا رەخنە، بەرگری و بەرخودان لە بەرامبەر ستەمی نەتەوایەتی و پێوەندییە چەوسێنەرەکان لە نێو ئەدەبیاتدا لەنێوبەرن. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گێئۆرگی پلێخانۆف کە هەڵگری جۆرە تیۆرییەکە، کە پێی دەگوترێت تیۆری رێفلێکشن و پێی وایە کە ئەدەبیات و هونەر لە راستیدا دەرخەری گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانن لە سەر ئاراستەی "هونەر لە پێناو هونەردا" دەڵێت "هونەر لە پێناو هونەر بە ئاشکرا دیاردەیەکی بورژواییە و لەبەر ئەوەی هیچ نێوەڕۆک و کانتێنتێکی سیاسی نییە و بارودۆخی هەنووکەیی وەکوو خۆی دەهێڵێتەوە."

لە ئاکامدا ئیستراتیژیکترین هەوڵی گەلی سەردەست بۆ لەنێوبردنی بەرگری و لە ئاکامدا خەساندنی ئیرادەی بەرخۆدان، هەڵدەگەڕێتەوە بۆ هەوڵی ئەوان بۆ دابەشکردنی کۆمەڵگای کوردستان لە نێو ئەو دەستەبەندییانەی کە لە نێو گەلی سەردەستدا هاتوونەتە ئاراوە. گرینگترین هەوڵی رۆشنبیری ئێرانی کە خوازیاری بەردەوام بوونی پێوەندییە چەوسێنەرەکانە، ئەوەیە کە هەموو کێشەکانی نێو پانتایی ئێران و هەموو داخوازییەکان دەکرێت کورت بکرێتەوە بۆ پێوەندییە چنایەتییەکانی نێو ئێران و دەستەبەندییەکانی گەلی سەردەست دەتوانێت هەڵگری هەموو داخوازییەکانی گەلی کوردیش بێت. قەبووڵی ئەو باسە بە واتای قەبووڵ کردنی پێکهاتنی نەتەوەیەکی ئێرانییە کە زمانێکی هاوبەشی فارسی هەیە و ئێران بە ماڵی خۆی دەزانێت. گرینگترین هەوڵی گەلی سەردەست لە یەک دەیەی رابردوودا ئەوە بووە کە ئەو دەستەبەندییە بە ناوی ئیسلاحتەڵەبییەوە بێنێتە فەزای کوردستانەوە. هەڵگری ئەم هەوڵەی گەلی سەردەست دوو چینی جیاوازن، یەکەمیان، دەستوپێوەندییەکانی خۆیان لە کوردستان و چینی تازەپووڵداربوو کە پێشتر باسیان لێوە کرا و دووهەمیان رێبەرایەتییەکی نەخوێندەواری لاوازی ئۆپۆزسیۆن کە نە ناسینێکی دروستیان لە تیۆرییەکانی دەربازبوون بۆ دێموکراسی هەیە و نە ناسینێکی نوێ و بێ واسێتەیان لە کۆمەڵگای کوردستان هەیە.

# کارەساتێک بە ناوی پەروەردە و بارهێنانی ئیسلامی



**جەماڵ ڕەسووڵ دنخە**

پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، هەر لە سەرتاوە وا بنیات نراوە کە هیچ جۆرە پەروەردەی ماددی و مەعنەویی تاکی تێیدا لەبەرچاو نەگیراوە و داهاتووەکەشی هەر بۆ تاک نارِوونە. چونکە لە سیستمی پەروەردە و بارهێنانی ئەو ڕێژیمەدا لە بنەڕەتدا پێناسەیەکی نادروست بۆ ئەو کراوە کە ئامانج لە پەروەردە چییە؟ بۆ چییە؟ تاک بۆ چ کارێک ڕادێنن؟ و چەندین پرسیاری دیکە. باسکردنی کێشەکانی پەروەردە مەسەلەیەکە کە هەمیشە بوونی هەبووە و دەبێ؛ ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاک لە کۆمەڵگادا بەردەوام ڕووی لە گۆڕانە، ئەویش لە بوارە جیاجیاکاندا.

لەو پێوەندییەدا دەبێ کارناسان و بەرپرسانی بەشی پەروەردە و بارهێنانی هەر وڵات و ڕێکخراوەیەک بەردەوام بە شێوەی ڕۆژ و سەردەمییانە کێشە و گرفتەکانی پەروەردە و بارهێنان لێک بدەنەوە و ڕێگەچارەی پێویستی بۆ بدۆزنەوە. لە سیستمی پەروەردە و بارهێنانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا هەر لەو کاتەوە کە سەنەد و بەرنامەی ئەو بەشە نووسراوە و یاساکانی دیاری کراوە، ئیدی هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و بەردەوام لە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە.

لەو جوغرافیایەدا کە بە ناوی ئێران ناسراوە و چەندین نەتەوە تێیدا دەژین، یەک سیستمی پەروەردە و بارهێنان دیاری کراوە کە ئەو سیستمەش لە ناوەندی دەسەڵاتی سیاسییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و بچووکترین مەسەلەی پێوەندیدار بە پەروەردە و بارهێنان، لەژێر تیغی بیری شەخسی یەکەمی ڕێژیم و دواتر کەسانێک کە بیرۆکەی ئیسلامگەرایی شیعە پیادە دەکەن، ڕەت دەبێتەوە کە ئاکامەکەی کارەساتێکە ئەمڕۆ کۆمەڵگای ئێرانی بە هەموو نەتەوەکانییەوە تەنیوە.

لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا تا ئێستا نزیک بە ٢٠ قوتابی لە ئێراندا خۆکوژییان کردووە؟!! هەر لە دەسپێکی ئەمساڵیشدا نزیک بە ٥ قوتابی و خوێندکار کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێناوە و دەیان بابەتی هەژێنەری دیکە کە کۆمەڵگا بێ تەفاوت لە تەنیشتیان بێ پرسیار ڕەت دەبێ.

بەڵام، باس لەوە بکەین لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووی مانگی بانەمەڕی ساڵی تازەدا هەواڵێک بڵاو بوویەوە کە سێ قوتابیی قۆناغی دواناوەندی لە شاری نەغەدە، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات وێکڕا بڕیاریان داوە کە خۆکوژی بکەن و لە ئاکامدا کچێک دەمرێت، یەکیان دەچێتە کۆما و ئەوی دیکەش لە خۆکوژی پەشیمان دەبێتەوە.

هیچ کەس و لایەنێک نیسبەت بەو مەسەلەیە تەکانێکی نەخوارد و ئەو کارەساتە پشتگوێ خرا؟ کەس نەبوو پرسیار بکات ئاخۆ بۆ دەبێ سێ لاو لەو تەمەنەدا و لە هەرەتی لاویەتیدا کە خۆشترین قۆناخی ژیانی لە قوتابخانەدا تێپەڕ دەکەن بەو ئاکامە بگەن کە بە شێوەی "دستەجمعی" خۆکوژی بکەن؟ کێشە لە چیدایە؟ بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران وەک هەمیشە قسەکانیان بەم چەشنەیە کە "بێ هیوایی" یەکەم هۆکاری خۆکوشتنی هاووڵاتییان و قوتابیانە؛ بەڵام ئەوە وڵامێکە بۆ کۆی گشتی دیاردەی خۆکوژی نەک بۆ قوتابییەک و خوێندکارێک. لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو بەرپرسانەی ڕێژیم باس لەوە دەکەن کە هۆکاری خۆکوژیی قوتابیان بۆ "دڵەڕاوکێ و ترس لە قوتابخانە، دابەزینی چۆنیەتی خوێندن، وەرگرتنی نمرەی کەم، ترس لە سەرزەنشتی بنەماڵە" و هۆکاری دیکە دەگەڕێننەوە.

پرسیار ئەوەیە ئایا بەڕاستی قوتابخانەکانی ئێران لەو ئاستەدان کە ترس و دڵەڕاوکێ بۆ قوتابیان دروست بکەن؟ ئایا پرسی خوێندن بەلای بەرپرسانی پەروەردە و بارهێنانەوە تا ئەو ڕادەیە گرینگە کە قوتابی بە هۆیەوە دەس بداتە خۆکوژی؟ یان قوتابی ترسی ئەوەی هەیە کە ئەگەر قوتابخانە لە دەست بدات داهاتووەکەی لە ئێراندا بەفیڕۆ دەچێت؟ هەمووی ئەو پرسیارانە ئەوەمان بۆ باس دەکەن کە "نا" کێشەکە قووڵتر لەوەیە کە هۆکارەکانی ئەوە بێت قوتابی بە هۆی ئەوانەوە دەست بداتە خۆکوژی. خۆکوژیی قوتابیان لە هەموو جیهاندا هەیە، بەڵام ئەوە لە ئێراندا دیسان وەک کێشە نەرێنییەکانی دیکە گەشەی کردووە. لە کۆمەڵگای ئێراندا و بە تایبەتی لەو سیستمەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، کاتێک ڕووداوێک ڕوو دەدات یان دیاردەیەکی نەرێنی خۆی دەردەخات بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە بە جێگای ئەوەیکە لە شوێن و جێگای تایبەت بە خۆیدا بەدوای کێشەکەدا بگەڕێن، یان یەکتر تاوانبار دەکەن و هەڵەکە دەخەنە ئەستۆی یەکتر یان بە بیانووی شتی لاوکی ئەسڵی بابەتەکە دەشارنەوە.

لە قوتابخانەکانی ئێراندا هیچ جۆرە بەرنامەیەکی سەرنجڕاکێش و شادی هێنەر بۆ قوتابیان لە هیچ ئاستێکدا دیاری نەکراوە؛ بۆوێنە تەنیا لە ماوەی یەک حەوتوودا ٢ کاتژمێر بۆ وەرزش دابین کراوە! ئەویش تەنیا و تەنیا خۆی لە فووتباڵدا دەبینێتەوە و تەواو!!. کاتێک قوتابخانە خۆشی و شادی بۆ قوتابیی لە سەردەمی لاوەتیدا تێدا نەبێت و نەتوانێت پێداویستییە ڕۆحی و ڕەوانییەکانی دابین بکات بێ هیچ شک و دوودڵییەک قوتابی بەدوای خۆشییەکانی خۆی لە دەرەوەی قوتابخانەدا دەگەڕێت. ئەوەش خۆی کاتی قوتابی دەخوات و لە ئاکامدا کاتێک بۆ گەیشتن بە دەرسەکانی نامێنێتەوە. هەر بۆیەش مامۆستای قوتابخانەکان دەکەونە سەرزەنشت و سەرکوتی قوتابی و دواتریش کارەساتی خۆکوژی لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر سیستمێکی پەروەردە و بارهێنان بتوانێت شادی و خۆشی بۆ قوتابی دابین بکات، خۆکوژییش کەمتر دەبێتەوە بەڵام بە وتەی خودی بەرپرسان و لێکۆڵەرانی کۆمەڵناسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا نەتەنیا شادی لە قوتابخانەکاندا نییە، بەڵکوو لە کۆمەڵگاشدا خۆشی و شادی کەمە و پەردەی خەمۆکی بە سەر خەڵکدا کشاوە.

ئاکامی لێکۆڵینەوەکان لەبارەی شادیی کۆمەڵگای ئێراندا دەریخستووە کە کۆمەڵگای ئێران لێک هەڵوەشاوەتەوە و "فروپاشی" سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕووی داوە. لەو کۆمەڵگایەدا دیاری کردنی ئامانج و هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئامانج نە دیارە نە کەسیش دەیناسێت، بابەتە لاوەکییەکان دەبنە ئامانجی سەرەکی، بۆ نموونە کاتێک دەبینین قوتابییەک بە هۆی ئەوەیکە نەیتوانیوە لە تاقیکارییەکدا نمرەی باش وەربگرێت خۆی کوشتووە؛ هۆکاری ئەم مەسەلە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیستمی پەروەردە و بارهێنان، تاک بۆ کێبڕکێیەکی ناسالم هان دەدات کە داهاتووی نییە. لێکەوتەی کێبەڕکێ بۆ نمرەی باش لە نێو قوتابخانەکانی ئێراندا شتێک بار دێنێت ئەویش ڕۆحیەی شەڕ و توندوتیژییە کە ئەوەش ئێستا خۆی ئافەتێکی قوتابخانەکانی ئێرانە.

کاتێک لە ڕەوتی ژیاندا گۆڕان دێت و تاک لە نێو کۆمەڵگادا هەست بە پێویستی گۆڕان دەکات، ئەگەر بەرنامەکانی بەرپرسانی سیاسیی وڵاتێک لەگەڵ کاتی خۆیدا نەگونجێت ئاوا "دوگانگی نگرش" بۆ تاک دێنێتە پێش واتە نەسڵی پێشوو نەسڵی نوێی قەبووڵ نییە. ئەوەش پاڵنەرێکە بۆ ئەوەی قوتابی بەرەو لاساری و توندوتیژی بڕوات. نیزامی تەربیەتیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران تەنیا لە سەر باوەڕی ئیسلامگەرایی شیعە مەزهەب، مێژوویەکی چەواشەکارانە و جوغرافیایەکی وەهمی دامەزراوە کە خەڵک و کۆمەڵگا لە چوارچێوەی "امت واحدە اسلامی" پێناسە دەکات و دەرچوون لەو چوارچێوەیە سزای هەیە.

لە بیرۆکەی بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا دەرسە کۆمەڵایەتییەکان ئەو دەرسانەن لە "غربی" و بەلاڕێدابەرن و هیچ خزمەتێک بە کۆمەڵگای ئێران ناکەن، بۆیە دەبێت "علوم انسانی اسلامی" لە قوتابخانە و زانکۆکاندا بوترێتەوە. دیارە کە بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە پرسی پەروەردە تەنیا وەک عۆرفێکی کۆمەڵگا چاو لێ دەکەن و هیچ بۆ ئەوان گرینگ نییە کە داهاتووی کۆمەڵگا چی لێ بەسەر دێت و تاکێکیان دەوێت کە چاوەڕیی هاتنی "مهدی موعود" بێت و هەر چی ئەو تاکە بیکات بۆ ئەوە بێت کە خزمەت بە شیعەگرایی بێت.

تا ئەو کاتە کە بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە سەر دەسەڵات بن، شتێک بە ناوی پەروەردە و بارهێنانی سەردەمیانە نایەتە ئاراوە و بگرە قوتابخانەکان دەبنە شوێنێک بۆ ئەوەیکە منداڵان لەوێدا کات تێپەڕ بکەن و داهاتووش بابەتێکە کە لە مێشکی قوتابیدا جێگای نابێتەوە؛ چونکە ماهیەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و خۆشیی تاک ناتەبایی هەیە.

**ئاکامی لێکۆڵینەوەکان لەبارەی شادیی کۆمەڵگای ئێراندا دەریخستووە کە کۆمەڵگای ئێران لێک هەڵوەشاوەتەوە و "فروپاشی" سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕووی داوە. لەو کۆمەڵگایەدا دیاری کردنی ئامانج و هەوڵ و تێکۆشان بۆ ئامانج نە دیارە نە کەسیش دەیناسێت، بابەتە لاوەکییەکان دەبنە ئامانجی سەرەکی.**

# کارەسات لە ناوچە لێقەوماوەکانی کرماشان هێشتا درێژەی هەیە



**پێژمان شەریعەتی**

زیاتر لە حەوت مانگ لە بوومەلەرزەی پارێزگای کرماشان تێدەپەڕێت و خەڵکی ئاوارە هێشتا سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین نەکراوە و بە هۆی پاک و خاوێن نەبوونی شوێنی ژیانیان، تەندروستی جەستە و دەروونیان لە مەترسیدایە.

سەرۆکی ناوەندیی بێهداشتی کرماشان لە لێدوانێکی رۆژنامەوانی هوشداری داوە کە ئەگەری ئێپیدێمی نەخۆشییە پێستی و عفوونییەکان لە ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکانی کرماشان جیددییە.

ئیبراهیم شەکیبا، هۆکارگەلی ئەم مەترسییە بۆ نەبوونی سرویسی بێهداشتی، نەبوونی خزمەتگوزاری پزیشکی، نەبوونی سیستمی کۆنەکردنی زبڵ و بڵاو بوونەوەی ئاشغاڵ لە زۆرینەی شوێنەکانی نیشتەجێ بوونی لێقەوماوان، نەبوونی ئاوی پێوست بۆ خۆشۆردن یان کەلوپەل شۆردن و... راگەیاندووە.

پێشتر جێگری وەزیری بێهداشتی کۆماری ئیسلامی گوتبووی، دام و دەزگاکانی رێژیم لە بەرانبەر رووداوە سروشتییەکان لاوازن و توانای وڵامدانەوە بە دۆخی پێشهاتوو لە دوای کارەساتە سروشتییەکانی نییە؛ عەلیرەزا رەئیسی بە تورەییەوە دەڵێ: لە ئەگەری روودانی هەر کارەساتێک هیچ کەس ناتوانێ یارمەتی لێقەوماوان بکات.

هەڵبەت لێدوانە دژبەیەکەکانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە رۆژی یەکەمی بوومەلەرزەی کرماشانەوە هەتا ئەمڕۆ درێژەی هەبووە کە خۆی نیشاندەری ناخی دژە خەڵکی ئەم رێژیمەیە. موحەممەد مێهدی گویا، سەرۆکی ناوەندیی مودیریەتی نەخۆشییە گشتگیرییەکان لە وتەگەلێکدا کەمبوونی هەر جۆرە سرویسێکی بێهداشتی رەت کردووە و وتوویەتی: لە ئێستادا هیچ کەم و کوڕییەک لە بواری سرویسی بێهداشتیمان نییە! کێشەی سەرەکی ئێستامان دروسکردنی ئاوەڕۆیە بۆ ئەو ناوچانەی کە دەبێ بەو کارە پێش لە ئێپیدیمی نەخۆشییە گشتگیرەکان بگرین. لە راستیدا کێشە و گرفتەکان لە ناوچە لێقەوماوەکانی کرماشان ئەوندە زۆر و بەرچاون کە ئەگەر بەرپرسێکیش، یەکێک لەو کێشانە رەت بکاتەوە ناچار دەبێت ئاماژە بە چەندین کێشەی تر بکات.

لە وەرزی سەرمادا، زۆربەی ئەو خەڵکە کە لە نێو کانێکس و خێوەتەکان دەژیان، ژیانێکی پڕچەرمەسەرییان تێپەڕاند و بە هۆی نەخۆشی و سەرما و سۆڵەوە چەندین منداڵ، گیانیان لەدەست دا؛ ئێستا بە دەسپێکردنی وەرزی گەرما، مەترسییەکی دیکە بەرۆکی ئەو بەشە لە گەلی کوردی گرتووە، ئەویش بریتییە لە ئەگەری زیادبوونی نەخۆشییە عفوونییەکان و دووبارە بینینی تراژێدیای لە دەسدانی گیانی منداڵانی بێتاوان.

لەم نێوانەیشدا رێژیمی فاشیستی ئێران لە رووداوی سروشتی بوومەلەرزە لە کرماشان کەڵکاژۆ وەردەگرێت بۆ لەنێوبردنی باری دەروونی خەڵکی کرماشان و سووکایەتی کردن بە نەتەوەی کورد و تا ئەوەندە لەو بوارەدا کاری کردووە کە خەڵکی ئەو ناوچانە ناچار بوون لە گرتە ویدیۆییەکان باس لە چەرمەسەری و هەژاری و گیر و گرفتەکانیان دەکەن.

ئەم دۆخە نەشیاوەی بوومەلەرزە لێدراوان تا ئاستێک چووەتە پێش کە ناچار بوون بۆ بەردەوامی لە ژیان، بە دانانی ژمارەی تێلێفۆن و ئادرەسی شوێنی نیشتەجێ بوونیان لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، داوای یارمەتی و پاڵپشتی لە خەڵک دەکەن.

لەو گرتە ویدیۆییانەدا کە دڵتەزێنن چەندین نموونە هەیە وەکوو: بنەماڵەیەک کە دەڵێن" پێویستمان بە کانێکس و حەمام و ئاودەست هەیە، ئەگەر کەسێک دەتوانێت یارمەتیمان بدات، وەرن ببینن، بەخوا پیرەژنی پەککەوتوومان هەیە کە بۆ ڕۆیشتن بۆ حەمام کێشەی هەیە".

زۆر نموونەی دیکە وەکوو بنەماڵەیەک کە باوک و برا و کوڕ و سێ کچەکەی نابینان و بۆ دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیان، دایکیان کرێکاری دەکات.

هەزاران نموونەی دڵتەزێنی دیکەی لەم چەشنە بوونیان هەیە کە ڕۆژانە، لێقەوماوان لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبن و توانای چارەسەر کردنیشیان نییە و ڕێژیمیش بە ئەنقەست گرنگییان پێنادات، گوشاری ژیانی نالەبار وای کردووە کە داوا لە خەڵک بکەن یارمەتیان بدەن و ئەم بارودۆخە کاریگەریەکی دەروونی مەترسیداری لەسەر ئەو خەڵکە داناوە کە ئاسەوارەکەی لە چەند مانگی ڕابردوودا لە شێوەی خۆکوژی و کۆتایی هێنان بە ژیانیان خۆی نواندووە.

تەنانەت ئەو کەسانەی کە ویدیۆکان دەبینن، لە بواری دەروونییەوە تێک دەچن و ڕێژیم دەیهەوێت لەو ڕێگەیەوە سیمای نەتەوەی کورد ناشیرین نیشان بدات و بە خەیاڵی خاوی خۆی ئیرادەی نەتەوەیی لە کورد بستێنێتەوە.

باری دەروونی لەو ناوچانە تا ڕادەیەک تێکچووە کە دەیان کەس لەو ناوچانە خۆیان کوشتووە و زۆر بنەماڵە هەن کە شار و گوندەکانی خۆیان بەجێ هێشتووە و بە گشتی هیوا بە داهاتوو و ورەی ژیان لە ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان لە ئاستی قەیراندایە.

پێشتر شەهاب نادری، نوێنەری ڕێژیم لە مەجلس رایگەیاندبوو، خۆکوژی لە ناوچە بومەلەرزەلێدراوەکان بووەتە ئێپیدێمی، ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە وتەی بەڕێوەبەری گشتی پزشکی قانونی کرماشان هیچ ئامارێک لەبارەی رێژەی خۆکوژییەکان لەو ناوچانە لەبەردەست نییە. ئەم بەرپرسەی ڕێژیم لە کاتێکدا ئەم چەواشەکارییە دەخاتە ڕوو کە هەر لەو رۆژهدا و لەو لێدوانهدا ئاماژە بە خۆکوژی یاریدەدەرێکی کۆمەڵایەتی لە ناوچە لێقەوماوەکانی کرماشان دەکات، تا بەم وتە ڕووڕەشی و درۆزنی کۆماری سێدارەی ئیسلامی زۆرتر ئاشکرا بکات.

بە پێی ئامار و ڕاپۆرتی چالاکانی مەدەنی کورد، دوای تێپەربوونی حەوت مانگ لە بوومەلەرزەی کرماشان زۆرتر لە سی نەفەر بە هۆی گوشاری دەرونی خۆیان کوشتووە. نالەبار بوونی دۆخی ژیان و ئاوارە بوون و ئاوەدان نەکردنەوەی ناوچە لە لایەن حکومەت و پێشگیری کردن لە گەیشتنی یارمەتییە خەڵکییەکان وەها دۆخێکی بۆ خەڵکی لێقەوماوی کرماشان خۆلقاندووە کە هەموو دەرەتانێکی دەرباز بوون لەو قەیرانەیان لێ گرتووە.

حکومەتی ئێران بە ئەنقەست نە تەنیا لە راستای چارەسەر کردنی کێشەکان هەوڵ نادات بەڵکوو دەبێتە هۆی زیاد بوونی کێشە و بەرزبوونی ئاستی کارەساتەکە. لەبەر ئەوەی کە خەڵکی ناوچەی سەرپێڵ و ئزگلە لە هەمانساڵانی دەسپێکی بزاڤی کوردستان دژ بە کۆماری سێدارەی ئێران لە چەقی خەبات بوونیان هەبووە و لەو رێگایەدا دەیان شەهیدیان پێشکەشی گەل و نیشتمان و بارەگای ئازادی کردووە و هەتا ئێستاش یەکێک لە بنکە سەرەکییەکانی بەرگری لە بەرانبەر رێژیمی فاشیستی ئێرانە.

کۆماری ئیسلامی بە تەواوەتی بە شوێن ئەوەدایە کە بە هەر شێوەیەک کە بووە ئەو خەڵکە یەکگرتووە لە یەک بترازێنێ و ناوچەکە لە حەشیمەت چۆڵ بکات کە بە داخەوە روودانی بوومەلەرزەی ساڵی ٩٦ و ئاکامە تاڵەکانی ئەو دەرفەتەی بۆ کۆماری سێدارەی ئیسلامی رەخساند تا بە چارەسەرنەکردنی کێشەکان، قووڵایی کارەساتەکە چەند قات بکاتەوە تا لە خەیاڵی بەتاڵی خۆی بتوانێ پیلانە نگریسەکانی جێ بە جێ بکات.

بەڵام یارمەتی و پاڵپشتی بێسنوری کوردانی ناوچەکانی دیکەی رۆژهەڵات، چ لە سەرەتای کارەساتەکە و چ پاش وی، و هەروەها ئاگایی بخشی چالاکوانانی کورد لەم بوارە و خۆڕاگری خەڵکی کرماشان، پیلانەکانی رێژیمیان پوچەڵ کرد و خەڵکی لێقەوماوی سەرپێڵ وێڕای هەموو کێشە و قەیرانێک کە بە سەریان هاتووە لە هەوڵ دان تاکوو جارێکی دیکە ناوچەکەیان ئاوەدان بکەنەوە و بە کوێری چاوی دوژمنانی نیشتمانەکەیان ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەنەوە.

## هێرشی هێزە ئەمنییەتییەکان بۆ سەر ماڵی چالاکێکی مەدەنی لە کرماشان



رۆژی شەممە ٢٢ی بانەمەڕ، هێزە ئەمنییەتییەکانی حکوومەتی ئێران هێرشیان کردووەتە سەر ماڵی شەهریار تەهماسبی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری کرماشان، بەڵام لە دەسبەسەر کردنی ناوبراو سەرکەوتوو نەبوون.

ئەو چالاکە مەدەنییە ساڵی ڕابردوو، لە شاری کرماشان، لە کاتی نارەزایەتیدەربڕین بە بۆنەی کوشتنی دوو کۆڵبەری کوردی خەڵکی شاری بانە، لە لایەن هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە، دەستبەسەر کرا.

شەهریار تەهماسبی، ڕێکەوتی ٢٣ی خەرمانان بە تۆمەتی "هاوکاریی لەگەڵ حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی حکوومەتی ئێران" بە پشتبەستن بە ماددەی ٥٠٠ دادگایی کراو و بە ٥ ساڵ زیندان مەحکووم کرا.

ئەو چالاکە مەدەنییە کوردە، مانگی خەرمانانی ساڵی ڕابردوو، (٩٦) لە شاری کرماشان دەستبەسەر کرا و بە دانانی بارمتەی ١٠٠ میلیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی لە زینداندا ئازاد کرا.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: هێزە ئەمنییەتییەکان تەواوی کەرەستەی ماڵی ئەو چالاکە مەدەنییە کوردەیان تێکداوە و هەروەها بێڕێزیشیان بە بنەماڵەی ناوبراو کردووە.

بە وتەی ئەو سەرچاوەیە، هێزە ئەمنییەتییەکان لە دەستبەسەر کردنی ئەو چالاکە مەدەنییە کرماشانییە سەرکەوتوو نەبوون و ئەمەش سێهەمین جار هێزە ئەمنییەتییەکان هەوڵی دەستبەسەر کردنی شەهریار تەهماسبی دەدەن.

لە لایەکی دیکەوە، مەهیار ئەحمەدی، چالاکی ژینگەپارێزی، لە لایەن دادگای ئینقلابی شاری سنەوە بانگهێشت و بە تۆمەتی "پڕوپاگەندە دژی نیزام" بە ٣ مانگ زیندانی تەعزیری و سێ مانگ زیندانی هەڵپسێردراو مەحکووم کرابوو، ڕۆژی شەممە ٢٢ی بانەمەڕ، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی شاری سنە کرا.

## ئیتلاعاتی سپا هەڕەشەی دادگایی کردنی دووبارەی لە لاوێکی ئیلامی کرد



بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، هەڕەشەی دادگاییکردنی دووبارەی لە لاوێکی کوردی خەڵکی شاری دێهلۆڕان بە ناوی "یوونس باسرە" کوڕی لازم، کرد.

ئەو لاوە کوردە، لە وتووێژێکدا لەگەڵ ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا ڕایگەیاند: "سەرەتاکانی مانگی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوو (٩٦)، بە تۆمەتی هاوکاریی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران لە لایەن دادگای ئینقلابی شاری دێهلۆڕان، بە بەشداری زۆرەملێ لە نوێژی هەینی و ئامادەبوونی لە سەر گۆڕی کوژراوەکانی شەڕی ئێران و عێراق و خاوێنکردنەوەی گۆڕەکانیان بۆ ماوەی شەش مانگ مەحکووم کراوم".

ناوبراو هەروەها دەڵێت: "لە کاتی بڕینەوەی حوکمی دووبارەی دادگا هەتا ئێستا، تەنیا جارێک ئەو کارەم جێبەجێ کردووە و بەو بۆنەوە ئیدارەی ئیتلاعاتی سپا، هەڕەشەی دووبارە دادگاییکردنی لێ کردووم".

ناوبراو هەروەها ئەوەشی خستەڕوو؛ " بڕیارە لە ٤٠ ڕۆژی داهاتوودا، دادگایی بکرێم و دادگا دووبارە بۆ من حوکمی نوێ ببڕێتەوە".

ئەو لاوە کوردە لە ڕەوتی نارەزایەتییەکانی مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردوودا، دەستبەسەر و بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژ لە گرتووخانەکانی حیفازەت ئیتلاعات و ئیتلاعاتی هێزە ئینتزامییەکان، لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کرا.

حوکمی بڕاوە بۆ ئەو لاوە کوردە، لە دادگایی ئینقلابی شاری دێلهوڕان کە لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ڕابردوودا بە سەریدا سەپابوو، بەم چەشنەیە"

١-بەشداری لە نوێژی هەینی هەموو حەوتوویەک بۆ ماوەی ٦ مانگ و دانی تەئیدیە لە نووسینگەی پێشنوێژی شاری دێهلوڕان.

٢-بەشداری لە سەر گۆڕی کوژراوەکانی حکوومەتی ئێران لە شاری دێهلوڕان هەر حەوتوویەک ڕۆژی هەینی و خاوێنکردنەوەی گۆڕەکانیان و دانی تەئیدیە لە لایەن ئیدارەی بونیادی شەهیدی دێهلۆڕان و سپای پاسداران ناوچەی دێهلۆڕان بۆ ماوەی ٦ مانگ.

٣-دروست کردنی پەیجێ لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئینیستاگرام بە ناوی خۆی و بڵاوکردنەوەی وەسیەتنامە و کورتەیەک لە ژیاننامەی کوژراوانی ٨ ساڵەی شەڕی بەرگری پیرۆز و هەر حەوتوویەک یەکێک لە کوژراوەکانی شاری دێلهوڕان و دانی ڕاپۆرت مانگانە بەو ناوەندە

# هەڵاواردن و کۆلۆنیالیزم لە ئێراندا



**کەیوان درووی**

جوغرافیای ئێران پانتاییەکە کە لە مێژووی خۆیدا بەردەوام تووشی بەرتەسک بوونەوە و بەربڵاوبوونەوە بووە. ئەم ڕەوتە لە مێژووی هاوچەرخیشدا درێژەی هەبووە. مەسەلەی کۆماری ئازەربایجان، کەنداو، دەریای خەزەر و خاوەنداریەتی لە دوورگەکانی باشووری قەوارەی ئێستەی ئەم جوغرافیایە، ئێستەشی لەگەڵ بێت جێی مشتومڕی سیاسی و کێبڕکێی خاوەنداریەتییە لە ناوچەدا.

جیا لە ڕووی جوغرافی لە مێژووی هاوچەرخ -لە ئەفشارییە و ڕەشەکوژیی سابیئییە عەرەبەکانەوە هەتا شۆڕشی ٥٧ خەلخالی و کوردەکان- کە ئیتر بەستێنی بزرکردنی بەڵگەنامە و ڕاستییەکان وەک ئەوسا لەبار نەما، هەوڵی چەواشەکاریی ناسیۆنالیزمی هێرشبەرانەی قەومی زاڵ نەیتوانی ئەو ڕاستییە بشارێتەوە کە پێکهاتەکانی نێو ئەم جوغرافیایە بەردەوام لە هەوڵی خۆدەرباز کردن لە پەراوێزخراوی و نکۆڵی لێکراوی بوونە و ئەوەی تا ئێستەش ڕایگرتوون تەنیا هێز و زەبر بووە نەک خواست و قەناعەت.

ئەم جوغرافیا پیرۆزکراوە، بۆخۆی هەمیشە لە بەرامبەر دەرەوەیدا یان هەوڵی داگیرکاریی داوە یان لەژێر دوێردی داگیرکاریدا بووە.

ئەم ڕەوتە کە هەمیشە دەرەنجامی سیاسەت و ململانێی نێوخۆیی بووە بە بەردەوامی و دانەبڕاوی هەتا ئێستەش درێژەی هەیە و نموونەی بەردەستی لە شێوازی پەیوەندیی ڕووسیە و ڕێژیمی هەنووکەی ئێران دەبیندرێت؛ بەکگراوندێکی مێژوویی تاڵ و دۆڕاو و جۆرێک هەستی ڕەشبینیی لای هەندێک ڕەوتی زاڵی سانترالیست دروست کردووە کە لەم مێژووە ناسەقامگیرە دووردرێژەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام دڵەڕاوکێی ئەم لایەنگەلە بۆ داهاتوو نەک پاراستن و جێگیر کردنی سەقامگیری نێوخۆیی لەسەر بنەمای قەناعەت و خواست بەڵکوو دووبارە بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆیە کە لە بنەڕەتەوە پشتبەستووە بەهێزی پەتی. ئەمەش زیاتر خۆی لە سیاسەتی نکۆڵی لێکردندا دەبینێتەوە، هەر لێرەشەوەیە کە گومان لە نیاز و ئامانجیان دروست دەبێت و بیر و ڕواڵەتی کۆلۆنیالیستی بەخۆوە دەگرن.

بەم پێیە زۆربەی ئەم کەسانە کە خۆیان باشتر لە هەموو کەس ئاشنای مێژووی دەسەڵاتی پاشایی _ میراتگرانەی ئێرانین، دەبێ وەک ئەرکێکی ئەخلاقی و مێژوویی بۆ هاتنەدیی ئێرانێکی سەقامگیر و یەکپارچە و لێوانلێو لە ئاشتی و پێکەوەژیان کە گوایا "ئامانجیانە" خوێندنەوەیەکی گشتگیر و ڕەخنەگرانە بخەنەڕوو. بۆ نموونە هۆی سەرنەگرتنی مەشرووتییەت و خەسارناسیی ڕەشەکوژیی ڕاپەڕینەکانی عەرەب، بەلووچ و کورد. بە دیوێکیتردا هەوڵدان بۆ خەسارناسیی ناسەرکەوتوویی و بەکارهێنانی توندوتیژییە لە ڕابردوو بۆ ئەوانەی نیگەرانی دابەشبوونی ئەم جوغرافیایەن، هەم لەڕووی خەسارناسی و زانستی زەرووری و هەم لە باری دەروەستی و ئاکارییەوە، ئەرکێکی بێ ئەملاولایە.

بەڵام بۆچی تا ئێستە ئەم لایەنانە کە بەردەوام خۆیان وەک بەپەرۆشترین ڕۆڵەکانی ئێرانی بوون دەناسێنن، هەوڵێکی لەم چەشنەیان نەداوە هەتا بتوانن ڕێگە چارەی ژیربێژانە بۆ داهاتوو بدۆزنەوە و هەم لە خواستی سەربەخۆیی و بە قسەی خۆیان تەجزیەتەلەبی پێشگیری بکەن!؟

وەک دەڵێن پێشمەرجی ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەک، دانپێدانانە بە هەڵەکەدا. لەڕاستیدا خۆبواردنی ئەم لایەنانە لە پرژانەسەر ئەم باسە حەیاتی و پێویستانە، لەبەر ئەوەیە کە ناچار دەبن ئەو ئیدیعایەی کە پێکهاتەکانی ناو ئێران بەدرێژایی مێژوو بە دڵئاوەڵایی و پێکەوەژیان لای یەکتر هەڵیانکردووە، وەدرۆ بخەنەوە و ئەمەش بۆخۆی دەبێتە کێشەیەکیتر لە هەژاریی وێژمان و گوتاریان.

تەنانەت لەسەر وێستگەی مەشرووتەیەک کە نەک هەر پێکهاتەکانی پەراوێزکەوتوو دەری ئەوتۆیان نەبووە (بەشدارییان پێنەکراوە) بەڵکوو زۆرینەی ڕەهای خەڵکی ئەو سەردەمەی ناو ئێرانی هەنووکە ئاگاداریشی نەبوون و دیاردەیەک لە ناوەندەوە بوو، خوێندنەوەیەکی ڕوون و خەسارناسانە و ڕەخنەگرانە لەبەردەستدا نییە کە بۆچی لە کۆتاییدا بە بەکارهێنانی هێز و کوشتوبڕ سەری بۆ هەمیشە نرایەوە. ئەم ڕاستییە ئەوە دەگەیەنێت کە بەستێنی مێژوویی و وجوودیی حوکمڕانی لە ئێران هەر جۆرە سیستمێک کە کرانەوەیەکی هەندەکیی تیا بێت هەڵناگرێ.

ڕەنگدانەوەی هەژاری و بۆشایی لەم جۆرە گوتارە لە ئەرزی واقیعدا دەتوانێ لە داهاتوودا ڕێڕەوی دژەهەڵاواردن لای نەتەوە بندەستەکان زیاتر لەوەیکە هەیە بۆ گوتاری دژەکۆلۆنی لە ئێران پاڵ پێوەنێ. مەترسیی جیددیتر لەمە ئەوەیە کە بەم هەموو نەخۆشییەوە نوسخەی بپێچیتەوە کە ئەویش پێداگرییە لەسەر هاووڵاتیبوون. هاووڵاتیی بوونێک کە دیسان مەرجی جێبەجێکردنی نەک قەناعەت بەڵکوو هێزە. ئەم نوسخە کە لە مێژە کاری بۆ دەکرێت لە بنەڕەتەوە مەرجی جێبەجێ کردنی ئەوەیە کە مافی کولتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی پێکهاتەکان (مافی کۆ) وەلا بنرێت. دیسان لێرە گومانی گەورەتر دروست دەبێ کە لەژێر ناوی نوێگەری و لیبرالیزمدا، هێرشێکی تری هاوشێوەی ڕەزای میرپێنج بۆ سەر چالاکان و تێکۆشەرانی نەتەوە بندەستەکان دەسپێبکەنەوە.

لە ڕاستیدا ئەم پەکەیجە پێداگری لەسەر حکوومەتی ناوەندیی بەهێز دەکاتەوە کە لە مێژوودا مەرجی هەرەسەرەکیی بەڕێوەبەریی لە ئێران و دەوڵەت _ نەتەوەی ساختە بووە. ساختە بەو واتایە کە لە جوغرافیایەکی فرەچەشنی زمانی، نەتەوەیی و کولتووریدا یەک تاقە زمان، نەتەوە و کولتوور بکرێتە بنەمای کەسێتیی تاک و ئەمەش لەمێژە لای ڕێژیمی پێشوو و ئێستەی زاڵ بەسەر ئەم جوغرافیایەدا تاقی کراوەتەوە و سەلماوە کە وڵامدەر نابێت. تەنیا لایەنی جیاوازی ئەم بنەما فیکری _ سیاسییە لەگەڵ دەسەڵاتی هەنووکە ئەوەیە کە بەجێی پێداگری لەسەر تاکی موسوڵمان تەئکید لەسەر تاکی ئێرانیی دەکرێتەوە کە هەمان تاکی خوازراوی دەسەڵاتە.

خودی ئەم بیرۆکە لەگەڵ ئەوەی لەخۆیدا یەکدەستخواز و تۆتالیتێرە هێشتا لە حاڵەتی جێبەجێکردندا کەموکوڕیی گەورەی پێوە دیارە. ڕێژیمی ئیسلامی هیچکات نەیتوانیوە بنەمای تاکی موسوڵمان بکات بە ئەمری واقیع و ناچار بووە بۆ پێشگیری لە بەشداریی یاسایی پێکهاتە ئایینزاییەکانیتر لە دەسەڵات و لە سیاسەتی ڕەسمیدا مەزهەبی شیعە وەکوو لقێک لەم ئایینە جیا بکاتەوە و ناوی لێبنێت مەزهەبی ڕەسمی!!

ئەم دژیەکبوونە بۆ هاووڵاتیی ئێرانیش وەڕاست دەگەڕێ، ئەگەرچی هەموو تاکەکان لە ئێراندا دەژین، بەڵام زمان و ناسنامەی فارسی وەکوو سیاسەتی ڕەسمی دادەنرێ. بەدیوێکیتردا سیستمی تاکڕەهەندیی تاکی موسوڵمان و تاکی ئێرانی دووگیانە لە بەرهەمهێنانی تاکی میحوەریی شیعەی دوازدە ئیمامی و تاکی میحوەری پارسی. ئەنجامگیرییەکی سادە لەم بابەتە ئەوە دەردەخات کە ئامانج لە تاک لە ڕاستیدا هەوڵێکە بۆ لاواز کردن و تواندنەوەی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و بەرەوپێشبردنی دەسەڵاتی پاشقەڕۆیانەی ڕابردووی ئێران.

بەو پێیە چاوەڕوانی بەرکەوتنی لێکەوتەکانی ئەم سیستمە لای ئەوانەی لە پەراوێزی ئەم کانسێپتەدان، بەجێ و لۆژیکییە و ئەمەش پەرەگرتنی زیاتری بیری دژەکۆلۆنیی بەدواوە دەبێت. بەگشتی وەختێ سیستمێک نکۆڵی لە کەموکۆڕی (هەڵاواردن) دەکات لە ڕاستیدا ئەوە خەریکە خواستی بەشداریکردنی هەڵاوێردراو کزتر دەکات. بەم پێیە دیوارێک هەڵدەچنێ کە ئەوبەری دەبێتە هەڵاوێر و ئەمبەری هەڵاوێردراو. ئەم دیوارە لە ڕاستیدا دەبێتە سەرەتای بیچمگرتنی چوارچێوەیەکی دابڕاو کە لە حاڵەتی دڵخوازی هەڵاوێر وەکوو کۆلۆنییەک دەبینرێت کە داگیر کراوە.

لە دوورەدیمەنی ئەم ڕەوتی هەڵاواردنەدا، جوغرافیای ئێران ئەوەندەی یەکیەتیی سۆڤییەت پۆتانسییەلی کەرتبوونی تێدایە. یەکیەتییەک کە بیری کۆمۆنیزم و تاکی ئیدەئالی بەبیر کۆمۆنیستی و بە ڕەگەز ڕووسی کردبووە بنەما و لە کۆتاییدا لەژێر گوشاری هەمەلایەنە و لە کاتێکدا هەوڵی چاکسازیی دەدا، لەبەر یەک هەڵوەشایەوە و هەرکام لەو پێکهاتەگەلە کە لەو جوغرافیاییە بەند کرابوون چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان یەکلایی کردەوە.

**وەک دەڵێن پێشمەرجی ڕاستکردنەوەی هەر هەڵەیەک، دانپێدانانە بە هەڵەکەدا. لەڕاستیدا خۆبواردنی ئەم لایەنانە لە پرژانەسەر ئەم باسە حەیاتی و پێویستانە، لەبەر ئەوەیە کە ناچار دەبن ئەو ئیدیعایەی کە پێکهاتەکانی ناو ئێران بەدرێژایی مێژوو بە دڵئاوەڵایی و پێکەوەژیان لای یەکتر هەڵیانکردووە، وەدرۆ بخەنەوە و ئەمەش بۆخۆی دەبێتە کێشەیەکیتر لە هەژاریی وێژمان و گوتاریان.**

**ڕێژیمی ئیسلامی هیچکات نەیتوانیوە بنەمای تاکی موسوڵمان بکات بە ئەمری واقیع و ناچار بووە بۆ پێشگیری لە بەشداریی یاسایی پێکهاتە ئایینزاییەکانیتر لە دەسەڵات و لە سیاسەتی ڕەسمیدا مەزهەبی شیعە وەکوو لقێک لەم ئایینە جیا بکاتەوە و ناوی لێبنێت مەزهەبی ڕەسمی!!**

**لە دوورەدیمەنی ئەم ڕەوتی هەڵاواردنەدا، جوغرافیای ئێران ئەوەندەی یەکیەتیی سۆڤییەت پۆتانسییەلی کەرتبوونی تێدایە. یەکیەتییەک کە بیری کۆمۆنیزم و تاکی ئیدەئالی بەبیر کۆمۆنیستی و بە ڕەگەز ڕووسی کردبووە بنەما و لە کۆتاییدا لەژێر گوشاری هەمەلایەنە و لە کاتێکدا هەوڵی چاکسازیی دەدا، لەبەر یەک هەڵوەشایەوە و هەرکام لەو پێکهاتەگەلە کە لەو جوغرافیاییە بەند کرابوون چارەنووسی خۆیان بەدەستی خۆیان یەکلایی کردەوە.**

## مستەفا هیجری:

# کێشە نێوخۆییەکان زیاتر پەرە دەگرن، لەبەر ئەوەیکە ئەو ئاتەباییانە بەرهەمی سیاسەتێکی غەڵەتە؛



خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان"؛ ڕێکەوتی ٢٥ی بانەمەڕ ڕێزدار مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە دیمانەیەکی تەلەفزیۆنیدا لەگەڵ "تیشک تی‌ڤی" وڵامی هەندێک پرسیاری پێوەندیدار بە پرسی هاتنە دەرەوەی ئامریکا لە بەرجامی دایەوە کە لەبەر گرینگی باسەکە، لێرەدا دەقاودەق دەخرێتە بەر دیدی ئێوەی خۆشەویست:

**دیمانە: سابیر فەتاحی**

**»هاتنەدەری ئامریکا لە بەرجام چ دەرئەنجامێکی دەبێت؟**

بە بۆچوونی من ئاکامەکەی ئەوە دەبێ کە بەشێک لەو گەمارۆیانەی لەسەر ئێران نەمابوون بگەڕێنەوە؛ کە بریتییە لەو گەمارۆیانەی کە لە زەمانی ئۆباما‌دا لەسەر ئێرانیان فەرز کردبوو، چوونکە مەجموعەیەکی دیکە گەمارۆ هەبوون، کە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری لەسەر دابوو و هێندێکیان وڵاتانی ئورووپایی بڕیاریان لەسەر دابوو. جارێ ئێستە ئەم دوو بەشە ناگەڕێنەوە، بەڵام ئەوانەی ئامریکا دایناببوون دەگەڕێنەوە سەر ئێران و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی دۆخی ئابووریی ئێران بەرەو خراپتربوون بچێ و کێشەکانی نێوخۆیی ڕێژیم بن و ئەو ڕەوتە درێژەی هەبێ هەتا ئەو کاتەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار بێ بێتەوە سەر مێزی وتووێژ بۆ سازان لەسەر ئەو ویست و داخوازییانەی کە حکوومەتی ئامریکا ئێستا هەیەتی.

**»باستان لە کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم کرد، لەو ڕاستایەدا لە یەک دوو ڕۆژی ڕابردوودا یەکێک لە سەرانی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێژیم وتوویەتی کە "خامنەیی لەسەر ویستی دەوڵەت بەرجامی قەبووڵ کردووە و ڕۆحانی هێڵە سوورەکانی بەزاندووە، بۆیە دەبێت ڕۆحانی داوای لێبوردن لە خامنەیی و خەڵک بکات" لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئایا ئەو کێشانەی باسمان کرد فۆرماڵیتەن یان نا کێشەکان جیدین؟**

نا، کێشەکان جیددین، چونکە تاکوو ڕێژیم بەرەو لاوازی دەچێ خەڵکی ئێران بەو جۆرەی کە بە لانیکەم لە یەکساڵی ڕابردوودا دەستیان پێ کردووە، بەربەرەکانێی خۆیان دژی ڕێژیمی ئێران درێژە دەدەن، هەتا ئەو کاتەی کە قەیرانەکان لە ئێراندا چارەسەر نەکرێن، کێشە نێوخۆییەکان زیاتر پەرە دەگرن، لەبەر ئەوەیکە ئەو ناتەباییانە بەرهەمی سیاسەتێکی غەڵەتە؛ ئەو سیاسەتە غەڵەتە ئێستا کەس حازر نییە قەبووڵی بکا و وەئەستۆی بگرێ، هەر کەس دەیخاتە ئەستۆی ئەوی دی. هەروەک دەیبینین ئەوجارەش وەک هەمیشە وەلی فەقیهـ خەتاکانی خستە ئەستۆی دەوڵەت و دەوڵەت دەیخاتەوە ئەستۆی وەلی فەقیهـ، کە لە هەموو شتێک ئاگادار بووە و لێرەدایە کە کێشەکان زیاتر دەبن.

بەدیلی ڕوونی ئامریکا بۆ بەرجام چییە؟ گەڕانەوەی دووبارەی گەمارۆکان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

ترامپ لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەرجامی وەک یەکێک لە خراپترین قەرارادەکانی مێژووی ئامریکا ناو دەبرد و ئەوکات ڕایگەیاند کە لە بەرجام دێتەدەر و ئێستاش کە هەڵبژێردراوە بۆ سەرکۆماری، دەبێ ئەو دروشمە عەمەلی بکات، ئەویش پێی وایە ڕێژیم بەو قەرارادە دەستی ئاوەڵاتر بووە لە پێوەندی لەگەڵ یارمەتیدانی زیاتری تێرۆریستەکان و دوای ماوەی دیاریکراو لە بەرجام، کە ئەگەر هەڵە نەکەم ١٥ ساڵە دووبارە دەستی ئاوەڵا دەبێ لە پیتاندنی ئۆرانیۆم؛ بەتایبەتی هێندێک بەڵگەی ڕوون لەو پێوەندییەدا لەو ماوەیەدا هاتوونەتە ئاراوە کە دەریدەخەن کۆماری ئیسلامی هەر بە فکری دەسپێراگەیشتن بە چەکی ناوکی و پیتاندنی ئۆرانیۆم بووە و لەو ماوەیەدا درۆی کردووە لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی؛ لە لایەکی دیکەشەوە دەستێوەردانی لە وڵاتانی ناوچەکە، یەکێک لە ئامانجەکانی ئامریکا ئەوەیە دەستێوەردانەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچە کەم بکاتەوە، ئەوە بوو کە دیتمان لە ڕاگەیاندنەکانیاندا نیشانیان دا ڕێژیم بۆ دەستێوەردان لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی عێراقدا بڕێکی یەکجار زۆر پووڵی ئامادە کردبوو کە لە سنووردا گیران. ئامریکا دەیهەوێ دەستی ڕێژیمی ئێران لەو کارانە کورت بکاتەوە و تا ئەو کاتەی کە ئەو ئامانجانەی دێتە دی، هەم گەمارۆکانی پێشوو وەگەڕ دەخرێن و هەم گەمارۆی تازە دەخاتە سەر ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران.

**»باستان لە دەستێوەردانەکانی ئێران لە وڵاتانی ناوچەدا کرد و ئێستاش ئامریکا وا دەنوێنێت کە نایەوێت ڕاستەوخۆ دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئێراندا بکا و بە سەرنجدان بە ئەزموونەکانی پێشوو لە وڵاتانی لیبی، کوبا، کۆرەی باکوور و یەک دوو وڵاتی دیکە کە گەمارۆکان تەمەنی دەسەڵاتدارانی درێژتر کردۆتەوە، ئایا چڕکردنەوەی گەمارۆکان دەبێتە هۆی دارمان و ڕووخانی کۆماری ئیسلامی؟**

ئێستا باس لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نییە لە لایەن ئامریکاوە، بەڵام ویستی ئامریکا ئەوەیە کە هەر وەک باسمان کرد، ئێران بێنێتە سەر مێزی دانوستان بۆ ئەوەیکە ئەو خاڵانەی کە داخوازی ئامریکان، قەبووڵ بکات و تەجروبەی ڕابردووش نیشانی داوە، کە هەر کاتێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەژێر فشاردا قەرار دەگرێ و حکوومەتەکەی لاواز دەبێ و بەرەو ڕووخان دەچێ، تەسلیم دەبێ. ئێمە لە مێژووی هاتنە سەرکاری ڕێژیمدا ئەو حاڵەتەمان چەند جار دیتووە. یەکەمیان لە شەڕی ئێران و عێراقدا، کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیم شەڕێکی ٨ ساڵە لە نێوان ئێران و عێراقدا ڕووی دا و ڕێژیم دوای دانی هەزینەیەکی زۆر و کوژران و برینداربوونێکی یەکجار زۆر لە گەنجە ئێرانییەکان، لە کۆتاییدا کە دیتی دەرەقەتی عێراق نایە، هاتە سەر مێزی دانوستان و وەک خۆیان گوتیان خومەینی جامی ژەهری خواردەوە. دووهەم قۆناغ کە دەیبینین وەکوو ئەزموونێک هەر قەرارادادی بەرجام بوو، پێش ئەوەیکە بەرجام واژۆ بکرێت، سەرکۆمارەکانی ئێران بە تایبەت ئەحمەدی‌نژاد و بەرپرسانی باڵای سیاسیی و نیزامی دەیانگوت، کە ئەو گەمارۆیانەی کە ئامریکا خستوویەتە سەر ئێران، ڕۆڵیان نییە و تەنیا کوتە کاغەزێکی بێ ئەهەمیەتە، بەڵام کاتێک وەلی فەقیهـ زانی بەو دروشمانە چارەسەری نایە، بە نهێنی و بێ ئەوەی سەرکۆمار بزانێ، نوێنەری خۆی نارد بۆ عەممان و لەگەڵ نوێنەری ئامریکا قسەی کرد و بناغەی بە چۆکداهاتن و قەرارادادی بەرجامی ئەو کات باس کرد و لە کۆتاییدا دیتمان ملی ڕاکێشا بۆ ئەو خاڵانەی کە ئەو کات ئورووپا و ئامریکا دەیانەویست و خودی ئۆباما وەک سەرکۆماری ئامریکا پێی ڕازی بوو، ئەو دەمەیش قەبووڵی کرد و من گومانم نییە کە لە داهاتووشدا ئەگەر ئەو گەمارۆیانە ڕۆڵیان ئەوەندە زۆر بێ کە جارێکی دیکەش کۆماری ئیسلامی مەترسیی دارمانی یەکجاریی ئابووریەکەی هەبێ، دووبارە دێتەوە سەر مێزی وتووێژ و قەبووڵی ئەوە دەکا و ئامریکا دەیەوێ لەو تەجروبەیە کەڵک وەربگرێت.

**»ئایا چوونەدەری ئامریکا لە بەرجام ئەو ئاوانسە بە کۆماری ئیسلامی نادات کە هەژاری و نەداری و برسییەتی خەڵکی ئێران بخاتە سەر ئەستۆی ئەو گەمارۆیانە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەسەر ئێرانیدا سەپاندووە؟**

کۆماری ئیسلامی لەوە کەڵک وەردەگرێت، بەڵام دوای بەرجام کە گەمارۆکان لەسەر ئێران نەمان، هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەتایبەت خەڵکی ئێران شاهیدی ئەو ڕاستییە بوونکە دوای لابردنی گەمارۆکانیش ڕێژەی بێکاری، نەخۆشی و دۆخی خراپی ئابووری و ژیان لە نێو خەڵکی ئێراندا زیاتر و خراپتر بووە؛ ئەوە شتێکە کە خودی بەرپرسانی ڕێژیمیش دانی پێدەنێن، بۆیە پێم وایە ئەگەر کۆماری ئیسلامی بیەوێ جارێکی دی بگەڕێتەوە سەر ئەو شێوە تەبلیغاتانە، ئیدی کەس باوەڕی پێ ناکات.

**»هەر لەو پێوەندییەدا ئایا کاری دژبەرانی ڕێژیم کە کار بۆ دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ دەکەن، دژوارتر نابێتەوە؟**

ئێمە پێمان وایە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان هەتا بەرەو زەعفی زیاتر بڕۆن، سەرکوت و زەبروزەنگ لەسەر خەڵک زیاتر دەکەن، چونکە ڕێگاحەلیان بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکان و ڕازی کردنی خەڵک نییە و هەمووو چارەسەرەکان لە سەرکوت و زەبروزەنگدا دەبیننەوە کە ڕێژیمی ئیسلامی ئێرانیش یەکێک لەوانەیە، بۆیە ئێمە ئەو ئیحتماڵە دەدەین، کە پێ بەپێی ئەوەیکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لاوازتر دەبێ، سەرکوت و زەبروزەنگ هەر بەو شکڵە دەبێ.

دوای هاتنەدەری ئامریکا لە بەرجام، ئورووپا لە بەرجامدا دەمێنێتەوە یان ئەوانیش پشت لە ئێران دەکەن؟

دەزانی ئێستا شەڕی بازرگانی و قازانج و بەرژەوەندییە، ئورووپاییەکان هەمووو هەوڵیان ئەوەیە کە بەرجام بمێنێتەوە، بەڵام لەسەر ئەو خاڵانەی کە ئامریکا داوایان دەکا و ئەوانیش لەسەری هاودەنگن کە کۆماری ئیسلامی دەبێت دەست لە زیدەخوازییەکانی خۆی لە دونیای دەرەوە هەڵبگرێت، یارمەتی تێرۆریستان کۆتایی پێ بێنێت و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەدا نەکات بە جیاواز لەگەڵی واریدی وتووێژ بن؛ ئەوانە هەموو بەستراونەتەوە بەوەیکە لە داهاتوودا ئێران چۆن وڵامی ئەوە دەداتەوە، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە ئێران لەئاکامدا ئەگەر بە داخوازی ئورووپاییەکانیش ڕازی نەبێت، ئورووپاییەکان بازرگانیی لەگەڵ ئامریکا ناگۆڕنەوە بە ئێران؛ بەو مانایە کە ئەوانیش لە دوای قازانج و بەرژەوەندی خۆیاندان و قازانج و معاملە کردنی ئەوان لەگەڵ ئامریکا چەندین بەرانبەری ئێرانە، بۆیە ئەوە بە بۆچوونی من شتێکە کە جێگای گومان نییە، بەڵام لەو ماوەیەدا هەوڵ دەدەن کە هەم لە بەرجامدا بمێننەوە و هەمیش داخوازییەکانی ئامریکا لەسەر ئەو خاڵانە جێبەجێ بکەن کە کۆماری ئیسلامی بێننە سەر مێزی وتووێژ و پێی ئیمزا بکەن.

**»ئایا گەمارۆکان کاریگەری زیاتریان لەسەر خەڵک دەبێت یان لەسەر دەسەڵات؟**

هەموومان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەناسین، تەجروبەیەک کە لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا هەیە و لە دوای بەرجامیش نیشانی دا، هەمووو خەڵکی ئێران دڵیان بەوە خۆش بوو کە بە ئیمزاکردنی بەرجام، کار زۆرتر و داهاتی خەڵکیش زیاتر دەبێت، مەعیشەت باش دەبێت، ئەو فەزا توندوتیژ و ئەمنییەتییەی کە لەسەر خەڵک زاڵە، ئارامتر دەبێتەوە، ئەو پووڵەی کە بە دەستی دێنێ بۆ گوزەرانی خەڵک بەکاری دێنێ، بەڵام تەجروبە نیشانی داوە هەمووی ئەوانە بەپێچەوانە بوون، یانی هەر دوای هەڵگرتنی گەمارۆکان تا ئێستا، گرانی لە ئێراندا چەند بەرانبەر زیاد بووە، نموونەی زەق و بەرچاوی نرخی تمەنە کە لە بەرانبەر دۆلاردا لە ماوەی ٦ یان ٧ مانگی ڕابردوودا حدودی ٥٠ لەسەد زیاتر دابەزیوە و ئەو دابەزینە هەروا بەردەوامە و بێجگە لەوەش دیتمان ئەو پووڵانەی کۆماری ئیسلامی لە دوای بەرجام و لاچوونی گەمارۆکان دەستی کەوت، لە جیاتی ئەوەی بۆ پێداویستیەکان و ڕفاهی خەڵکی ئێران تەرخان بکرێت، بۆ پەرەپێدانی تێرۆریزم و دەستێوەردانی لە وڵاتانی ناوچە و بەهێزکردنی ماشینی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەکار هات، بۆیە ئەمن لەو باوەڕەدام کە ئەو گەمارۆیە بۆ خەڵکەکە فەرقێکی ئەوتۆ ناکات، بەڵام لە باری ئابوورییەوە شوێندانەری زۆر لەسەر ڕێژیم دادەنێ.

**»دواهەڵوەستەی ئامریکا لەسەر ئێران دەتوانێت چ بێت؟**

پێم وابێت ئامریکا دەیەوێت ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بگەیەنێتە ئەو ئاستەی کە ئەو کۆماری ئیسلامییەی ئێستا نەمێنێت! دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دراوسێ نەکات، یارمەتی گرووپ و دەوڵەتە تێرۆریستییەکان نەدات، مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێران پێشێل نەکات، ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئەو خاڵانە قەبووڵ بکات، من پێم وایە ئامریکا هیچ هەوڵێك بۆ ڕووخانەکەی نادات، بەڵام ئێستا ئەو پرسیارە لە ئارادایە کە ئەگەر ئێرانیش لە بەرجام بێتە دەر و پیتاندنیش دەست پێ بکاتەوە، ئەو دەم چ ڕوو دەدات کە زۆر گرینگە، من پێم وایە لەوەدا لێی قەبووڵ ناکەن نە ئامریکا و نە ئورووپا و دژکردەوەی زۆر توندیان دەبێت؛ جا ئایا ئەو دژکردەوانە دەگەنە ئەو ئاستەی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێ یان نەڕووخێ، ئەوە بەستراوەتەوە بە داهاتوو کە دەبێ بزانین چۆن ئەو پرۆسەیە دەچێتە پێشەوە .

**»بەو پێیە ئایا لە ئێستادا سیاسەتی گۆڕینیش لە ئارادا نییە؟ ئەوەی کە بە ئاشکرا چ لە لایەن ئورووپا چ لە لایەن ئێرانەوە رادەگەیەندرێت سیاسەتی گۆڕان لە ئارادا نییە، گریمان کە سیاسەتی گۆڕین لە ئارادا بوو، کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەتوانێت وەک ئاڵتێرناتیڤ حیساب لەسەر کام لایەن یان هێز بکات؟**

ئەوە یەکێک لە پرسە زۆر گرینگەکانە کە هەم بۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەم بۆ خەڵکیش زۆر مەترەحە کە دوای ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کێ دێتە سەرکار؟ ڕەنگە بەشێک لەوەیکە ڕۆژئاوا بە گشتی جارێ بیر لە گۆڕینی کۆماری ئیسلامی ناکاتەوە، نەبوونی ئاڵتێرناتیڤێکە کە دوای ڕێژیم بتوانێ ئێران بە شێوەیەکی دیکە ئیدارە بکا. ڕەنگە تا کاتی پێکهاتنی ئەم ئاڵتێرناتیڤە ئەو حاڵەتە لە نێو ئورووپا و ئامریکادا بمێنێتەوە، هەتا بەو جۆرەی عەرزم کردی لە نێو ئێرانییەکانیشدا بەشێکیان لانیکەم ئەوانەی لایەنگری کۆماری ئیسلامین و دژ بە ڕووخانی ڕێژیمن هەر بەو دەلیلەی دەڵێن کە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کێ بێ؟

**»کێشە و لەمپەرەکانی بەردەم هاتنە ئارای ئاڵتێرناتیڤ چین لە ئێستادا؟ بۆچی ئۆپۆزیسیون کارێک ناکەن پێکەوە کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی زووم لە سەر لایەنێک نەکەن و هەموویان لە دەسەڵاتی داهاتوودا بەشدار بن؟**

هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئۆپۆزیسیونی سەرانسەری زۆر بێ‌هێز، نایەکگرتوو و بە بیروبۆچوونی جیاوازەوەن، بۆیە ئەوانە نەیانتوانیوە لە ماوەی سی و چەند ساڵی ڕابردوودا کە تەمەنی ڕێژیمە بە بەرنامەیەکی سیاسیی ڕوون و دیاریکراو بگەن، بۆ ئەوەیکە هەم خەڵکی ئێران بزانن چ ئاڵتێرناتیڤێکیان دەوێت هەم دەرەوەی وڵات، جا دوایە بڕیار بدەن کە یارمەتی بکەن یان نا کە ئەوە یەکێک لە شانسەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە کە لە واقیعدا بووەتە یەکێک لە هۆیەکان کە بتوانێ بمێنێتەوە و نەڕووخێ. ئەگەر باس لە ئۆپۆزیسیونی کوردی ئێران بکەین، پێم وایە بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوو وەزعیان باشترە؛ لە باری لێک نزیکبوونەوە و هاوکاریدا و هەر وەکوو دەزانن ناوەندێکی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەم کۆتاییانەدا پێک هاتووە کە دیالۆگ و پرس و وتووێژ لەسەر پرسە جۆراجۆرەکان دەکەن، کە ئاکامی باشیشی تا ئێستا هەبووە.

**»ئایا ئەو ناوەندە هاوکارییە خاو نیە لە کارکردندا یان لە پراکتیکدا کارێکیان کردووە کە ئێمە ئاگاداریان نەبین؟ دانیشتنی بەردەوام چ قازانجێکی هەیە کاتێک لە کردەوەدا هیچ کارێک ناکرێت؟**

لانیکەمی قازانجی ئەوەیە ئەگەر ڕێکخراوەکانی کوردی ئێران جیاوازیی بیروبۆچوونیان هەبێ، لە هەر بارێکەوە لە جیاتی ئەوەیکە وەکوو ڕابردوو بە شەڕ و کێشە لەگەڵ یەک چارەسەری بکەن، لە دانیشتنەکاندا قسەی لەسەر دەکەن، ڕەنگە ناوەندی هاوکاریی هەتا ئێستا نەیتوانیبێ بە شێوەی عەمەلی کارێکی بەرچاوی کردبێ، کە خەڵکی کورد لە خۆرهەڵاتیش چاوەڕوانیەتی، بەڵام ئەو دەسکەوتە نابێ بەکەم بگرین، چونکە هەمووو تەوافوقات و بەرنامەی عەمەلی و کاری سیاسی لەو دانیشتنانەدا دێتە پێشێ، بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێ ئۆپۆزیسیونی کوردی ئێران تەنانەت ئەگەر بەهێزیش بێ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بەتەنێ بۆی زۆر زەحمەت دەبێ.

**»ئایا ئۆپۆزیسیونە سەرتاسەرییەکان لەو ڕاستایەدا هیچ داوایەکیان لە ئێوە وەک حدکا یان ئۆپۆزسیونی کورد هەبووە بۆ دوای دارمان یان گۆڕین؟**

ئێمە لەگەڵ چەندین ئێئتلافی سەرانسەریی ئێران هاوپەیمانین یان ئەندامین لە ڕێکخراو و ئێئتلافەکاندا، لە زۆر خاڵدا پێکەوە هاوڕاین، بەڵام هێندێك لەو لایەنانەش هەن، کە دژی ویست و داخوازییەکانی ئێمەن، وەکوو دەزانن بەشێکیان کاتێک کە تۆ باسی مافی نەتەوەیی دەکەی خێرا باسی دابەشکردنی ئێران و ئەو جۆرە شتانە مەترەح دەکەن، تەقریبەن کەم و زۆر وەکوو ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین، بۆیە تاکوو ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە لەگەڵ هەمووو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بە تەوافوقێکی سیاسی بگەین، بەڵام لەوێشدا ئێمە وەک حیزبی دێموکرات و ئۆپۆزسیۆنی دیکەی کورد لە خۆرهەڵات وەزعمان باشترە. ئێمە ئێستا زۆر ڕاحەت دەتوانین ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی خۆمان لەگەڵ ئەوان باس بکەین و لەگەڵ هێندێکیان بە تەوافوق بگەین، بەڵام ڕەنگە ئێوەش لە بیرتان بێ، کە ساڵانێک لەوە پێش و لە سەرەتاکاندا ئەسڵەن بۆیان تەحەموول نەدەکرا کە باسی مافی نەتەوەیی بکەی، باسی فێدرالیزم بکەی، ئەوانەیان قەبووڵ نەبوو، بەڵام ئێستا بەشێکی زۆریان کە ئێمە لێیان نزیکین و لەگەڵیان لە ئێئتلافداین، ئەوانەیان قەبووڵ کردووە.

**»وەک دوایین پرسیار؛ کورد بەگشتی و حیزبی دێموکرات بەتایبەت لە خۆرهەڵات چۆن دەتوانێت ئەو هەلە کە بە هۆی گرژی و ئاڵۆزییەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ دنیای دەرەوە و هەروەها کێشە نێوخۆییەکانی ڕێژیم هاتووەتە ئاراوە، بە قازانجی کورد بقۆزنەوە ؟**

لێرەدا دەبێ ئیشارە بە دوو خاڵی زۆر گرینگ بکەم: یەکیان، ئێمە وەک ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردی ئێران دەبێ واقیعییەتەکان لە بەرچاو بگرین، ئەو واقیعییەتانەی کە لە نێوخۆی ئێراندا هەیە، بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ڕۆژهەڵاتدا پێک هاتووە. دووهەم: دۆخی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، چونکە ئێمەش وەک بەشێک لە ئێران لە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەدوور نین، ئێمە ناکرێ وەدوای خەیاڵات و ئەوانە بکەوین و سیاسەتێک بەکار بێنین کە لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و مەنتەقەدا هەیە غافڵ بین. جگەلەمەش ناتوانین تووشی بەرزەفڕی و خەیاڵات بین، ئێمە حیزبە کوردیەکانی ئۆپۆزسیونی ئێرانی وەکوو حیزبی سیاسی دەبێ لەگەڵ واقیعیات بەرەوڕوو بین، ئاوات و ئامانجی خەڵکی کورد بەتایبەت گەنجەکان جێگەی ڕێزە و دەتوانن ئارەزووی خۆیان هەبێ، بەڵام حیزبی سیاسی دەگەڵ واقیعیات تەرەفە؛ دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعییەتانە ئاڵقەی نزیکایەتی و ئێئتلاف لەگەڵ لایەنانەکانی خۆرهەڵات هەروا بەهێز بێت و هەنگاو بە هەنگاو بچینە پێش بۆ کاری زیاتر کە لە دەستمان دێت و ئیمکانی هەیە دەتوانین جێبەجێی بکەین و دەرفەتیش لەدەست نەدەین، چونکە ئەگەر ڕێکخراوی زیاتریش لەو ناوەندی هاوکارییەدا بێ و بەرنامەی عەمەلی و بەکردەوەییش نەبێ و لەواقیعدا هەروا بمێنێتەوە و چاوەڕوانی ڕووداوەکان بێت، ناتوانین لە فورسەتەکان کەڵک وەربگرین بە قازانجی خەڵکەکەمان.

# هەڵسەنگاندنی کتێبێک!

قادرئەلیاسی

کتێبی "هەڵبژاردەیەک لە کورتە چیرۆکە کۆنەکانی دنیا" لە لایەن بەڕێز کاک حەمەمین مەجیدیان لە زمانی ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردی.

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە لە کتێبی Great short stories of the world وەرگیراون. وەرگێڕی ئەم چیرۆکانە لە پشتەوەی بەرگی کتێبەکە نووسیویەتی: ئەم کتێبە" کۆمەڵێک کورتە چیرۆکی هەڵبـژاردەن لە وێژە و ئەدەبی وڵاتانی جیهان کە Barret H. Clark و Maxim Lieber بە پێشەکی Gerda Charles بڵاویان کردۆتەوە."

ئەوەی لەم کتێبەدا وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و من دەمهەوێ باسی لە سەر بکەم، بریتییە لە ٣٤ کورتەچیرۆک. ئەم چیرۆکانە بە چیرۆکی "سەتنا و کتێبی جادوو" دەست پێدەکا کە١٤٠٠ساڵ بەر لە زایین نووسراوە و لە نێو گۆڕی مۆنکێکی میسریدا دۆزراوەتەوە. چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشە و لە باوەڕی دوونای دوون دەدوێ کە لە دینی بوودا و ئایینی یاری کوردە یارسانییەکاندا، کۆڵەکەیەکی سەرەکییە.

دووهەمین چیرۆکی ئەم کتێبە "ئومەوس"ە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ١٤٠٠ساڵ پێش لە دایک بوونی عیسا و لە لایەن "هۆمێر"ەوە نووسراوە و هەڵقوڵاوی ئەدەبی یۆنانی کۆنە. لەم چیرۆکەدا بەسەرهاتی ئەو کچە دەخوێنینەوە کە چەتە فینیقییەکان دزییان و دواتر بە نرخێکی گران فرۆشتیان.

سێهەمین چیرۆک، ناوی "شا رامسینیتوس و دزێک"ی لەسەر نووسراوە. ئەم چیرۆکەش هی سەردەمی یۆنانی کۆنە و هیرۆدۆتوس نووسیویەتی کە لە ساڵانی ٤٢٤.٤٨٤ی پ ز ژیاوە. لەم چیرۆکەدا بابەتی دزینی خەزێنەی شا و... دەخوێنینەوە.

چوارەمین چیرۆک، ناوی "تاڵانچیانی میسری"ە کە هەلیۆدۆروس لە دایک بووی سەدەی ٣ی زایین، نووسیویەتی. چیرۆکی "تاڵانچیانی میسری" هەڵقوڵاوی ئەدەبی یۆنانی کۆنە کە وێڕای ئاماژە بە کرداری بێ بەزەییانەی تاڵانچییە دەریاییەکان، لە نێوان توندوتیژی مرۆڤە سەرکێشەکان و خۆشەویستیدا، سەرەنجام خۆشەویستی وا لەو مرۆڤە شەڕەنگێزانە دەکا واز لە دڕندەیی و خوو و خدەی کێویانە بهێنن و لە بەرامبەر جوانی و دڵۆڤانی مرۆڤدا چۆک دابدەن.

چیرۆکی پێنجەم، "کەیبانووەکەی ئیفیسووس" کە لە ئەدەبی رۆم هەڵێنجراوە، لە لایەن گایوس پیترۆنیوس ئاربیتێر (لە سەرەتای ساڵەکانی سەدەی یەکەمی زایین لە دایک بووە و لە ساڵی ٦٦ی ز دا مردووە)، نووسراوە. ئەم چیرۆکە باس لە خۆشەویستی نێوان ژن و پیاوێک دەکا. نووسەر، ئەوەندە ئەو خۆشەویستییە زەق دەکاتەوە کە تەنانەت ژنەکە پاش ئەوەی مێردەکەی دەمرێ و لەگەڵ تەرمەکەیا دەچێتە گۆڕستانەکە، ئامادە نییە گۆڕی ئازیزە لە دەست چووەکەی بەجێ بێڵێ تا رووداوێکی دیکەی بەسەردا دێ. ژن بە چووک زانین

"چیرۆکی رووس"، شەشەمین چیرۆکی ئەم کتێبەیە کە لە ئینجیلی کۆن وەرگیراوە و سەر بە ئەدەبی کۆنی عیبرییە. بابەتی چیرۆکەکە ئەو دابونەریتە دەگێڕێتەوە کە لەو سەردەمەدا لە نێو خەڵکیدا باو بووە. باسی کۆچبەری و گەڕانەوە بۆ زێد و گرێدانەوەی مرۆڤ بە خاک و میراتەوە دەکا.

"سووزاننا" ناوی هەفتەمین چیرۆکە کە سەردەمی عیبری کۆن و عیسا و ئایینی مەسیح دەگێڕێتەوە. ئەم چیرۆکە بە دەرخستنی هەڵسوکەوت و رەفتاری مرۆڤە پاکداوێنەکان لە لایەک و دادوەرە فێڵزان و هەوەسبازەکان لە لایەکی دیکەوە، دیهەوێ بە خوێنەر بڵێ: بەری بوختان و درۆ کورتە. لە روانگەی ئایینیشەوە دلۆڤانی و دادپەروەری خوا بە گوێی خوێنەردا دەدا و سەرەنجامی کردەوە چاک و خراپەکان بە خوێندنەوەی ئایینی دەپەرژێنێ.

هەشتەمین چیرۆک، ناوی "دێوێکی خۆخواز"ە. ئۆسکار وایڵد ئەم چیرۆکەی نووسیوە. چیرۆکی دێوێکی خۆخواز بە خۆبەزلزانی دەست پێدەکا و بە ملدانەواندن بۆ بوونەوەرەکانی دەوروبەر دەشکێتەوە. سەرنجێکی وردی نووسەر لە دووتوێی ئەو چیرۆکەدایە کە خوێنەر دەبێ بیخوێنێتەوە، ئەوسا بزانێ مەبەستی من لەم بەسەرکردنەوەیە چییە.

چیرۆکی نۆیەم، ناوی "ورچەبۆر و مام ڕێوی"یە. ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٢٣٠ی زایینی لە ئاڵمان نووسراوە. ناوەرۆکێکی کۆمیدی، تیزبەیتی هەیە. واتە هەم پێکەنین دەخاتە سەر لێوی خوێنەر و هەمیش هەڵگری پەندێکی ئاشکرایە. پەندەکەش زۆرزانی و فێڵبازی لە لایەک کە مام ڕێوی نوێنەرایەتی دەکا و بێ ئاوەزی و کاڵفامی لە لایەکی دیکەوە کە ورچەبۆر بە خوێنەری دەناسێنێ.

ئەم چیرۆکەم پێشتر بە شێوەیەکیتر بەڵام لە ناوەرۆکدا بە هەمان واتا لە باوکم بیستووە کە بە کورتی ئاوایە: رۆژێ ڕێوی دوای دزینی مریشک و پەلەوەری گوندێک، سکاڵای لە کن پاشای دارستان لێدەکرێ. ئەویش بۆ خۆرزگارکردن لەو سزایە، دەچێتە لای ورچ و دەڵێ: کوێخای گوند مردووە. شێری پاشا بە دوای کەسێکدا دەگەڕێ بیکا بە کوێخا. ئەگەر تۆ بخوازی، دەتوانی ببی بە کوێخا. بەڵام مەرجێکی تێدایە و ئەویش ئەوەیە پاشا تاقیت دەکاتەوە.

ورچ دەپرسێ:

- مەرجەکە چییە؟

ڕێوی: هەرچی پرسیاری پاشایە دەبێ بە بەڵێ وەڵام بدرێتەوە و لە کۆتاییدا ئەگەر پرسیاری کرد: پەشیمان نیت؟ تۆ بڵێ: نا.

ورچیش ناهێڵێ پاشماوەی قسەکانی مام ڕێوی تەواو بێ، بە پەلە خۆی دەگەیەنێتە لای پاشا. خۆی لە بەردەمیدا دەچەمێنێتەوە و ڕێک رادەوەستێ. شێر دەپرسێ:

- تۆ مریشکی گوندت خواردووە؟

ورچ: بەڵێ قوربان.

- تۆ قەل و مراوی گوندت خواردووە؟

ورچ: بەڵێ قوربان.

شێر لێی توورە دەبێ و دەپرسێ: ئەی ناترسی لەو کارەی کردووتە؟

ورچ: نا، قوربان.

شێر تووڕەییەکەی ئەوەندە زۆر دەبێ، پەلەماری ورچ دەدا، پێستی لە پشتی سەرییەوە لێدەکاتەوە تا پاشووی و فەرمان دەکا لە بەر چاوی ون بێ. ورچیش بەو لەشە زامارەوە لە کاتێکدا پێستەکەی بە سەر زەویدا دەکشێ و بەرەو لانەکەی خۆی کێش دەکا، لە دوورەوە چاوی بە مام ڕێوی دەکەوێ. ڕێوی بە شێوەیەکی ئەوپەڕی گاڵتەجارییەوە هاواری لێدەکا:

- هۆ کوێخای خوێڕیاوا عاباکەت هەڵکە.

چیرۆکی "تووڕەیی" دەیەمین چیرۆکی ئەم کتێبەیە کە پاول هەیسەی ئاڵمانی ساڵی ١٨٥٥ بڵاوی کردۆتەوە. ئەم چیرۆکە تێکەڵاوێکی سەرنجڕاکێشە لە نێوان هەژاری و خەبات بۆ مانەوە لە لایەک و خۆشەویستی و شاردنەوەی ئەو هەستە لە نێوان دوو کەسدا لە لایەکی دیکەوە کە ئایین بە شێوەیەکی تەمومژاویی بە دەوری ئەو کێشانەدا دەسووڕێتەوە.

"کۆشکێکی پڕ نهێنی"، چیرۆکی یازدەهەم لە نووسینی ئانوور باڵزاک لە سەدەی ١٨ لە فەرانسە نووسراوە. ئەم چیرۆکە رازێک و سزادانی کەسێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە باری دەسەڵاتەوە پیاو وەک بڕیاربەدەست بەرجەستە دەکا و ژنیش وەک کەرەستەی ئەو دەسەڵاتە دەخاتە بەرچاوی خوێنەر.

"کڵاوسوورە چکۆل"، چیرۆکی ژمارە دوازدەی ئەم وەرگێڕانەیە کە چارلز پیراڵت لە کۆتایی سەدەی شانزدەدا لە فەرانسە بڵاوی کردۆتەوە. ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی کڵاوسوورە چکۆل و مام گورگ دەگێڕێتەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا رووسیە بە کەڵک وەرگرتن لەم چیرۆکە، کارتۆنێکی منداڵانی سازکردبوو کە کاناڵی Kurdsat کردبووی بە کوردی و بە دوبلاژێکی جوان بە دەنگی دوو برای هونەرمەند ئیبراهیم و دلێر ئەحمەد، شوێنێکی باشی بۆ خۆی لە چیرۆکی منداڵاندا پاوان کردبوو. جیاوازی ئەم چیرۆکە کارتۆنییە لەگەڵ کڵاوسوورە چکۆل ئەوەیە کە لێرە بەپێچەوانەی ئەسڵی چیرۆکەکەی چارلز، مام گورگ دەبێ بە نێچیر.

میمنۆنی فیلۆسۆف چیرۆکی ژمارە ١٣یە کە نووسەرەکەی ڤۆلتێر لە دایک بووی ١٦٩٤ی پاریسە و باس لە خەیاڵپڵاوی مرۆڤ دەکا. لە دوو توێی ئەو چیرۆکەدا میمنۆن بەرزەفڕانە هەوڵ دەدا ببێ بە فەیلەسوف بەڵام لە هیچ کام لەو تاقیکارییانەدا کە خۆی دیاری دەکا، سەرناکەوێ. ئەو بەو گشتە تاقیکردنەوەیە بە یەک راستی دەگا کە ئەویش ئەوەیە: "ئەگەر مرۆڤ هەموو شتێک لە پلەی گەشەسەندووی خۆیدا و لە پێوەندی لەگەڵ هەموو ئەم گەردوونە لەبەرچاو بگرێ"، دەتوانێ بە ئامانجی دڵخوازی خۆی بگات.

چیرۆکی ژمارە١٤، ناوی "پیاوە چاوبەستەکەی مریەمەی پیرۆز"ە کە ئاناتۆل فرانس، لەدایک بووی ١٨٤٤ی پاریس نووسیویەتی. لەم چیرۆکەدا لایەنی نادیار و شاراوەی بیری مرۆڤ کە بە پەرجوو(معجزە) و تەردەستی(سیحر) وێنا دەکرێ و تێهەڵکێش دەبێ لەگەڵ ئایین، دەخرێتە بەر دیدی خوێنەر و تاوێک بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە بە مرۆڤ و دەوروبەر دەبەخشێ.

"دوایین وانە"، چیرۆکی ژمارە١٥یە و ئالفۆنس داودە لە دایک بووی ١٨٤٠ی شاری نیمێس Nîmês ی فەرانسە نووسیویەتی. سەردەمی شەڕی پرۆس( بەشێک لە وڵاتی ئاڵمانی ئێستا و لەهستان و...) لە دژی فرانسە دەگێڕێتەوە و بە شێوەیەکی وێژەیی ئاماژە بە ئێش و ئازاری بندەستیی گەلێک دەکا. لەو چیرۆکەدا یەکێک لە کۆڵەکەکانی مانەوەی گەلێک بۆ رزگاری لە توانەوە و لەناوچوون، پاراستنی زمانە. نووسەر دەڵێ: " گەلێک کە دەبێتە ژێردەستە و کۆیلە، تا ئەو کاتەی زمانەکەی خۆی راگرتووە، لە زیندانییەک دەچێ کە کلیلی زیندانەکەی بەلاوە بێت".

"پەری ئامووریوس" چیرۆکی ژمارە١٦ی ئەم کتێبەیە کە " ئیمیل زۆلا"ی فەرانسی لە سەدەی نۆزدەدا نووسیویەتی. لەم چیرۆکەدا بەسەرهاتی خاتوو ئۆدیت و "لۆرد ئینگوراند"ی مامی دەخوێنینەوە کە ترس و هیوا بۆ پاراستنی خۆشەویستی لە لایەک و دژایەتی ئەو خۆشەویستییە لە لایەکی دیکەوە ململانێی نێو ئەو چیرۆکەیە.

چیرۆکی ژمارە١٧ی ئەم کتێبە، چیرۆکی " سەربازە سوارەکەی روستیکانا"یە کە لە لایەن گیرڤانی ڤیرگا، لە دایک بووی ١٨٤٠ کاتانیا سیسیلی ئیتالیا نووسراوە. ئەم چیرۆکە ئاوڕ لە خۆشەویستی کچێک دەداتەوە کە دوو کوڕ لە سەری شەڕیانە. خوێندنەوەی ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی ئەلێکساندر پووشکین(١٨٣٧-١٧٩٩)، شاعیر و نووسەری گەورەی رووسم وەبیر دێنێتەوە. چیرۆکی " سەربازە سوارەکەی روستیکانا" چیرۆکێکە پڕە لە ئازار و خۆزگە و ئاواتی وەدینەهاتوو.

هەژدەهەمین چیرۆک، چیرۆکی "وەسیەتنامەی جووتیارێک" لە نووسینی "ئانتونیۆ ڤاگازارۆ"ی ئیتالیاییە کە لە باکووری ئەو وڵاتە و لە ساڵی ١٨٤٢ لە دایک بووە. نووسەر لەم چیرۆکەدا بابەتی میراتی جووتیارێک دەخاتە بەرچاوی خوێنەر و ئاوڕ لە ژیانی پڕ لە ژانی ژنان لەو سەردەمە دەداتەوە.

چیرۆکی ژمارە ١٩، چیرۆکی "ماڵاوا کۆردێرا"یە. لیۆپۆڵد ئالاس نووسەری ئەم چیرۆکە لە زامورای سپانیا و ساڵی١٨٥٣ لە دایک بووە. ئەم چیرۆکە باسی وەفاداری و هۆگری نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لە لایەک و دڵڕەقی مرۆڤە دەوڵەمەندەکان لە لایەکی دیکەوە دەکا. ئەم چیرۆکە ئاوڕ لە کۆتایی سەردەمی دەرەبەگایەتی سەرهەڵدانی دەورانی سەرمایەداری دەداتەوە.

"گیاندارێکی ماڵەکی"، چیرۆکی ژمارە ٢٠ی کتێبی "هەڵبژاردەیەک لە کورتە چیرۆکە کۆنەکانی دنیا"یە. ئەم چیرۆکە لە نووسینی شیمازاکی، نووسەری ژاپۆنییە کە لە ساڵی ١٨٧١ لەو وڵاتە لە دایک بووە. ناوەرۆکی چیرۆکی "گیاندارێکی ماڵەکی" ئاوڕدانەوەیەکە لە ژیانی سەگێک کە بە هۆی رەفتارە نەشیاوەکانییەوە تووشی دەیان چەرمەسەری دەبێ.

چیرۆکی ژمارە٢١، ناوی "چیرۆکی سەعیدجا"یە. ئیدوارد داوس دێککەر کە لە دایکبووی وڵاتی هۆڵەندە و ساڵی ١٨٢٠ هاتۆتە دنیا، ئەم چیرۆکەی نووسیوە. لەم چیرۆکەدا سەعیدجا بۆ ئەوەی بە خۆشەویستەکەی بگا، رێگایەکی دوور و پڕ لە دەردیسەری دەگرێتەبەر. ناوەرۆکی چیرۆکەکە ناوەرۆکێکی پڕ لە ئاخ و ئۆف و خۆزگە و بێهیواییە.

چیرۆکی "برینێکی نادیار" کە چیرۆکی ژمارە٢٢ی ئەم کتێبەیە، لە نووسینی کارۆلی کیسفالۆدی، لە دایکبووی ساڵی١٧٨٨ی وڵاتی مەجارستان (هەنگاریا)یە. لەم چیرۆکەدا پیاوێک بە هۆی بڕیاری بە پەلە تووشی تاوانێک دەبێ کە خوێنەر بە هەست و تێڕامانێکی پڕ لە هەڵچوونەوە تا کۆتایی چیرۆکەکە پەلکێش دەکا.

" کڕێوە" چیرۆکی ژمارە ٢٣، لە نووسینی ئەلێکساندر پووشکینە. پووشکین (١٨٣٧-١٧٩٩) لە دایک بووی مۆسکۆیە. چیرۆکی "کڕێوە" گێڕانەوەیەکی نووسەرە کە لە رەدووکەوتن و هەڵگرتنی کچ یان ژنی بە مێردی لای خۆمان " کوردستان" دەچێ. لەم چیرۆکەدا جگە لەو وێکچوونە، خوێنەر دەقێکی ئەدەبی پاراو دەخوێنێتەوە کە لە کۆتاییدا بە یەک گەیشتنی دوو دڵ، بیرەوەرییەکانی رابردوو لە نێوان ئەو دوو کەسەدا جارێکی دیکە دەژیێتەوە.

"دوورخراوە"، ناوی چیرۆکی ژمارە ٢٤ە کە لیۆتۆلستۆی (١٩١٠-١٨٢٨) نووسیویەتی. ئەم چیرۆکە ژیانی دوورخراوەیەک دەگێڕێتەوە کە بە ناڕەوا گیراوە و دوورخراوەتەوە بۆ سیبری (باکووری رووسیە). نووسەر وەک باوەڕمەندێکی ئایینی بۆ سەلماندنی باوەڕی خۆی کە زوڵم و ستەم پشت بەخوا هەر کۆتایی دێ، سەرەنجامی تاوانبار و بێتاوان لە سیبری یەکانگیر دەکا.

چیرۆکی "ئێوارەیەکی پاییزی"، ژمارە ٢٥ لە نووسینی ماکسیم گورکی (١٩٣٦- ١٨٦٨)، باسێکی سەرنجڕاکێشە لە هەژاری ژیانی مرۆڤە هەژارەکان و چەکەرەدانی خۆشەویستی نێوان دوو مرۆڤ لەوپەڕی بێدەرەتانی و ساردی و قاتی و قڕیدا. چیرۆکەکە ئەوەندە پڕ لە ئازار و ترس لە مردنە، هێندەش تەژییە لە هۆگری مرۆڤ بە ژیان و مانەوە.

شۆلۆم ئاش(١٩٥٧-١٨٨٠) نووسەری لێهاتووی بە رەچەڵەک جووی لەهیستان(پۆڵەندا)یە. شۆلۆم نووسەری چیرۆکی "بەجێهێڵراو"، ژمارە ٢٦ە کە ئاوڕ لە ژیانی کولەمەرگی ساوایەک دەداتەوە کە چۆن ژیانی لە نێوان دایک و باوکیدا دەکەوێتە بەر تاقیکاری. چیرۆکەکە سەرەنجام بە قووڵ بوونەوە لە واتای دوو وشەی وەفاداری و بێوەفایی کۆتایی دێ.

چیرۆکی ژمارە ٢٧، ناوی "لە با و بۆراندا"یە. داوود پینسکی(١٩٥٩-١٨٧٢) کە لە دایکبووی رووسیایە، ئەم چیرۆکەی نووسیوە. نووسەر لە وەرزێکی پڕ لە ساردی و سۆڵی و سەرما و با و بۆراندا، پەرژاوەتە سەر رقی پیرەژنێک و ناکامی دوو دڵدار. ئەگەرچی چیرۆکەکە بە ئەنجامێکی دڵتەزێن کۆتایی دێ، بەڵام هەستی دایکانە لە سەرووی هەموو هەستێکی دیکەوەیە.

"هەنریک و رۆزالیا" چیرۆکی ژمارە٢٨ی ئەم کتێبەیە کە مایەر ئاروون گوڵدشمیت (١٨١٩-١٨٨٧) خەڵکی دانمارک نووسیویەتی. چی وای کرد رۆزالیا بڕیای جیابوونەوە بدا و چی دیسان هاتە بەردەمی رۆزالیا کە هەنریکی خۆش بوێ، ناوەرۆکی چیرۆکەکەیە کە دەبێ خوێنەر کاتێکی بۆ تەرخان بکا تا وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی سەرەوەی دەست کەوێ.

یەنس پێتر یاکووبسن(١٨٨٥-١٨٤٧)، خەڵکی دانمارک چیرۆکی ژمارە٢٩ی بە ناوی "دوو دنیا" نووسیوە. ئەم چیرۆکە لە نێو مێشکی مرۆڤەکان دوو دنیای جیاوازی سازکردووە کە هەر کەسە و بە شتێکەوە سەرقاڵە.

"باوک" ناوی چیرۆکی ژمارە ٣٠ی ئەم کتێبەیە کە چیرۆکنووسی نۆرویژی بێورن ستێرنە بێورنسن( ١٩١٠- ١٩٣٢) نووسیویەتی. ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە کە پڕە لە سۆز و هەست و دڵپاکی باوکێک بۆ ئەوەی کوڕە تاقانەکەی بە لووتکەی بەختەوەری بگەیەنێ، بەڵام چارەنووسی کوڕ بە شێوەیەکی دیکە لە کۆتایی ئەم چیرۆکەدا تۆمار دەکرێ.

"جوامێری" چیرۆکی ژمارە٣١ لە نووسینی فێرناندێز گارسیا(١٩٥١-١٨٦٧) چیرۆکنووسی کۆستاریکایە. ئەم چیرۆکە باس لە جوامێری دوکتورێک دەکا کە بارودۆخی وڵاتەکەی تووشی خەباتێکی چەکدارانەی دەکا بە دژی دەسەڵاتی ئەو کاتی کۆستاریکا. جوامێری لە دوو توێی ئەم چیرۆکەدایە کە خوێنەر بە خوێندنەوەی لە واتای قووڵی ئەو چەمکە تێدەگا.

چیرۆکی ژمارە٣٢، لەژێر ناوی "دان بە راستیدانانی خزمەتکارێک" ج.م.ماچادۆدوئاسیس(١٩٠٨- ١٨٣٩) ی برێزیل(برازیل)ی نووسیویەتی. ئەم چیرۆکە دانپێدانانی خزمەتکارێک دەگێڕێتەوە کە زۆر سەرنجڕاکێشە. ئەو بەناچاری تووشی تاوان دەبێ و لە ئەنجامی ئەو تاوانەشدا لە باتی ئەوەی سزا بدرێ، دەبێتە خاوەنی سەروەت و سامان.

چیرۆکی ژمارە٣٣، چیرۆکی "دێمۆکراسی دوورەگە"یە. بلانکۆ فۆمبۆنا(١٨٧٤-١٩٤٤) نووسەری ڤێنزۆئێلایی ئەم چیرۆکەی نووسیوە. لەم چیرۆکەدا نووسەر چەمکی دێموکراسی دەخاتە ژێر پرسیار و بە شێوەیەکی سادە خوێنەر تێدەگەیەنێ کە هەر وترا هەڵبژاردن، ئیتر ئەوە واتای دێموکراسی و هەڵبژاردنێکی دێمۆکراتیک ناگەیەنێ. بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە، مەبەستی نووسەر زۆر بە روونی دەردەکەوێ.

چیرۆکی ژمارە٣٤، چیرۆکی "ساتیری کەر"ە کە رووبین داریۆ(١٩١٦- ١٨٦٧)ی خەڵکی نیکاراگوا نووسیویەتی. ئەم چیرۆکە لەو دنیا خەیاڵییە دەدوێ کە لە ئەفسانەکاندا باوە. ئەوەی سەرنجڕاکێشە، وتەی بوونەوەرەکانە کە یەکێکیان دنیا جوان دەکا و ئەویتر دەیکاتە وێرانە.

زمانی وەرگێڕان

بەڕێز حەمەمین مەجیدیان لەم وەرگێڕانەدا زمانێکی جوان و رەوانی هەڵبژاردووە کە دەکرێ شوێنگەی ئەو زمانە بە زمانی ناوەڕاست بناسرێ. ئەم رووبەرە لە بانەوە دەست پێدەکا تا دەگاتەوە سەقز و پاشان مەریوان، سلێمانی و شارەزوور. لەوێشەوە سەردەشت، خانێ، قەڵادزێ و سۆران و کۆیە دەگرێتەوە و تۆزێکیش سەر ئەکێشێتە ناوچەی گەرمیان بە هەر دوو بەشی رۆژهەڵات و باشوورییەوە.

زمانی نووسینی ئەو دەڤەرە، زمانێکی کوردیی پاراوە. لەباری بێژەکردنەوە بێ گرێوگۆڵە. خاوەنی وشە و دەستەواژەگەلێکی کوردی پەتییە. نووسەر بەم پاشخانەوە دەستی داوەتە پێنووس و چۆتە پێشوازی ئەو چیرۆکە بەناوبانگانەوە.

بۆ ئەوەی لەوە زیاتر درێژدادڕیم نەکردبێ، خوێندنەوەی کتێبەکە بە خوێنەران دەسپێرم و داوای تەمەندرێژی بۆ بەڕێز مەجیدیان دەخوازم و هیوادارم لەم کارە بەنرخەیدا بەردەوام بێ.

پێناسەیەکی کورتی وەرگێڕ

ناو: محەممەدئەمین مەجیدیان

لە دایک بووی ١٣٢١ی هـ (١٩٤٢ی ز) لە شاری بانە. خەریکی نووسینی تێز بۆ وەرگرتنی فەوقی لیسانسی زانستی سیاسی(علوم سیاسی) بوو کە شۆڕشی گەلانی ئێرانی بە سەردا هات و بوو بە پێشمەرگە. سەرەتا لە پاڵ کاری سیاسی لە ناوچەی بانە، لە بەشی پەروەردە لە ریزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دەستی بە چالاکی کرد؛ دواتر لە فێرگەی حیزب درێژەی بە خەبات دا. ئەندامی جێگر و پاشان کۆمیتەی حیزب بووە. لە دەستەی نووسەرانی "رۆژنامەی کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب دوو ساڵ کاری کردووە.کۆتایی ساڵی١٩٩٢ لەگەڵ بنەماڵەکەی لە وڵاتی نۆروێژ گیرسایەوە. لەو وڵاتەش جگە لە راپەڕاندنی کاری رۆژانە و بەشداری لە کۆڕوکۆبوونەوە و چالاکییەکانی کوردی رەوەندی نیشتەجێی نۆروێژ، ماوەیەک کاتی بۆ وەرگێڕانی کۆمەڵێک چیرۆکی بەناوبانگی دنیا کرد کە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. ئەم چیرۆکانە لە کتێبی "هەڵبژاردەیەک لە کورتە چیرۆکە کۆنەکانی دنیا" وەرگیراون.

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No:725 · 21 May 2018

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


# ڕۆژنامەی کوردستان بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی خاکەلێوەی ٩٧ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە دەسبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.

## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا:








### دەسبەسەر، بانگهێشت و زیندانیی کردن و حوکمی زیندان و ناڕوونی چارەنووسی زیندانیان:

ڕۆژی شەممە ١٥ی بانەمەڕ، ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنە، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، "نامێق باباخانی"، چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری سنەی بانگهێشت کرد ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری مەهاباد، چەند کەس لە بنەماڵەی ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی بانگهێشت و وێڕای هەڕەشەکردن لێیان پێی ڕاگەیاندوون، دەزانین لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا لەگەڵ منداڵەکانتان لە پەیوەندیدان.

ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بانە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بازاڕیانی مانگرتووی بانگهێشتی ئەو ناوەندە حکوومەتییە کردووە". هەروەها، ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری بانە بە بانگهێشت کردنی بازاڕیانی مانگرتوو، هەڕەشەی لەوان کرد کە کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بهێنن.

ڕۆژی سێشەممە ١٨ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی "ڕێزان باوەیسی" تەمەن ٢٨ ساڵ کچی عەزیز و "فاتمە باوەیسی" تەمەن ٢٦ ساڵ کچی محەممەدڕەحیم لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

مریەم ئەفراسیابی، دایکی شاعێری ئیلامیی "ژاکان باران"، بە هۆی گوشاری دەزگای ئیتلاعات و هەڕەشەکانی ئەو ناوەندە حکوومەتییە، ڕۆژی هەینی کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی سێشەممە ١٨ی بانەمەڕ، چالاکێکی کرێکاری و ئەندامی سەندیکای وەرزی و بیناسازیی شاری سنە بە ناوی "ئارمین شەریفی" بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کرا.

دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی "جەماڵ یووسفی" خەڵکی گوندی "موشیرئاوا" و "حوسێن ئیبراهیمحەمزە" کوڕی عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی "قەرەگۆل" سەر بە شاری بۆکان، سەرەڕای تێپەڕینی دوو ساڵ لە دەسبەسەرییان، چارەنووسیان هەتا ئێستە بە ناڕوونی ماوەتەوە.

دەفتەری دادگای ئەسڵی ٢٩ی یاسای بنەڕەتیی پارێزگای سنە، دەستی بەسەر میراتی چالاکێکی سیاسیی کورد بە ناوی "فاتێحساڵحی"، تەمەن ٤٠ ساڵ، کوڕی "عەلی"، خەڵکی شاری سەقز داگرت کە هەنووکە لە وڵاتی ئاڵمان دەژیت.

ڕۆژی شەممە ٢٢ی بانەمەڕ، فوئاد کەیخوسرەوی، زیندانیی کوردی خەڵکی شاری سەقز، بۆ تێپەڕاندنی ماوەی دەسبەسەرییەکەی ڕەوانەی گرتووخانەی ئەو شار کرا.

ڕۆژی شەممە ٢٢ی بانەمەڕ، هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم هێرشیان کردە سەر ماڵی شەهریار تەهماسبی، چالاکی مەدەنیی خەڵکی شاری کرماشان، بەڵام لە دەسبەسەر کردنی ناوبراو سەرکەوتوو نەبوون.

ئیدارەی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، هەڕەشەی دادگاییکردنی دووبارەی لە لاوێکی کوردی خەڵکی شاری دێهلۆڕان بە ناوی "یوونس باسرە" کوڕی لازم، کرد، هەروەها سێ هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی "ئەردەڵان" (غەریب)شەریفزادە، هێمن (ڕەحیم) حوسێنی و کامیل شەریفزادە" بۆ تێپەڕاندنی ماوەی زیندانییەکەیان بۆ زیندانی ناوەندیی شاری سەقز گوازرانەوە.

عەلیڕەزا سپاهیلایین، ڕۆژنامەنووس و شاعێری کوردی خەڵکی خۆراسان بە تۆمەتی "بێڕێزیی بە بەرپرسان و مەئموورانـ"ـی حکوومەتی لە لقی یەکی دادگای کەیفەریی ٢ی شاری کەلاتی نادری بە لێدانی ٧٤ قامچی مەحکووم کرا.

"فەروخ عەبدی"، چالاکی تێلگرامی خەڵکی شاری ورمێ، لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە سێ ساڵ زیندان مەحکووم کرا.

ڕۆژی شەممە ٢٩ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی "زەکەریا تەها" بۆ تێپەڕاندنی ماوەی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی ناوەندیی شاری شنۆ کرا؛ ئەو هاووڵاتییە کوردە، ساڵی ڕابردوو بە تۆمەتی "هاوکاریی لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیونی ڕێژیم"، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و دواتر لە دادگای ئینقلابی شاری شنۆ، هەر بەو تۆمەتە دادگایی و بە یەکساڵ زیندانی تەعزیری مەحکووم کرا.

کچە ڕۆژنامەنووسێکی کورد بە ناوی "دڵنیا مەحموودی"، تەمەن ٢٧ ساڵ خەڵکی شاری سنە، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەم شارە کرا.

ڕۆژی سێشەممە ٢٥ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "فاروق فیرووزی" خەڵکی گوندی "قەیلەسونـ"ـی شاری سەقز لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

### بەربوونەوە، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران:

١٥ی بانەمەڕ کاتژمێر ٨.٣٠ لە ئەنجامی ڕاودوونان و تەقەی هێزە نیزامییەکان لە کۆڵبەران، کۆڵبەرێکی خەڵکی شاری پیرانشار، بە ناوی "ڕەحمان تەفاخر" تەمەن ٤٥ ساڵ بە تەقەی هێزە نیزامییەکان و بەربوونەوە لە شاخی "کانی خوا"ی ئەو شارە بریندار بوو.

ڕۆژی ١٦ی بانەمەڕ، بە هۆی بەربوونەوە لە شاخی "سۆنیـ"ـی لە ناوچەی پاوە، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "محەممەد ڕەحمانی" ٣٤ ساڵە خەڵکی گوندی "لۆنـ"ـی شاری کامیاران گیانی لە دەست دا.

کۆڵبەرێکی کورد خەڵکی شاری پیرانشار بە ناوی "عومەر شەختانی" بە ڕووداوی هاتوچۆ لە نێوان جاددەی پیرانشار _ نەغەدە گیانی لە دەست دا؛ ئەو ڕووداوە ڕۆژی سێشەممە ١٨ی بانەمەڕ ڕوویداوە.

دۆخی تەندروستیی "موختار ئەمینی"، کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی شاری مەریوان، کە پێنج مانگ پێش ڕووی لە ملەی "تەتە"، یەکێک لە ناوچە سنوورییەکان هەورامان کردبوو و بە هۆی بەربوونەوە لە بەرزایی تووشی پچڕانی دەمار ببوو، ناسەقامیگرە؛ ئەو کۆڵبەرە کوردە خێزاندار و منداڵێکی تەمەن ٦ ساڵانی هەیە و دوای پێنج مانگ لەو ڕووداوە، بارودۆخی تەندروستی ناوبراو باش نییە و لە دۆخێکی زۆر دژوار لە ماڵی باوکیدا دەژیت.

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٥ی بانەمەڕ، هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم، لە ملەی "تەتە" ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کوردیان دایە بەردەسرێژی گوللە و لە ئاکامدا کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "مستەفا حاجی" بە توندی بریندار بوو.

ڕۆژی شەممە ٢٩ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی "عەلی حەسەنزادە"، خەڵکی گوندی "باڵاگێر" سەر بە شاری پیرانشار، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بوو.

ڕۆژی یەکشەممە ٣٠ی بانەمەڕ، "مەیسەم کەریم عەلی" تەمەن ٢٧ ساڵ خەڵکی شاری ورمێ بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی سپای پاسداران، لە بەرزاییەکانی "کێلەشین" گیانی لە دەست دا.

### خۆکوژی لە کوردستان:

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٦ی بانەمەڕ، سێ قوتابیی کچی قۆناغی دواناوەندی لە شاری نەغەدە، پێکەوە هەوڵی خۆکوژیان داوە. لە ئەنجامی هەوڵی خۆکوژیی ئەو سێ قوتابییە کچە، یەکێک لە قوتابییەکان کە شوناسی "س. پ" ڕاگەیەندراوە گیانی لە دەست دا، هاوکات یەکێکی دیکە لەو قوتابییانە کە شوناسی "پ. ق" ڕاگەیەندراوە، بۆ نەخۆشخانەی شاری ورمێ ڕاگوێزراوە و لە کۆمادایە.

ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی بانەمەڕ، پیاوێکی تەمەن ٦٠ ساڵ خەڵکی شاری مەریوان لە ڕێگەی خۆهەڵواسینەوە کۆتایی بە ژیانی هێنا.

ڕێکەوتی ٢٤ی بانەمەڕ، کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ خەڵکی گوندی "شیرواند" سەر بە بەخشی هلیلان سەر بە شاری چرداوڵ و کچێکی مێرمنداڵی تەمەن ١٧ ساڵ، خەڵکی گوندی "تازاوا"ی ناوچەی هیلیلانی پارێزگای ئیلام کۆتاییان بە ژیانییان هێنا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی بانەمەڕ، لاوێکی خەڵکی شاری کامیاران، بە ناوی ئارمین قوبادی بە هۆکارێکی نادیار هەوڵی خۆکوژی دا؛ کرێکارێکی کوردیش خەڵکی گەڕەکی ئیسلامئاوای شاری ورمێ بە هۆی بێکارییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

### بریندار بوون و گیان لە دەستدانی کرێکاران:

ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی بانەمەڕ، دوو کرێکاری کورد، لە کارگەی شیری بەفرین بە هۆی تەقینەوەی دیگەوە گیانیان لە دەست دا؛ شوناسی ئەو دوو کرێکارە کوردە، بە ناوەکانی "ڕەشید وەیسی" و "ئەحمەد قوولیپوور" ڕاگەیەندراوە.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٩ی بانەمەڕ، کرێکاری کورد خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری سەقز بە هۆی ڕووداوی کار گیانی لە دەست دا؛ شوناسی ئەو کرێکارە کوردە بریتییە لە "مەزهەر محەممەدیان" کوڕی مزەفەر خەڵکی گوندی "تیکانلوو".

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی هەینی ٢١ی بانەمەڕ، مێرمنداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵ بە ناوی "شایان فەرۆخی" خەڵکی گوندی "ژنێن" سەر بە شاری سەوڵاوا بە هۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکان هەر دوو دەستی لە دەست دا.

شەوی ٢٣ی بانەمەڕ، بە هۆی تەقینەوەی مینێکی بەجێماو لە سەر ڕێگای گوندی "دەستاڕە" کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "ڕەحمان ڕەسووڵی ئازەڕ" خەڵکی "گوڵاوێی" گوندی پیرانشار بە سەختی بریندار بوو.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "یادگار کەرەمیان" کوڕی سەعید خەڵکی گوندی "بایندەرە"ی شاری بانە بە تەقینەوەی مین بە سەختی بریندار بوو.

یەکێک لە کرێکارانی "فریاد جنوب" بە ناوی "عەزیزوڵڵا فیرووزی" کوڕی جەلال خەڵکی ئەفغانستان (بەڕێوەبەری گەڵاڵەی گواستنەوەی ئاو) لە ناوچەی "فەکە"، سەر بە شاری ئیلام، بە هۆی تەقینەوەی تەقەمەنییە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق بە توندی بریندار بوو.

ئێعدام:

دووشەممە ٢٤ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد، خەڵکی شارەکانی ماکۆ و ورمێ لە زیندانی ناوەندیی ئەو شارە لە سێدارە دران؛ شوناسی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە، بە ناوەکانی "خەلیل ئاگووش" خەڵکی شاری ماکۆ و "سوهەیل میربەخش" خەڵکی شاری ورمێ ڕاگەیەندراوە.

هەر هەمان ڕۆژ زیندانییەکی دیکە کورد کە بە تۆمەتی "کوشتنی بەئەنقەست" بە ئێعدام مەحکووم کرابوو، لە زیندانی ناوەندیی شاری ئیلام حوکمەکەی جێبەجێ کرا؛ شوناسی ئەو هاووڵاتییە بە ناوی "موجتەبا کەرەمیان" خەڵکی گوندی "میشخاس" سەر بە شاری ئیلام ڕاگەیەندراوە.